کۆمەڵە چیرۆک

# سنە لە شووقەی ٨٩ دا

زێنەب یووسفی

٢٠٢١ ـ سنە

سەنتەری تەکنەلۆژیا و ڕاهێنانی ئەوروپی

پرۆژەی چاپی ماڵی کتێب

زنجیرەی کتێب: (٣١)

ماڵی کتێب بە سپۆنسەری «سەنتەری تەکنەلۆژیا و ڕاهێنانی ئەوروپی ـ ETTC»، ئەم کتێبەی چاپ کردووە.




**کتێب:** سنە لە شووقەی ٨٩ دا

**نووسەر:** زێنەب یووسفی

**بابەت:** کۆچیرۆک

**دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک:** شۆڕش غەفووری

**نرخ:** ٣٠٠٠ دینار

**چاپخانە:** تاران

**چاپ:** یەکەم /٢٠٢١ی زایینی

**ژمارەی سپاردنی (٩٨٦) کتێبخانە گشتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی بۆ ساڵی ٢٠٢١ی زایینی دراوەتێ.**

# پێرست


**پێشەکی نووسەر** ٥
سنە لە شووقەی ٨٩دا ٦
پیاوێک کە بەردەوام خەو بە سەندرێلاوە دەبینێت ٣٤
شەرت بێت ئیدی نەهێڵم بگەڕێتەوە ٤٠
دەسکەوتی لافاوە ڕەشەکە ٤٦
ماچە مەستە سەرگەردانەکان ٥٨
تۆ سەرەتا شێت نەبوویت... ٧٠
دەلاقە (سێ بەشە) ٧٤
قەتارە فیشەک بوو یان قەتارە ئەسپ؟ ٩٢
پیاوێک لە ژێر ئاوی زەریاکانەوە ١٠٠
لەو شارە کە تێیدا ژیاوم ١٠٤
ژنێکیان لە ئاوێنەکەمدا کوشتبوو ١٠٨
دەنگی هەڵقرچاندنی مرۆڤ بوو یان قرچە قرچی ئاور؟ ١١٢
ئەو هەموو شاخە ١١٥

سنە لە شووقەی ٨٩ دا

# پێشەکی

لــە ٢٠٠٦ کــۆ چیرۆکێکــم لــە لایــەن دەزگای هەنــارەوە چـاپ کـرد بە نێـوی «لـە بازنـەی تەقەدۆسـدا». بەداخەوە لـە کاتـی پیتچنیـن وهەڵەگـری کتێبەکەمـدا لـە سـلێمانی نەبــووم و پــاش چــاپ کتێبەکــە بەدەســتم گەیشــت و تێگەیشــتم کــە تژییــە لــە هەڵــە تــا ئــەو ڕادەیــە کــە نەموێـرا کتێبەکـە بـە زۆری بـڵاو ببێتـەوە.

بـەم بۆنـەوە خەریکـم چیرۆکەکانـی ئـەو کتێبـەم یـەک بەیــەک لــە هەمــوو دەرفەتێکــدا دەگوازمــەوە نێــو کتێبەکانیـترم . بـۆ نموونـە نۆڤێلێتـی «دڵـی مۆقـەدەس»م گواسـتە دڵـی ڕۆمانێکمـەوە بـە نێـوی ‹‹دەبـێ ئـاگام لـە خـۆم بێـت» کـە لـە ٢٠١٢ لـە لایـەن دەزگای ئاراسـەوە چـاپ کـرا .

لــەم کۆمەڵــە چیرۆکــەش دوو چیرۆکــی «دەلاقــە»م کـە بریتیـە لـە سـێ بـەش و چیرۆکـی «ماچـە مەسـتە سـەرگەردانەکان»م هێناوەتـەوە. لەم ڕێگاوە نەمهێشـتووە ئـەو چیرۆکانـەم ببنـە قوربانـی هەڵەکانـی چاپەمەنیەکـە.

**زێنەب یووسفی**

**سنە ـ ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

سنه له شووقه‌ی ٨٩ دا

کـێ دەڵێـت سـنە›› شـایانی ئـەوە نەبـوو بـەو شـێوەیە بکوژرێـت؟ سـنە بـەو ئـاکارە کـە لـە ژیانـدا هەڵبیـژارد بـوو هـەر دەبـوا لـە داهاتـوودا وای بـە سـەردا بێـت.
لەوانەیـە ئەگـەر ماڵـی سـنە لـە چـوار باخـدا نەبوایـێ ، ڕەنگـە هەرگیـز ئـەو بەسـەرهاتەی وا ڕەش و تاریـک دەرنەدەچـوو ، یـان ئایـا ماڵـی خـودا کاول دەبـووەوە ئەگـەر سـنە هـەر بـە مردنـی لـە دایـک ببوایـێ چوونکـە ئیـدی ئـەو هەمـوو چەرمەسـەرییە نەدەهاتـە ڕێگایـدا. ئـاای لـە جوانییـە سـووتێنەرەکەی ‹‹سـنە›› بەڕاسـتی کـەس نەیدەتوانـی پڕ بـە چـاو سـەیری بـکات. پـوورە مینـا دەیگـوت›› لـە ئاکامـدا ئـەو جوانییـەی ببـوو بـە بایسـی››.
جـار و بـار ئێـواران سـنەیان قوڵبەسـت دەکـرد و دەیـان بـردە کەڵانتەرییەکـەی سـەر جـادە چۆڵەکـە. ئەفسـەری ئیشـکچی بـە دیتنـی سـنە لـە خۆشـیدا وەختـە بـوو دەسـبکاتە هەڵپەڕکـێ و بـزە دەنیشـتە سـەر لێوانییـەوە و ورشـەی چاوانـی وەکـوو دوو گڵۆپیـان لـێ دەهـات دەتگـوت ئـەو دوو چـاوە هۆڵـی کەڵانتەریەکەیـان ڕوونـاک کردووەتـەوە.
براکانـی سـنە بـەردەوام لـە دوویـدا وێـڵ بـوون و ڕاکـە راکەیـان بـوو. هـەر ڕۆژێکـو بـە جـۆرێ کێشـەی سـنە داوێنگیریـان دەبـوو.

کەڵانتەری=پازگا

ڕۆژێ هه‌واڵیـان پێده‌گه‌یشـت کـه ‹› سـنه‌یان گرتـووه و وه‌رن ڕزگاری بکـه‌ن›› . ڕۆژێکیـتر تێلیـان بـۆ ده‌کـرا کـه ‹›وه‌رن بگه‌نـه فریـای سـنه‌وه چوونکـه مه‌سـتی کـردووه و خه‌ریکـه لـه نێـوان کۆلانه‌کـه خـۆی ڕووت ده‌کاتـه‌وه›› .

جـار و باریـش ژنـه دراوسـێیه‌کان ده‌هاتنـه بـه‌ر ده‌رگا و بـه قیـژه قیـژوه ده‌یانگـوت›› سـنه خـۆی خسـتووته ماڵـه‌وه و لـه گـه‌ڵ کوڕه‌که‌مانـدا خه‌ریکـه ‹›پایـپ›› ده‌کیشـێت.›› خولاسـه ڕۆژ نه‌بـوو سـنه فه‌رته‌نه‌یێکـی سـاز نه‌کردبایـێ و بـراکان و دایکـی پێیـه‌وه نه‌پلکاندبایـێ.

هه‌رکـه پـای سـنه بـۆ که‌ڵانته‌رییـه‌کان کرایـه‌وه و مه‌عمـووره‌کان فێری ماڵیـان بـوون ئیـدی براکانـی سـنه نه‌ده‌چوونـه دوویـدا و وازیـان لـێ هێنـا بـوو . دایکیشـی بـه ده‌گمـه‌ن رێـگای ده‌دایـه ماڵـه‌وه. سـنه‌ی قـوڕ به‌سـه‌ر بـه‌و هه‌مـوو جوانییـه‌وه سـه‌رگه‌ردانی کووچـه وکۆڵانه‌کانـی شـار ببـوو. هـه‌ر شـه‌وێکو لـه ماڵێکـدا ڕۆژی ده‌کـرده و زۆربـه‌ی شـه‌وانیش ئه‌گـه‌ر ئه‌فسـه‌ره ئیشـکچییه فارسـه‌که‌ی که‌ڵانتـه‌ری شـه‌وکار ببوایـێ مه‌عمووره‌کانـی ده‌نـارده دووی سـنه‌دا و لـه هـه‌ر کـوێ ببوایـێ وه‌گیریـان ده‌خسـت و قۆڵبه‌سـتیان ده‌کـرد و ده‌یانهێنایـه که‌ڵانته‌رییـه‌وه. ئه‌فسـه‌ری ئیشـکچیش پـاره‌ی له‌فـه کڕینـی ده‌دایـه مه‌عمووره‌کانـی به‌رده‌سـتی تاکـوو خـۆی و سـنه بـه ته‌نـێ بمێننـه‌وه. پاره‌کـه‌ی ده‌دایـه ده‌سـتی یه‌کێکیـان و بـه‌رز ده‌یگـوت: ‹›چیـز برگـر››› و›› کـۆکا›› بکـڕن، بـۆ مـن و ئه‌مـه‌ش دوو قـل بهێننـه‌وه.» و پاشـان لـه بـه‌ر خۆیـه‌وه چپـه‌ی ده‌هـات وسـه‌ری بـه‌ره‌و سـنه ڕاده‌وه‌شـاند ، لـه کاتێکـدا خـۆی بـه مۆبایله‌که‌یـه‌وه خه‌ریـک ده‌کـرد. مه‌عمووره‌کانیـش کـه جـوان لـه مه‌به‌سـتی

ئەفسەرەکە تێدەگەیشتن خێرا ئەو دووانەیان بە جێ دەهێشت و بۆ سێ یان چوار کاتژمێر نەدەگەڕانەوە.
سنە فرە فرە جوان بوو . تازە حەڤدە سالّی تەواو کردبوو . تازە فێر ببوو چاوانی بڕژێت و سەر کۆڵمی سوور بکات و بە خەمزەوە بۆ دەوروبەری بڕوانێت پوورە مینا دەیگوت «سنە جوانترین منالّمە.» براکانی دەیانگوت «ئەوە بۆ چاوانت ڕەش دەکەیت خۆشکێ تۆ خۆت چاوت ڕەشە ئیدی چ ....» پوورە میناش خێرا قسەی پێیان دەبڕی و دەنگی نێر دەکردەوە و دەیگوت»»گووی مفت مەخۆن ،کەس کاری بە سەر سنەوە نەبێت..کەستان ..هیچکامتان... ««
براکانی لە ڕاستیدا لە سنە دەترسان . چوونکە بەردەوام ئاژاوەی بۆیان دەنایەوە و ئەوان ناچار بوون لە سەر سنە لە گەڵ گەنجانی گەڕەک دەستەو یەخە بن . دایکیشیان بەردەوام پشتگیری لە سنە دەکرد.سنە ڕۆژان دەچووە نانەواخانەکەی چوار باخ و هەموو ڕۆژێک هەشت « سەنگەکی» سیاوەڵە کراوی دەکڕی و دەیهێنایەوە بۆ ماڵ . واتە سنە لە ماڵ خۆیاندا کرابووە بەرپرسی کڕینی نانی ماڵ ، چوونکە براکانی هەموو بەرەبەیانێک دەچوونە سەر ئیش و کاریان بەرانبەر بە گۆڕستانی بەهەشتییەکان. ئەوان لەوێ یان گوڵیان دەفرۆشت یان گوڵاو. شەوانی هەینی و شەوانی جێژن براکانی سنە زۆر سەرقاڵ دەبوون و گوڵ و گوڵاوی زۆریان دەفرۆشتە خەڵکی خاوەن مردووەکان و پارەیەکی باشیان وەچنگ دەخست.
سەنگەکی=جۆرە نانێکە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و بە گشتی لە ئێراندا زۆر کەس حەزیان لێیە.

پـووره مینـا هـه‌ر کـه شـه‌وانی هه‌ینـی و جێـژن ده‌گه‌یشـت زڵـه زڵ ده‌که‌وتـه چاوانـی ولـه په‌سا زمزمـه‌ی ده‌کـرد:›› ئێمـه لـه قنگـی مردووه‌کانـه‌وه نـان ده‌خۆیـن.‹‹›

پـووره مینـا هه‌ڵبـه‌ت بـه‌رده‌وام سـه‌ری سـووڕ ده‌مـا و بیـری لـه‌وه ده‌کـرده‌وه کـه ‹›بۆچـی ڕۆژانـی جگـه لـه هه‌ینـی و جێژنیـش کوڕه‌کانـی هـه‌ر خرینگـه‌ی پاره‌یـان دێـت و گیرفانه‌کانیـان تژییـه لـه ورده پـاره بـه جۆرێـک کـه لـه کاتـی هه‌نـگاو هه‌ڵگرتنـدا گیرفانـی پانتۆڵـه کوردیه‌کانیـان وه‌کـوو مه‌مکـی ژنـان لـه هه‌ڵبـه‌ز و دابـه‌زدا دایـه. پـوره زمزمـه‌ی ده‌کـرد :››گوایـه ئـه‌م خڕینگـه خڕینگـه‌ش هیـن ده‌ر قنگـی مردووه‌کانـه؟‹‹

پـووره بـه‌س زاتـی نه‌ده‌کـرد ئـه‌و وته‌یـه بگه‌هێنێتـه گوێـی کوڕه‌کانی ، ئـه‌و کوڕانـه کـه هه‌نـدێ جاریـش حه‌مباڵییـان ده‌کـرد و بـه‌ردی گۆڕیـان جێبه‌جـێ ده‌کـرد.

نـان کڕینه‌کـه‌ی سـنه هه‌مـوو ڕۆژێـک سـێ کاتژمێـری ده‌خایانـد و لـه‌و مـاوه‌دا شـاگرده‌کانی نانه‌واخانه‌کـه و ته‌نانـه‌ت شـاتره‌که‌ش چاویـان لـێ ده‌قرتانـد و لۆنـی ده‌هـه‌زار تمه‌نیـان پـێ پیشـان ده‌دا. بـه‌س سـنه ته‌نیـا بزه‌یه‌کـی نـاز ئالـوودی ده‌بـرده وپشـتی لێیـان ده‌کـرد.

هـه‌ر کـه که‌ڵانتـه‌ری چـۆڵ ده‌کـرا ئه‌فسـه‌ر بـه‌و پـه‌ڕی ڕزامه‌ندییـه‌وه بـه‌ره‌و سـنه وه‌رده‌سـووڕاییه‌وه و بـه ناوچاوێکـی گـرژه‌وه پرسـیاری ده‌کرد:››نێـوت؟‹‹.

سـنه هیچـی نه‌ده‌گـوت. ئه‌فسـه‌ر ده‌یپرسـییه‌وه :››نێـوی ناسـنامه‌ت؟‹‹.

سـنە مـات و بێدەنـگ هـەروا سـەیری ئەفسـەرەکەی دەکـرد. نـاکاو ئەفسـەرەکە مسـتی دادەکوتایـە سـەر میزەکـە و دەینەڕانـد :»‹لاڵـی؟‹› .

سـنە پێڵـۆی لێـی چـرچ دەکـرد و هـەروا بـۆ ئـەوی دەڕوانـی . لێپرسینەوەیەکی یاسایی. ئەفسـەرەکە نـاکاو هەڵدەسـتایە سـەر پـێ و بـەرەو سـنە دەڕۆیشـت و بـە قینـەوە ڕوومەتـی لـە دەم وچـاوی سـنە نزیـک دەکـردەوە و پـاش چەنـد چرکـە نـاکاو لـە پریقـەی پێکەنینـی دەدا وبـە قاقـا خـۆی دەخسـتە پشـتا و دەیگـوت :»› بـە خـوا ئەمجـارە بـڕوات کـرد و پێتـوا بـوو بەڕاسـتمە.‹›
بـەرز پێدەکەنـی و سـنەش هیچـی نەدەگـوت و بێدەنـگ وەکـوو خـۆی دەمایـەوە. ئەفسـەرەکە لـە پـڕ دەسـتی سـنەی دەگـرت و بـەرەو ژوورەی خـۆی دەیـبرد و ئەویـش بـێ هیـچ کاردانەوەیـەک لـە دووی کابـرای ئەفسـەردا دەڕۆیشـت . نزیکـەو ساڵێک بـوو کـە ئـەو یارییـە لـە نێـوان ئەفسـەری ئیشـکچی و سـنە دەسـتی پـێ کردبـوو. ئەفسـەرەکە هەسـتی دەکـرد لـە ناخەوە عاشـقی سـنەیە . حـەزی لێی بـوو و جـار وبـار بـە بۆنـەی دەسـتگیر کردنـی خەڵکانـی ئالـوودەی شـەقام و گەڕەکەکانـی چوارباخـەوە داوی بـۆ سـنە دەناییـەوە وەدەیخسـتە گیـر . مەعموورەکانـی ئەفسـەر شـەوانە سـنەیان بـۆی دەبـرد و ئەویـش بـە خەمـەوە لـە گـەڵ سـنەدا جـووت دەبـوو و هەناسـە داخ و تاسـەبارەکەی باسـی لـە عەشـقە یاخییەکەیـەوە دەکرد بەرانبـەر بـە سـنەی ئالـوودە . ئـەو ئیـدی بـڕوای بـەوە هێنـا بـوو کـە هەرگیـز ناتوانێـت سـنە لـەو بارودۆخـە ناحـەزە ڕزگار بـکات. چـاک تێگەیشـتبوو چ ژیانێکـی سـامناک لـە پێـش ڕووی سـنەدایە. بۆیـە خەمـی بـۆی دەخـوارد و بەرانبـەر بـەو وەزعـە هیچـی پـێ نەدەکـرا

. هه‌ڵبـه‌ت ئه‌فسـه‌ره‌که سـه‌ره‌تا کـه سـنه‌ی بینـی لـه دڵـه‌وه حـه‌زی پێکـرد، وا نه‌بـوو کـه سـنه‌ی ته‌نیـا بـۆ سـێکس و له‌زه‌تـی جنسـی ویسـتبێت. جوانییـه لـه ڕاده‌به‌ده‌ره‌کـه‌ی سـنه شـێتی کردبـوو. پـاش یـه‌ک دوو جـار گرتـن و برتـن ، ئه‌فسـه‌ره‌که بـۆ به‌رمـاڵ سـنه ڕۆیشـت و زۆر بـه جـددی له‌گـه‌ڵ پـووره مینـادا باسـی لـه سـنه‌وه کـرد. باسـی لـه‌وه کـرد کـه ده‌توانێـت لـه‌و بارودۆخـه ڕزگاری بـکات. گوتبـووی لـه گـه‌ڵ ناوه‌ندێکـی ئێگجـار باشـی وازهێنـان لـه ماده‌هۆشـبه‌ره‌کان قسـه‌ی کـردووه تاکـوو سـنه ببه‌نـه ئـه‌وێ و بـۆ مـاوه‌ی چـل ڕۆژ لـه‌و ناوه‌نـده دایبنێـن.

گوتبووی:››پووره جان حه‌تمه‌ن سنه‌رو خووب میکۆنه‌م .«

واتـه پـووره گیـان بـه دڵنیاییـه‌وه سـنه خۆشـه‌وه ده‌کـه‌م، پـووره تێده‌گه‌یشـت و وڵامـی نه‌ده‌دایـه‌وه . هـه‌ر ئـه‌وه نه‌بێـت سـه‌رێکی ده‌جوڵانـده‌وه وچیـتری نه‌ده‌گـوت.

پـووره به‌هـه‌ر حاڵێـک بـوو ڕازی کـرا کـه سـنه ببه‌نـه ئـه‌و شـوێنه کـه ئه‌فسـه‌ره‌که باسـی لێیـه‌وه کردبـوو . سـنه‌یان ڕاسـپارده ناوه‌نـدی وازهێنـان لـه مـاده هۆشـبه‌ره‌کاندا . نـه‌ک یه‌کجـار به‌ڵکـوو دوو جاریـش، لـه مـاوه‌ی هه‌شـتا ڕۆژی ڕه‌بـه‌ق سـنه لـه‌و ناوه‌نـده خه‌وێنـدرا و خوێنـی خاوێـن کرایـه‌وه تـا ئـه‌و ڕاده‌یـه کـه توانـی واز لـه مـاده هۆشـبه‌ره‌کان بێنێـت بـه‌ڵام ته‌نیـا بـۆ یـه‌ک حه‌وتـه ، ته‌نیـا یـه‌ک حه‌وتـه خـۆی بـۆ ڕاده‌گیـردرا. پـاش یـه‌ک حه‌وتـه خـۆی لـه ئه‌فـه‌سری ئیشـکچی کـه عه‌شـقی سـنه‌ی لـه دڵـدا بـوو ده‌دزییـه‌وه و ده‌چـووه سـه‌ر قه‌بـران بـۆ پایـپ کێشـان.

یه‌کـه‌م که‌سـێک کـه بـه نێـوان کـوڕه شـاتره‌که و سـنه زانـی پـووره مینـا بـوو چوونکـه نامه‌یه‌کـی لـه نێـو جاناتاکـه‌ی سـنه ده‌رهێنـا

بــوو و شــەل و کــوت نامەکــەی خوێندبــوو . پــوورە  بــە منداڵــی تــا ڕادەیــەک فێــری خوێنــدن کــرا بــوو بۆیــە توانــی لــە ناوەڕۆکــی ئــەو نامەیــە تێبگەیــەت . نامەیەکــی عاشــقانە بــوو. پــوورە بێدەنــگ نامەکــەی سووتاند و شــەو هەرکــە  کوڕەکانــی  بــە گیرفانــە تــژی لــە پارەکانیانــەوە  گەڕانــەوە  بــۆ مــاڵ ، بــەرز تــا ئــەو ڕادەیــە بــەرز کــە ســنەش ببیســێت گوتــی:›› خۆتــان ئامــادە بکــەن ســنە خوازیــاری بــۆ دێــت... زەماوەندمــان لــە پێشــدایە.›› ســنەش بیســتی و ڕەنــگ بێــت و بــە ڕۆخســاریەوە نەمــا . پەلامــاری بــۆ جانتاکــەی دا و لــە نامــە گــەڕا بــەڵام  نامــەی بــۆ نەدۆزرایــە .  بــراکان پێکەنیــن و پێکــەوە گوتیــان:›› خێــر بێــت ئیشــاڵا ...پیــرۆزە››.

کــێ بیــری لــەوە دەکــردەوە ســنە لــە نێــوان زبڵەکانــدا لەشفرۆشــی بــکات. کــوڕە شــاتری ئالــوودە پــاش ئــەوە کــە سنەشــی ئالــوودە کــرد و ســەرگەردانی کــۆڵان و شــەقامەکانی شــار ببــوون ، ســنەی لەســەر قەبــران یــان لــە  نێــوان زبڵدانەکانــی دەرەوەی شــاردا ڕادەگــرت و هەمــوو شــەوێک لــەوێ پێکــەوە دەنووســتن. نیوەشــەوان کــە کۆڵانــەکان چــۆڵ دەکــران  هەردووکیــان وەکــوو پشــیلە خوێڕیــەکان دەچوونــە پەنــای گردێــک لــە  زبــڵ و لــەوێ پێکــەوە سێکســیان دەکرد و  لــە قاقایــان دەدا و مەســت و بێخەبــەر لــە دار و دونیــا  خۆیــان دەپلکانــدە چ زبــڵ و عەلاگــە دادڕا و تویکڵــە میــوە و هەمــوو شــتە پیســەکانیترەوە و پاشــان ئاســوودە و ئــارام  تاکــوو بەیانــی  دەنووســتن و بەیانــی دەمــەو نیــوەڕۆ بــە ژانــە ســەرەوە ڕۆژیــان دەکــردەوە و لــە دووی مــادەی هۆشــبەر وپــارەوە نانێــک  لــەم کــۆڵان بــۆ ئــەو کــۆڵان دەســووڕانەوە ، یــان دزییــان دەکــرد یــان ســواڵکەری جــار وباریــش کوڕەشــاتر ســنەی دەدایــە گانــدا لــە پەنــای شــوورایەکی بــەرزی کۆڵانە

چـۆڵ وهۆڵەکانـدا یـان لـە پەنـای گـردە زبڵـدا ، هیـچ جیاوازییەکـی تێـدا نەبـوو کـە ئـەو لەشفرۆشـییە لـە کـۆێ ڕوو بـدات گرینـگ تەنیـا بـڕە پارەیـەک بـوو کـە لـە پێنـاو لەشفرۆشـیەکانی سـنەدا وەچنگیـان دەخسـت وڕۆژەکانیـان پێیـەوە دەگوزەرانـد.

پـووره مینـا هەسـتی کردبـوو کـە ئـەو هەمـوو پارەیـە لـە گـوڵ و گـوڵاو فرۆشـتن وەدەسـت ناکـەون ، بۆیـە هەنـدێ ڕۆژ هەرکـە کوڕەکانـی لـە مـاڵ دەردەچـوون وەدوویانـدا دەکـەوت و بـێ ئـەوە خـۆی ئاشـکرا بـکات تەکسـییەکی دەگـرت و بـە شـوێنیاندا دەڕۆیشـت. پـووره پـاش چەندیـن جـار کـە لـە دووی کوڕەکانیـدا ڕۆیشـت بـۆی دەرکـەوت کـە ئـەوان تەنیـا شـەوانی جێـژن و هەینـی بـە فرۆشـتنی گـوڵ و گـوڵاودا خەریکـن و ڕۆژەکانیـتر بـەرە بەیـان دەڕۆنـە بینـا بەرزەکـەی بەرانبـەر بـە گۆڕسـتان و لـەوێ یـەک دوو کاتژمێـر دەمێننـەوە و پاشـان لـە ماتـۆڕە کۆنەکەیـان سـەردەکەون و بـەر ئـەو شـوێنانە کـە پـووره نەیدەزانـی کوێنـەن لێدەخوڕیـن . لـەو ڕۆژانـەدا کـە پـووره ئیـدی نەیدەتوانـی شـوێنی کوڕەکانـی هەڵبـکات ، نزیکـەو ئێـوارە دەگەڕایـەوە بـۆ مـاڵ و کـە چـی دەیـدی هـەردوو کوڕەکـەی بـە گیرفانـە لێوانلێوەکانیانـەوە لـە ژوورەکـە دانیشـتوونە و خەریکـی خواردنـن و زۆر بـە ڕووخۆشـییەوە سـڵاویان لـە دایکیـان دەکـرد و دەیانگـوت «دایـە ئەمـڕۆ گـوڵ وگولاوێکـی ئێگجـار زۆرمـان فرۆشـت، بـڕوا بکـە زۆر ماندووینـە زۆررر». پـووره مینـاش دەتگـوت لێوەکانیـان دووراندووەتـە یەکـدا هیچـی نەدەگـوت و چـاوی دەبڕیـە گیرفانـی کوڕەکانـی کـە وەکـوو مەمکـی گـەورە کچـان هەڵماسـی بـوون و لـە کاتـی هەنـگاو هەڵگرتنیانـدا شـەپە شـەپیان بـوو.

سـنە یـەک نووکـە دەرزی لـە بارودۆخـی خـۆی تێنەدەگەیشـت.

هـەر بیـری بـەلای ئـەوەدا نەدەڕۆیشـت کـە ئایـا دەکرێـت ئـەو بـە شـێوەیەکیتر ژیـان بباتـە سـەر؟ ئایـا جگـە لـە ئـەو وەزعـە دەکرێـت بـە ئوسـلووپێکیتر گـوزران بـکات؟ سـنە پێـی وابـوو لـە سـەر تەختـی پاشـایەتیدایە و جوانتریـن و خۆشـترین ژیانـی هەیـە. هەسـتی دەکـرد هەمـوو پیاوانـی ئـەو دونیایـە عاشـقی ئـەون وحـازرن لـە ڕێـی خەمزەیەکـی ئـەو بمـرن. پێـش لـە ئالـوودە بوونیشـی هـەروا بیـری دەکـردەوە . لـەو ڕۆژەوە کـە لـە جوانییـە بـێ هاوتاکـەی تێگەیشـت غـروور هەمـوو ڕۆح و دەروونـی ئاخنـی . پێیـوا بـوو شـاجوانی ئـەو دونیـا خۆیەتـی. دایکیشـی وا فێـری کـرد بـوو کـە دەتوانێـت لـە ڕێـی ئـەو جوانییـەدا بگاتـە هەمـوو داخوازێکـی . ئەگـەر لـە کاتـی پیاسـەدا کـوڕە گەنجێـک لـە تەنیشـتی ئـەودا تێپەڕیبایـێ و سـەیری ئەمـی نەکردبایـێ ئیـدی خەریـک بـوو خـۆی شـڕ بـکات ، لـە ئەنقەسـت وای دەکـرد کـە کابـرای ڕێبـوار بـەرەو ئـەم بسـووڕێتەوە وسـەیری بـکات .

یەکـەم قوربانییەکانـی سـنە براکانـی بـوون چوونکـە تـا دەیتوانـی خـۆی هەڵدەکشـایە سـەریاندا، بایەخـی بـە قسـەیان نـەدەدا و قسـە قسـەی خـۆی بـوو لـە ماڵـدا. براکانـی لـە ئـەو گەورەتـر بـوون بـەڵام زاتیـان نەدەکـرد لەبـەری فزەیـان بکـەن. بەرانبـەر بـە هـەر داخوازێکـی ئەگـەر بیانگوتبایـێ نـا، سـنەی جنێـو بـاز بـە قسـەی خـراپ و قیـژە ، قیـژ لێیـان بەردەبـوو و لـە هەمـوو وتەیـەک پەشـیمانیانی دەکـردەوە . پـاش براکانـی نـەوەرەی هاوڕێیەکانـی گەیشـت بـە تایبـەت هەسـارەی هاوپۆلـی . کـە دەڕۆیشـتنە پیاسـە و بـازاڕ زۆر فەخـری دەفرۆشـتە هەسـارە و ئەوانیـتر و هاوپۆلەکانـی بەرانبـەر بـە هەمـووان سـووک دەکـرد و پێیانـی دەگـوت «کچـە

گه‌مژه‌كان ‹› یان ‹›گرووپی ناشیرینگه‌ل. ‹› هێدی،هێدی هاوڕێیانی دووریان لێگرت وبه ته‌نێ مایه‌وه. هه‌ساره‌ش هه‌ركه بیستی سنه ئالووده كراوه خۆی لێ دوور خسته‌وه . سنه به تاق و ته‌نیا مایه‌وه. پاش ئه‌وان پووره مینا كه‌وته به‌ر په‌لاماری غروور و تانه وته‌شه‌ره‌كانی سنه‌ی ئالووده‌وه تا ئه‌و ڕاده‌یه كه جار وبار هه‌ركه تووڕه هه‌ڵده‌گه‌ڕا له دایكی ده‌دا و به شه‌ق لێی به‌رده‌بوو وجنێوی زۆری پێده‌دا . له كۆتاییشدا له گه‌ڵ كوڕه شاتر له ماڵ ده‌رچوو و ئیدی وه‌كوو كچی ئه‌و ماڵه نه‌گه‌ڕایه‌وه بۆ لای دایكی . له‌و كاته‌دا دایكی تێگه‌یشت كه سنه ئیدی خراپ بووه خراپ.

هه‌رگیز براكانی بیریان له‌وه نه‌ده‌كرده‌وه سنه‌ی هه‌ژار وای لێبێت و له‌شی بایی توسقاڵێ تلیاك یان شووشه بفرۆشێت . كوڕه شاتر كڕیاڕی بۆی ده‌نایه‌وه وله هه‌ر كون و قوژبنێك كه ده‌ستبكه‌وتبایێ سنه‌ی ده‌دایه گاندا و پاره‌ی پێ ده‌رده‌هێنا. سه‌ره‌تا نه‌یده‌هێشت كه‌س ده‌ستی بۆ ببات و به ته‌نیا خۆی له‌گه‌ڵیدا بوو. پاش ئه‌وه كه له ماڵ ڕفاندی تا ماوه‌یه‌ك ته‌نیا خۆی له‌گه‌ڵیدا ده‌نووست. نزیكه‌و مانگێك سنه‌ی ده‌برده نانه‌واخانه‌كه و بێ ئه‌وه كه‌س پێی بزانێت به‌ره‌به‌یان ده‌یهه‌نارده ده‌ره‌وه تاكوو ده‌مه‌و ئێواران كه هه‌مدیسان ده‌یهینایه‌وه و پێكه‌وه بوون تاكوو به‌یانی ؛ به‌ڵام زۆری نه‌خایاند كه خاوه‌ن كاره‌كه به‌و ئاكاره‌یانی زانی و كوڕه‌شاتری ده‌ركرد و ئیدی له‌و ڕۆژه‌وه هه‌ردووكیان ئاواره‌ی ده‌ر و ده‌شت و كۆڵان و شه‌قامه‌كان بوون. بۆ ماوه‌یه‌ك خۆیان خسته ماڵی هاوماڵ و هاو پیاڵه‌كانیانه‌وه به‌ڵكوو كوڕه‌كه ئیشێك بدۆزێته‌وه به‌س ئالووده

بوونەکەیـان  نەیدەهێشـت لـە سـەر هیـچ کارێـک  بگرسـێتەوە و سـەقام بگرێـت. چـەن ڕۆژو جارێـک لـە شـوێنێکدا کاری دەکـر د و پاشـان پێیـان دەزانـی کـە چکارەیـە وخێـرا دەریـان دەکـرد . لـە مـاڵ ڕفیـق و هاوشانەکانیشـیدا  نەیاتوانـی فرەتـر لـە چەنـد ڕۆژێـک بمێننـەوە و هەمدیسـان دەرکـران و ئیـدی نـە پارەیـان بـۆ مابـووەوە و  نـەک شـوێنی مانـەوە، بۆیـە کـوڕە شـاتر دەسـتی کـردە سـوود وەرگرتـن لـە جەسـتەی سـنە. ئایـا براکانـی لـە ڕاسـتیدا نەیاندەزانـی سـنە چۆناوچـۆن ژیـان دەگوزەرێنێـت؟

سـەرەتا کڕیـاڕەکان زۆر زەوقیـان  لەسـەر سـنەدا بـوو  وپـارەی باشـیان بـۆ نووسـتن لـە گەڵیـدا تەرخـان دەکـرد . بۆیـە  ئـەو دووانـە فەترەیـەک  توانیـان  خانوویـەک  بگرنـە  کرێ و لـە ماڵـدا کڕیـارەکان دەچوونـە سـەر سـنە.

پـوورە مینـا بـەردەوام سـەری لـەو هەمـوو پارەیـە کـە کۆڕەکانـی خڕیـان  دەکـردەوە  سـووڕ دەمایـەوە .› ‹‹ئایـا ئـەو هەمـوو پارەیـە لـە دەرقنگـی مردووەکانـەوە وەسـت دەکەوتن؟››،››ئایـا ئـەو هەمـوو سەرخۆشـییە  تەنیـا  لەسـەر گـوڵ  و گـوڵاو فرۆشـتنی سـەر قەبرانـەوە بـوو؟›› ، «ئایـا کوڕەکانـی حەمباڵـی بـەردی سـەر قەبـران بـوون یـان حەمباڵـی بـەردی سـەر خەزێنـە کـە توانیبوویـان ئـەو هەمـوو پارەیـە  خـڕ بکەنـەوە ؟». پـوورە مینـا زاتـی نەدەکـرد ئـەو پرسـیارانە لـە کوڕەکانـی بپرسـێت چوونکـە لەوانـە بـوو ئیـدی پـارە و مـارە فتتتتتتتتـت.

کـوڕە شـاتر ئامـادە  نەبـوو بچێتـە  داوای سـنەوە . سـنە  هەرکـە بیسـتی کـوڕە شـاتر بـە بێشرمییـەوە دەڵیـت :›› مـن ژن خـواز نیـم›› مـات و بێدەنـگ  لـە ژێـر لێویـەوە زمزمـەی کـرد:›› ئـەی مـن چ

بکـەم؟ « گـوڕە پێکەنـی وگوتـی:» جـارێ بیـر لـە هیـچ مەکـەرەوە .. وەرە بزانـە چیـم بـۆت کڕیـوە « ... و لـە لێـواری تاقەکـەوە باکسـێکی هێنایـە خـوارێ و کردیـەوە، گووشـیە مۆبایلێـک بـوو. بزە نیشـتە سـەر لێوانـی سـنە و هەمـوو تاریکاییەکانـی دونیـای ڕوونـاک هەڵگەڕانەوە . کـوڕە شـاتر لـە حاڵێکـدا دەمـی خسـتبووە نێو دەمی سـنەوە دەسـتی کـردە ژێـر تەلیسـی ئاردەکـە و گرمۆڵەیەکـی دەرهێنـا. سـنە بـە چاوی پـڕ لـە مەسـتییەوە بـۆ دەسـتی کوڕەکـەی ڕوانـی. کـوڕە لـە تـۆی گرمۆڵەکـە شـتێکی دەرهێنـا و گوتـی :›› ئەمـە پایپـە»» مـن عاشـقی پایپـم ، کـە مژێکـی لـێ بـدەم دونیـام لـێ دەبێتـە بەهەشـت..دونیام دەبێتـە تـۆ..»

بەرانبـەر بـە گـۆڕسـتانی بەهەشـتییەکان بینایـەک کـرا بـووە و کـوڕە جەهێڵێـک کـرا بـووە مودیـری بیناکـە و کـەس نەیدەزانـی ئیـش وکاری کـوڕە جەحیـل چییـە و ئـەو بینایـە لـە سـەر چـی خراوەتـەوە. جەحیڵەکـە لـە پشـتی میزەکـە دادەنیشـت و لاسـایی مودیـر و بەرپرسـەکانی دەکـردەوە و هەنـدێ بـەرد و قاپـی وێنـەی مردووەکانـی لـە تەنیشـتی کۆڵەکانـی هۆڵەکـەوە دانـا بـوو و بـەردەوام خەریکـی مۆبایلەکـەی بـوو، یـان تێلـی دەکـرد یـان تێلیـان بـۆ دەکـرد. هەمـوو بـەرە بەیانێـک سـەرەتا پیـش لـە هەمـوو ئیـش و کارێـک براکانـی سـنە دەچوونـە خزمەتـی کـوڕە جەحێـڵ و بـەرز سـەلامیان لێـی دەکـرد و دەم بـە پێکەنیـن لێـی نزیکـەوە دەبوونـەوە و جەحیلەکـەش بـێ ئـەوە وڵامیـان بداتـەوە و تەنانـەت سـەیرێکیان بـکات لـە عەلاگـە ڕەشـەکەی بـن دەسـتی دوو باکسـی بچووکـی دەردەهێنـا و دەیخسـتە سـەر میزەکـە و بـە نەرمـی سـەری بـەرەو براکانـی سـنە ڕادەوەشـاند . واتـە هەڵیبگـرن و بـڕۆن ئیـدی.....

واتـە هـادەی بـڕۆن دەی ون بـن ...هـاااااا دەی ...ڕامەوەسـتن ئیییـی ییییییدییییییییییییییـی.....

پـووره مینـا بۆڕانـدی: ئـەو قەحبـە بابـە کـە کچـی منـی تەفـره داوه لـە کوێیـە ، بانگـی لـێ بکـەن بـا چەقۆیـەک بتەپێنمـە زگیـەوه ، دەبـێ هـەر بەیکجـارێ بیکـوژم ئـەو سـەگبابە ، هـەر دەتکـوژم ،وەڵا بیـلا دەتکـوژم.» کابـرای خـاوەن نانەواخانەکـە خـۆی خسـتە ئـەو دیـوی تەلیسـە ئاردەکانـەوه و ئامـاژەی لـە شـاگردەکانی کـرد و ئەوانیـش خێـرا بـە تونـد و تیژییـەوه دەسـتیان بـە پـوورەوه نـا و لـە نانەواخانەکـە کردیانـە دەرەوه.

ماڵـی پـووره مینـا ئیـدی هیچـکات لـەو گەڕەکـە نانیـان نەکـڕی . براکانـی سـنه لـە هەمووشـتێک بـێ خەبـەر شـەوانی هەینـی و جێـژن گـوڵ و گوڵاویـان دەفرۆشـتە تەعزییـە بـارەکان و بـە کـوڵ بـەردی گۆڕیـان جێبەجـێ دەکـرد و بـەس هەمـوو ڕۆژێـک بـە خرینگـە خرنگـی پـارەوه دەگەڕانـەوه بـۆ مـاڵ و لـە خۆشـیدا پلەزیقانیـان بـوو کـە بڕیـاره سـنه شـوو بـکات و لـە کۆڵیـان ببێتـەوه و پـووره میناش کـە ئەوحاڵەتـەی ئەوانـی دەدی لـە بـەر خۆیـەوه زمزمـەی دەکـرد: «ئێمـە هەمـوو ڕۆژێـک لـە قنگـی مردووەکانـەوه نـان دەخۆیـن ..هەمیشـە تاکـوو دونیـا دونیـاس.»

سـنه یەکـەم مـژی لـە پایپەکـە دا و لـە دووهەمیـن مـژدا دونیـای ببـوو بـە بەهشـت. دونیـای ببـوو بـە مۆبایـل و کـوڕه شـاتره ، ئیـدی جگـە لـەو دووانـە چـاوی کەسـی نـەدەدی و هەسـتی دەکـرد کـە ئیـدی هەرگیـز ناتوانێـت بـە تەنیایـی بگەڕێتـەوه بـۆ مـاڵ ؛ بـەڵام پـاش تێپەڕینـی چەنـد کاتژمێرێـک خـۆش وسەرمەسـت ناچـار بـوو

بـە تەنـێ بگەڕێتـەوە بـۆ مـاڵ . لـە ماڵـەوە سـەرەتا کەسـیان لـەو بەسـەرهاتەی سـنەی تێنەگەیشـت. پـوورە مینـا هـەر بیـری لـەوە نەدەکـردەوە کـە سـنە ئـاوای بەسـەردا هاتـووە بـەڵام پاش دوو سـێ حەوتـە براکانـی هـەر کـە سـنەیان لـەو وەزعـەدا دەبینـی چاویـان لێـی ڕادەمـا و بـۆ یەکتریـان دەڕوانـی. وەزعـی زۆر خراپـی سـنە واتـە قێـژە قیـژ ی پـاش گەڕانـەوە بـۆ مـاڵ . لێدانـی سـەری لـە شـوورا چڵکنەکانـی مـاڵ نـە یـەک جـار بەڵکـوو شـەش حـەوت جـار ، زرم...زرم ، جـار وباریـش دڵۆپـە خوێنێـک لـە تەوێڵییـەوە دادەتکایـە سـەر کەپـۆی . جارێکیـش پەلامـاری چەقوەکـەی دا بـۆ ئـەوە رگـی مەچکـی ببڕێـت .

یەکـەم جـار کـە ئەفسـەری ئیشـکچی عاشـقی سـنە بـوو ، تـازە سـنە ئالـوودە کـرا بـوو و یەکـەم جاریـش بـوو کـە مەعمـوورەکان لـە گۆڕسـتانی تایلـە بینیبوویـان . سـنە و زۆربـەی ئالـوودەکان کـە لـە مـاڵ دەردەکـران یـان شـوێنیان شـک نەبـرد بـۆ مانـەوە دەمـەو ئێـواران دەچوونـە نێـو قەبـران و لـە گـەڵ کێلەکانـدا دەسـتەو مـل دەبـوون و لـەوێ شـەویان ڕۆژ دەکـردەوە. جـار وبـار مەعموورەکانـی کەلانتـەری دەڕۆیشـتن بـۆ سـەرقەبران و هەنـدێ کەسـی ئالوودەیـان دەگـرت و قۆڵبەسـتیان دەکـرد و دەیانیـان بـردە کلانتەریـەکان و لـەوێ ڕایانیـان دەگـرت تاکـوو بەیانـی و لـە کۆتاییـدا تەحویلـی مەحکەمەیـان دەدا .

یەکـەم ڕۆژ کـە سـنەیان هێنـا بـە رێکـەوت کابـرای ئەفسـەری ئیشـکچییش تـازە ڕەوانـەی ئـەو پارێزگایـە کـرا بـوو و بەرپرسـەکانی ئەفسـەر هەنـدێ شـەو ئەویـان دەیانهەنـاردە ئـەو کەلانتەریـە تاکـوو وەکـوو ئەفسـەری ئیشـکچی و بەرپرسـیاری شـەوانە لـەو

کەڵانتەریـەدا ئیشـی خـۆی بەڕێیـەوە ببـات . ئەفسـەر لـە یەکـەم چـاو پێکەوتنیـدا لـە گـەڵ سـنە ، هەسـتی کـرد تەزوویـەک بـە لەشـیدا هەڵگـەڕا . سەرسـووڕماو و حەپەسـاو لـە جوانییەکـەی سـنە ڕامـا . پـاش چەنـد چرکـە ڕووی لـە یەکێـک لـە مەعمـوورەکان کـرد و گوتـی : ‹ئەمەتـان بـۆ هێنـاوە؟» مەعمـوور وڵامـی دایـەوە :›› ئەڵێـن ئەمـەش ئالوودەیـە.»› ئەفەسـەر بـەو وتەیـە سـوور هەڵگـەڕا و زاری وشـکی وشـک ببـوو. ئەفسـەرە لـە سـنە نزیکـەوە بـوو وگوتـی: ‹جەنابتـان پڕابڵمتـان هەیـە ؟›› سـنە سـەیرێکی ئەفسـەرەکەی کـرد و مەسـتانە لـە قاقـای پێکەنینـی دا و گوتـی:» بەڵـێ بەڵـی هەمـە قوربـان .... دەی فەرمایـش؟›› ئەفسـەرەکە مـات و بێدەنـگ هیچـی پـێ نەگوتـرا و تەنیـا لـە سـنە ڕامـا بـوو. ڕووی لـە مەعموورەکانـی کـرد و گوتـی: «پێوەنـدی بکـەن بـە مـاڵ باوکییـەوە بزانیـن ئـەم خانمـە کێیـە.›› سـنە ڕەقەمـی ماڵـی خۆیانـی دا بـە مەعموورەکـە و خێـرا تێلیـان بـۆ پـوورە مینـا کـرد و براکانـی هاتـن و زۆرێـک لـە ئەفسـەرەکە پاڕانـەوە و پـاش دواندێکـی زۆر و چپـە چـپ ئالـود لـە کۆتاییـدا دەسـتی ئەفسـەرەکەیان مـاچ کـرد . ئەفسـەرەکە زۆرێـک سـەیری سـنەی کـرد و گوتـێ:» ئاگاتـان لـەو خۆشـکەتان بێـت ، ئاخـر چـۆن هێشـتووتانە شـەو بڕواتـە سـەر قەبـران.» سـنە بزەییەکـی بـردەوە و مەسـتانە سـەیری ئەفسـەرەکەی کـرد. براکانـی سـنە کـە بۆنـی گـوڵ و گڵاویـان دەدا سـنەیان بـردەوە بـۆ مـاڵ.

سـنە تـازە بەهەشـتی دۆزیبـووەوە. بـەس تەنیـا لـە گـەڵ کوڕەشـاتردا هەسـتی بـە بەهەشـتی خـودا دەکـرد بـەڵام هـەر کـە دەگەڕایـەوە بـۆ مـاڵ ، پـاش دوو یـان سـێ کاتژمێـر دەبـووە سـەگ، دەبـووە گـورگ . لـە هەموویـان دەوەڕی و کەسـیان زاتـی نەدەکـرد لەبـەری فـزەی

بـكات وا تـووڕه و هه‌راسـان هه‌ڵده‌گـه‌ڕا كـه كـه‌س پێـی نه‌ده‌كـرا بڵێـت ئـه‌رێ كچـه ئـه‌وه بـۆ وا ده‌كه‌یـت.

زۆری نه‌خایانـد كـه براكانـی لـه ده‌ستییه‌وه وه‌ڕه‌ز بـوون و هه‌ربـه‌م نابۆنـه‌وه خۆیـان بـوون كـه یه‌كـه‌م جگه‌ره‌یـان بـۆ داگیرسـاند به‌ڵكـوو ئـارام هه‌ڵگه‌ڕێتـه‌وه تاكـوو وه‌كـوو جـاری جارانـی لـێ بێته‌وه . جگه‌ره‌كـه تـا ڕاده‌یـه‌ك و بـۆ ماوه‌یه‌كـی كـورت ئارامـی كـرد .

هێـدی، هێـدی سـنه خـان ڕۆژ بـوو دوو پاكه‌تـه جگـه‌ره‌ی ده‌كێشـا. براكانـی لـه گـه‌ڵ ئـه‌وه‌دا كـه بـه‌رده‌وام بۆنـی گـوڵ و گوڵاویـان لـێ ده‌هـات و هه‌ڵبـه‌ز ودابـه‌زی گیرفانه‌كانیـان لـه كاتـی راكـه ڕاكـه‌دا لـه شـه‌په شـه‌پی مه‌مكـی ژنـه قه‌ڵه‌وه‌كانـی ده‌كـرد و فـره فـره پـووره میناشـیان بـه‌و هه‌ڵبـه‌ز و دابـه‌زه دڵخـۆش كردبـوو، پـاش ماوه‌یه‌كیـتر شـه‌وانه لـه كاتـی گه‌ڕانـه‌وه‌دا مه‌شرووبیانیـش بـۆ سـنه ده‌هێنایـه‌وه كـه به‌ڵكـوو تـا هه‌تـا هه‌تایـه ئـارام بگـرت و زۆرتـر لـه‌وه سـه‌ر ئێشـه‌یان بـۆ نه‌نێتـه‌وه.

كڕیـاره‌كان بـۆ وه‌دستخسـتنی سـنه‌ی له‌شـفرۆش و ئالـووده ده‌تگـوت تووشـی كێبه‌ركێیه‌كـی مه‌خسـه‌ره بوونـه . له پـاڵ ئه‌و هه‌ڵسـووكه‌وته ناشـیرینه‌یان كـوڕه شـاتر «شووشـه» و تلیـاك» یشـی ده‌فرۆشـته كڕیـاره‌كان و پـاره‌ی ده‌خسـته سـه‌ر پـاره و خرینگـه‌ی گیرفانه‌كانـی ده‌هـات . لـه نێـو پـاره‌دا مه‌له‌یـان ده‌كـرد خـۆی و سـنه ؛ بـه‌ڵام تـا ده‌هـات ڕاده‌ی ئالـووده بوونیـان بـه‌رز و به‌رزتـره‌وه ده‌بـوو و بـه‌م بۆنـه‌وه شووشـه و تلیاكـی زۆرتریـان به‌كارده‌هێنـا ده‌كـرد. خه‌ڵكانێكـی زۆر ناحـه‌ز و بـێ ئه‌خـلاق ده‌چوونـه ماڵیـان و بـه‌رده‌وام ده‌نگـی هـه‌را و هوریـا و قیـڕه و نیـڕه و داد و بێـداد لـه ماڵیانـه‌وه ده‌هـات. ته‌نانـه‌ت نیـوه شـه‌وانیش ده‌نگـه ده‌نگیـان بـوو و خه‌ڵكیـان

لـە ئیسـتراحەت وخـەو بـێ بـەش دەکـرد. چەنـد جاریـش دەر و دراوسـێ دەچوونـە سـەریان و شـکاتیان دەخسـتە بەریـان بـەڵام ئـەوان بـە چەقـۆ و دارە کوتـەک دەچوونـە پێشـەوە لـە دراوسـێیەکان . گوێیـان لـە کـەس نـەدەدا وخەریکـی ژیانـە سـەیر وسـەمەرەکەی خۆیانـدا بـوون و ئاگایـان لـە دونیـا نەمابـوو.

کـێ دەڵێـت سـنە نەخوێنـەوار بـوو. بەڵـێ سـنە لـە قوتابخانـەدا دەرسـی دەخوێنـد و قوتابییەکـی باشـیش بـوو لەوانەیـە هەمـووی ئـەو کارەسـاتانە و ئـەو چەرمەسـەریانە خەتـای هەسـارەی هاوپۆلـی بـووە کـە سـنەی فێـری چـاو ڕشـتن ودونیـای کـوڕەکان کـرد ؛ بـەڵام گوایـە نەدەبـوو سـنەی تـازە پێگەیشـتوو لـە گـەڵ ڕەگـەزی نێـردا ئاشـنا ببوایـێ؟ ئایـا دەکـرا کچـە جوانێکـی وەکـوو ئـەو تەنیـا لـە دونیـای کچانـەدا بمێنێتـەوە و باڵـق نەبێـت؟ سـنە باڵـق ببـوو بـەڵام وا تونـد و یاخـی بـوو کـە بـۆ کـەس ڕانەدگیـردرا. حـەزی لـە عەشـق وعاشـقی دەکـرد ، حـەزی لـە جـل و بەرگـی جـوان دەکـرد و کـەل وپەلـی ماکیـاژی دەکـڕی و بـە دزییـەوە بـەکاری دەهێنـا. لـە گەڕانـەوە لـە قوتابخانـەدا لـە گـەڵ هەسـارەی هاوڕێـی دەچوونـە نێـو ‹‹گـوزەر›› و لـەوێ سـوورا وسـپیاوی هـەرزان و سـتیانی پێنـج هەزارییـان دەکـڕی. کـە پیاسـەیان دەکـرد و چاویـان دەکەوتـە کـوڕە گەنجێـک لـە ئەنقەسـت خۆیـان دەلەرانـدەوە و مەمکـی خۆیـان قوتـەوە دەکـرد و بـەرز پێدەکەنیـن. دەسـتییان دەهێنایـە سـەر سـمت وکەمریانـدا و بـەرز گاڵتەیـان دەکـرد لـە گـەڵ یەکـدا ، بـەو جۆریـە کـە سـەرەنجی کوڕەکانیـان بـەرەو لای خۆیـان ڕادەکشـا.

زۆربـەی هـەرە زۆری خەڵکـی شـارۆچکەی ‹‹سەرسـەر›› بریتـی بـوون لـەو کەسـانە کـە بـە جۆرێـک کێشـەیان بـوو لـە ژیانـدا.

یـان دز بـوون و پۆلیـس لـە دوویانـدا دەگـەڕا و ئەمانیـش لـە مـاڵ وماڵباتیـان هەڵاتبـوون یـان هـەژار و بـێ پـارە بـوون و هەندێکیـان ناچـار دەبـوون لـەو ڕووەوە لەشفرۆشـی بکـەن یـان لـە ئیـش وکاری مـادە هۆشـبەرەکاندا هەوڵیـان دەدا بەڵکـوو بـڕە پارەیـەک دەسـت بخـەن بـۆ گوزەرانـی ژیانیـان.. هەڵبـەت خەڵکـی باشیشـیان تێـدا دەژیـا بـەڵام ئیـدی سەرسـەریەکان بـە گشـتی ئـاوا بـە ناوبانـگ کـرا بـوون.

سـنە و کـوڕە شـاتر وایـان کـرد بـوو کـە ئـەو خەڵکـە بـە دەسـتیانەوە هاتبوونــە یــاس ، سەرســەریەکان سەرســامیان گرتبــوو لــە تــاو کێشـەکانی مـاڵ سـنە خانـدا، چەنـد جاریـش ڕاپۆڕتـی ئـەو دوو کەسـەیان دا بـەڵام خێـرا بـەردەدران.

دراوسـێیەکانیان هـەر تێنەگەیشـتن چۆنـاو چۆنـە کـە تەنانـەت یـەک شـەویش سـنە و کڕیارەکانـی و کوڕەشـاتر نەدەچوونـە زیندانـەوە . هەڵبـەت هەنـدێ لـە کڕیارەکانـی سـنە خۆیـان مەعمـووری کەلانتـەری و پـازگاکان بـوون و لەوانەیـە کـوڕە شـاتر لـە ڕێـی ئەوانـەوە بـوو کـە هیـچ ڕاپۆڕتێـک نەیدەپێـکا و هەمـوو کاتێـک خێـرا دەگەڕایـەوە سـەر ئیـش وکاریـان.

سـنە کچـە جوانەکـەی گەڕەکـی چـوار بـاخ بـوو. نـازداری دایـک و براکانـی بـوو. دەچـووە قوتابخانـە و وەکـوو هەمـوو جوانـە کچانـی تـازە پێگەیشـتوو خولیـای هاوسـەرێکی بـاش و مـاڵ و منداڵێکـی خۆشـی لـە سـەردا بـوو. هەرگیـز بیـری لـەو ژیانـە نەگبەتییـە کـە تووشـی هاتبـوو نەدەکـردەوە و سـەیریش لـەوەدا بـوو کـە لـە پـاش ئالـوودە بوونـی قـەت هەسـتی بـەوە نەدەکـرد کـە دەکرێـت خـۆی لـەو مـادە هۆشـبەرانە ڕزگار بـکات وژیانێکـی باشـتر دەسـت

پـێ بـکات . کـە کـوڕە شـاتر بـەو شـێوەیە سـوودی لـێ وەردەگـرت و ئـەو هەمـوو پیـاوەی دەهێنایـە سـەری قـەت دەرفەتـی ئـەوەی پێنــەدەدرا کــە بێــز لــە ژیانــی خــۆی بکاتــەوە . بیــری لــەوە نەدەکـردەوە کـە دەبـێ هەوڵێـک بـدات و خـۆی لـە ئالـوودە بـوون ڕزگار بــکات و خاوێــن ببێتــەوە . پێــی وابــوو کــە ناکرێــت و ئــەو ناتوانێـت ، نەدەکـرا، نەیدەتوانـی. نـاا ، نـاااا نەیدەتوانـی . لـە نیگای خۆیـەوە تـازە ئیـدی ئـەو ژنێکـی ئالـوودەی لەشـفرۆش بـوو کـە جـار و بـار تەنانـەت نەیدەتوانـی ژەمـە نانێکـی بـاش لـە درێـژەی ڕۆژدا بخـوات و لـە هەمـان حاڵیشـدا کـە مادەکـەی بـە کار دەهێنـا خـۆی بـە شـاژنی ژنـان دەدی و کوڕەشاتریشـی بـە پاشـای پاشـایان دەهاتــە پیــش چــاوان. تەنانــەت بەرانبــەر بــە ئاوێنەکــەش ......

تـا دەهـات سـنە لاواز و بێڕەنگـتر دەبـووەوە و نەخۆشـی هێـدی ، هێـدی خەریـک بـوو داگیـری بـکات . ئیـدی کـەس و کار و دایـک و براکانـی بـۆی نەدەگـەڕان ، ئیـدی لای کـەس گرینـگ نەبـوو کـە ئایا سـنەی جـوان لـە کـوێ دەژیـت، چ دەخـوات و چ دەپۆشـێت. سـنە خەریـک بـوو هـەر بـە تـەواوی لـە یـادەکان بڕواتـەوە.

ئەفســەری ئیشــکچی هــەر کــە تێگەیشــت کــوڕە جەحێڵەکــەی بینــای بەرانبــەر بــە گۆڕســتانی بەهەشــتییەکان مــادەی هۆشــبەر دەفرۆشـێت و یەکێکـە لـە ئەندامانـی مافیـای مـادە هۆشـبەر لـە مافیـای ئەمـدا و لـە واقیعـدا بـۆ ئـەم ئیـش دەکات و بـۆ خۆیشـی دار و دەســتەیەکی ناوەتــەوە و براکانــی ســنەش کــە بــەردەوام خڕینگـە خرینگـی گیرفانەکانیـان دەهـات دەمێکـە لـە ڕیـزی دار و دەسـتەی کـوڕە جەحێڵـدان و ناڕاسـتۆخۆ بـۆ ئـەم ئیشـیان دەکـرد ، زۆرێـک پێـی خۆشـحاڵ بـوو چوونکـە تێگەیشـت دەتوانێـت لـەو

ڕێـگاوە زۆرتـر و زۆرتـر لـە سـنە نزیکـەوە بێـت. هەسـتی دەکـرد دەتوانێـت سـنە لـە ئالـوودە بوونەکـەی دەربـاز بـکات و پاشـان دەیکـردە بووکـی خـۆی. هەستی دەکـرد دەتوانێـت ئـەو سـنەیە کـە لـە واقیعـدا لـە ڕێـی مافیـای مـادە هۆشـبەرکانی ئەمـەوە ئالـوودە کـرا بـوو، بەختـەوەر بـکات.

دایکـی سـنە تێگەیشـتبوو ئـەو پارەیـە کـە ڕۆژان کوڕەکانـی دەیانهێنایـەوە تەنیـا لـە ڕێـی گـوڵ و گـوڵاو فرۆشـتنەوە خـڕ نابێتە و بـەم بۆنـەوە دەسـتی کـردە دزی کـردن لـە پـارەی کوڕەکانـی و جـارو بـار بـڕە پارەیەکـی دەخسـتە لا، تاکـوو جگـەرە و مـەشرووب بـۆ سـنە بکڕێـت تاکـوو سـنە ئارامـی پێیـدا هەڵگەڕێتـەوە . بەڵکـوو بتوانێـت کاتێـک کـە سـنەی ڕەش وڕووت دەهاتـە بـەر مـاڵ وەکـوو دایکێکـی دڵسـۆز شـتێک بداتـە دەسـتیەوە، تاکـوو زووتـر ئـەو کچـە ئالوودەیـە ون ببوایـێ لـە بەرچاوانییەوە ، تاکوو هەمدیسـان هەسـتی بکردبایـێ ئـەو هەرگیـزاو هەرگیـز کچێکـی نەبـووە بـە نێـوی سـنەی جـوان ، سـنەی شـاچوانی چـوار بـاخ ، تاکـوو لـە بیـری خـۆی بکاتـەوە کـە سـنەی ئالوودەکـراو هەرگیـزاو هەرگیـز کچـی ئـەو نەبـووە.

ئەفسـەری ئیشـکچی لـە تارانـەوە هاتبـوو تاکـوو مافیـای مـادە هۆشـبەرەکان بگێڕێـت و لـە چـارە ڕەشـییدا خـۆی عاشـقی یەکێـک لـەو قوربانیانـە ببـوو کـە بـە مادەهۆشـبەرەکانی ئەمـەوە ئالـوودە کـرا بـوو. واتـە سـنەی قوڕبەسـەر کـە تـا دەهـات لاوازتـر و نەخۆشـتر دەبـووەوە . لـەو ڕادەیـە کـە بتوانیـت بـە ئاسـانی بێژیـت «لەشـی سـنە لـە داڕزینـدا»یـە.

قامکەکانـی سـنە برینیـان تێکەوتبـوو. دەم و پلیشـی هـەروا . شـوێن بـە شـوێنی لەشیشـی هـەروا . ئیـدی کـەس حـەزی لێـی نەبـوو لـە

گەڵیـدا سـێکس بـکات یـان لانـی کـەم چارەکـە سـەعاتێک مـاچ و مووچێـک  یـان لاواندێـک بـە عەشـقەوە .

 کڕیارەکانـی سـنە  کۆتاییـان پـێ هاتبـوو. کـوڕە شـاتر وەختـە بـوو شـێت بێـت تەنانـەت سـنەی بـرد بـۆ لای دوکتـۆر. دوکتۆرەکـەش دەرمانێکـی زۆری بـۆ سـنە دابیـن کـرد بـەڵام سـنە دەرمانەکانـی داتەکانـدە نێـوان یەکێـک لـە  جۆگـە  قوڕئاوەکانـی  نایسـەرەوە وخێـرا خـۆی گەیانـدە ماڵـەوە بـۆ سـاز کردنـی ئاگرێکـی بـاش و بـە پەلـە خەریکـی  ئامـادە کردنـی بەسـاتی تلیـاک و شووشـە و جگـەرە و.........

کـوڕە شـاتر سـنەی  بـەردا. دەری کـرد . تێـر وپـڕ کوتـای و بـە مسـت و لەقـە و زللـە لـە مـاڵ تـووڕی دایـە دەرێ. ئیـدی کـەس سـنەی نەدەوەیسـت. ئاکامـی سـنە گەیشـتبوو، سـنە پەنـای بـۆ هەرکـەس دەبـرد  دەرگایـان بـە ڕووییـدا دادەخسـت. چ هەوڵـی دەدا پـاروە نانێـک وەچنـگ بخـات ، نەدەکـرا. ڕاکـە راکـەی دەکـرد بـە دووی مـادەی هۆشـبەردا، لـە دووی تلیـاک و شووشـەدا بـەردەوام وێـڵ بـوو بـەس دەسـتی نەدەکـەوت، تەنانـەت لەتـە جگەرەیەکـی دەسـت نەدەکـەوت تاکـوو  چەنـد چرکەیـەک  دەمـی خـۆی پێـی تـاڵ بـکات. دوایـن  پەنـای  کەلانتـەری  بـوو ، جگـە لـە کەلانتـەری هیـچ شـوێنکی بـۆ نەمابـووەوە . ئەفسـەری مافیایـی ببـووە پشـت و پەنـای سـنەی قوربانـی.

ئەفسـەر سـەرەتا بـە ڕوو خۆشـییەوە ڕێـگای دەدا، پـارەی دەخسـتە گیرفانییـەوە، خواردنـی بـۆ دەکـڕی  و بەسـاتی تلیـاک و شووشـەی بـۆ سـاز دەکـرد بـەڵام  جـار و باریـش وەڕەز دەبـوو . هەسـتی دەکـرد ئیـدی تاقەتـی سـنەی پێ نەمـاوە . نەیدەوێرا ئیـدی ببینێتـەوە ، بەڵام

سـنە دەپاڕایـەوە کـە «تکایـە هـەر ئەمشـەو ..تەنیـا ئەمشـەو بهێڵـە لێـرە بمێنمـەوە» . ئەفسـەریش دڵـی بـۆ دەهاتـە ڕەحـم و ڕێـگای پێـدەدا و دەیهێشـت بمێنێتـەوە، بـەڵام هێـدی، هێـدی ئەفسـەری مافیایـی سـنەی سـەرگەردانی لـە بەرچـاو کـەوت و وا لێـی بێـزار ببـوو کـە ڕایسـپارد بـوو مەعموورەکانـی تـا دەتوانـن ڕێـگای پـێ نـەدەن کـە بێتـە کەڵانتەرییـەوە. ئیـدی ئەویـش نەیدەوێـرا زۆرتـر لـەوە ئـەو کچـە بـە خۆیـەوە گـرێ بـدات. لـە دووی دەرفەتێکـدا بـوو کـە لـە کۆڵـی خـۆی بکاتـەوە، چـاوەڕێ دەرفەتێـک بـوو، تەنیـا دەرفەتێـک و پاشـان فتتتتتتتتتتتتتتتتتتتتتتتتتتتتتت . ئەفسـەر وەکـوو مـار خـۆی لێـی داگرتبـوو تاکـوو بـە تـەواوی ڕاوی بنێـت.

پـاش ئـەوە کـە کـوڕە شـاتر سـنەی دەرکـرد وئیـدی ڕێـگای نـەدا و بـە لای خۆیـەوە جێـی بـۆ نەهێشـتەوە سـنە هـەر بـە گشـتی وەکـوو شـێتەکان هەڵسـووکەوتی دەکـرد. بـەردەوام چەقۆیەکـی زلـی دەخسـتە جاناتەکەیـەوە و خـۆی لـە براکانـی دادەگـرت و بـە هێـزی ئـەو چەقۆیـە و هەڕەشـە و گوڕەشـەکانییەوە پـاری لێیـان وەردەگـرت. هەمـوو ڕۆژێـک ئـەوە بەزمـی بـوو . جـارو بـار کـە براکانـی نەدەدۆزییـەوە دەڕۆیشـتە بەرمـاڵ بـۆ گیانـی دایکـی. چەقوەکـەی دەنایـە لاملـی دایکـی و چـی هەبـوو لێـی دەسـاند و بـۆی دەردەچـوو. شـەوانیش سـەری قەبـران جێـگای بـوو. لـە گـەڵ هـاو ئالوودەکانـی خۆیـدا دەگـەڕا و شووشـەی دەسـت دەخسـت و سـەیریش لـەوەدا بـوو چیـی دەسـتبکەوتبایێ بەشـی هەموویانـی دەدا و پێکـەوە دەیانخـوارد یـان دەیانکێشـا.

چەقـۆ کێشـی و ئاژاوەگێڕییەکـەی سـنە زۆری کردبـوو . دزی و شـەڕ و وەدەستخسـتنی مـادەی هۆشـبەر ببـوو بـە کاری سـنە و زۆری

نەخایانـد کـە  ببـوو بـە سەردەسـتەی چەنـد ژن و پیاوێکـی ئـاوارەی ئالـوودەی بـێ خـان و مـان . نێـوی دەکردبـوو سـنە. کـەس زاتـی نەدەکـرد دەمـەو ئێـواران لـە تەنیشـتی گۆڕسـتانەکەی ‹‹تایلـە››وە تێبپەڕێـت چوونکـە لەوانـە بـوو سـنە ودارو دەسـتەکەی ڕێگایـان پـێ بگـرن و ڕووتیـان بکەنـەوە . زۆربـەی ئـەو ڕۆژانـە کـە سـنە ڕێـگای بـە بـرا ودایـک و جـار و باریـش پیـرە پیـاو و پیـرە ژنـان دەگـرت ، ئەفسـەری ئیشـکچی و مەعموورەکانـی ئـاگادار دەکـران  و دەهاتـن و سـنەیان قۆڵبەسـت دەکـرد و دەیانـبرد بـەڵام هەرکـە سـنە هەنـگاوی دەنایـە  کەڵانتەرییـەوە   ئەوەنـدە  دەیقیژانـد و جنێـوی دەدا کـە ناچـار دەبـوون پـاش چەنـد کاتژمێرێـک بـەری بـدەن و خۆیـان لـە دەسـتییەوە ڕزگار کـەن.

براکانـی سـنە لـە گـەڵ ئەفسـەری مافیـا ڕاوێژیـان کـرد و ئەفسـەر گوتـی: ‹‹ئێـوە ماڵەکەتـان بفرۆشـن وخۆتـان لـە سـنە ون بکـەن، ئـەم کچـە یاخییـە دابنێـن بـۆ مـن یـا ڕای دێنـم بـە دڵـی خـۆم یـان .... ‹‹ براکانـی سـنە  ماڵەکەیـان فرۆشـت و خۆیـان ون کـرد. ئەدرێسـی ماڵی نوێیـان  بـە کەسـیش نـەدا . سـنە تـا ماوەیـەک لـە دوویانـدا دەگـەڕا و چەقـۆی لێیـان تیـژەوە دەکـرد بـەس نەمابـوون، ڕۆیشـتبوون. ئیـدی گـوڵ و گڵاویشـیان نەدەفرۆشـت. ئیـدی حەمباڵییـان نەدەکـرد. بـەردی گـۆڕەکان لـە جێـی خۆیانـدا مابوونـەوە و کـەس لـە بیـری جێبەجـێ کردنیـان نەبـوو.  سـنە ئیـدی نەیتوانـی بیاندۆزێتـەوە. ئیدی دەسـتی پێیـان نەگەیشـت . بۆیـە سـەرگەردانتر لـە هەمـوو کاتێـک نەیدەزانـی چ بـکات. زۆر مانـدوو بـوو. دوو  ڕۆژ بـوو کـە نەیتوانـی بـوو پـاروە نانێـک وەدەسـت بخـات. خومـاری خوماریـش بـوو. دەم و لـووت ودەسـت وقاچـی دەخـوران . لـە برینەکانـی خوێـن چۆڕەیـان

دەکرد. تا ئەو ڕادەیە کە ئیدی هاومالّە ئالوودەکانی نەیاندەوێرا لەگەڵیدا دابنیشن. خۆیان لێ دوور دەخستەوە. دوایین شەو لە گۆڕستانی تایلەدا سنە تاق وتەنیا شەوی بە ڕۆژ گەیاند . تەنیا یەک کەسیش لەوێ نەمابوون. خۆیشی وەکوو مردووەکان ، وەکوو تارماییەکان لە نێوان گۆڕەکاندا دەسووڕایەوە و ئەسرینی دادەباراند.

سنە دوایین ڕۆژ تاکوو ئێوارە خۆی ڕاگرت، برسی وتینو ونەخۆش وخومار خۆی دەکردە کێش و وەکوو ماری بریندار خۆی دەخشاندە ئەم کۆلان و ئەو کۆلاندا . لە کۆتاییدا ڕۆیشتە بەر کەلانتەریەکە. بە ڕێکەوت ئەفسەری ئیشکچی ئەو شەوە نەوره شەوی بوو. یەکێک لە مەعموورەکان هەوالّی هاتنی سنەی بۆی برد. سنەیان بردە هۆڵەکەوە و ئەفسەرەکە نیگای خشاندە سەر ئەو سیمایە کە سنە بۆ خۆی دروستی کردبوو . سنە وەکوو پەڕەسیلکەیەکی نیگەران دەلەرزیا و دەچۆقیەوە. ئەفسەر ئاماژەی کردە مەعموورەکان و خێرا کەلانتەری چۆڵ کرا. سنە دەچۆقییەوە و ئەفسەر تێلی بۆ براکانی سنە کرد کە بە شەوق وزەوقەوە خەریکی ئیش کردن بوون لە گەڕەکی نوێدا ، نە گوڵیان دەفرۆشت نە گوڵاو . ئیشێکیتر بوو ،ئیشێکیتر.

ئەفسەر دەمی لکاندە گووشیەکەو شتێکی گوت . سنە لەو وتەیە تێنەگەیشت. پاشان ئەفسەر هەستایە سەر خۆی و لە سنە نزیکەوە بوو. گوتی:›› برسیتە؟‹‹ سنە سەری دانەواند و هیچی نەگوت. ئەفسەر ڕۆیشتە ژوورەکەی خۆی و لە سەر خۆ و ئارام لەفەیەکی لە عەلاگە ڕەشەکە دەرهێنا و لە ژوورەکە هاتە دەرێ و لەفەکەی بەرەو سنە گرت. سنە دەلەرزیا وهیچی

نەدەگـوت، لەفەکـەی وەرنەگـرت و وەکـوو خـۆی مایـەوە ، ڕەش وڕووت و نیگـەران لەشـی لـە لەرزینـدا بـوو . ئەفسـەر لەفەکـەی لـە زاری سـنەدا نزیکـەوە کـرد. سـنە قەپێکـی بچووکـی لێـی گـرت بـەڵام خێـرا تفـی کـردەوە سـەر زەوینەکـە و هۆڵەکـەی شـپرز کـرد. ئەفسـەر کاردانەوەیـەک نەبـوو تەنیـا بـە بێزارییـەوە سـەیری سـنەی دەکـرد و نـاکاو لەفەکـەی خسـتە سـەر میزەکـە و پشـتی لـە سـنە کـرد و بەئارامـی دەسـتی کـردە هـات وچوویەکـی نـەرم و تێفکریـن و خوراندنـی ڕیشـە خەنەیەکـەی . نزیکـەو چەنـد خولـەک هـەروا تێپـەڕی. کەسـیان هیچـی نەدەگـوت . ئەفسـەر جگەرەیکـی داگیرسـاند و لـە لێـوی سـنەوە نزیکـی کـرد ، نـاکاو سـنە تـووڕە هەڵگـەڕا و دای بـە ژێـر دەسـتی ئەفسـەرەکە و دەسـتی کـردە قیـژە قیـژ و جنێـو دان. ئەفسـەر زللەیەکـی لێـدا و تـووڕی دایـە بنـی هۆڵەکـەوە. سـنە هیسـتریکانە دەیقیژانـد . کـەس نەیدەوێـرا بێتـە هۆڵەکـەوە . ئەفسـەر بـەو پـەڕی تووڕەییـەوە لـە سـنە بـەر بـوو. بـە مسـت ولەقـە لێـی بـەر بـوو. لێـی دەدا وکفـری پێدەکـرد و هـەر تێنەگەیشـت کـەی و پـاش چەنـد خولـەک سـنە بێدەنـگ بـوو، هـەر لێـی دەدا و تفـی لێدەکـرد و جنێـوی پێـدەدا . لـە کۆتاییـدا مانـدوو و هیـلاک و داخ و تـژی لـە تووڕەیـی وازی هێنـا . کـە بـاش هاتـەوە سـەر خـۆی بینـی سـنە خوڵپانـی خوێنـە و سـەری داتڵیشـیاوە و بەشـێک لـە مێشـکی داپژاوەتـە سـەر زەوینـی بـن شـوورای هۆڵەکـە . تۆزێکیـتر هاتـە خۆیـدا و وریـا هەڵگەڕایـەوە. دانەوییـە سـەر لەشـە بـێ گیانەکـەی سـنە. تێگەیشـت کـە کاری لـە گـەڵ سـنەدا تـەواو بـووە. خێـرا بانگـی لـە مەعموورەکانـی کـرد و لـە گیرفانـی پاڵتوەکـەی دەسـتە کلیلێکـی دەرهێنـا و لـە دووی

کلیلـی ڕەقمـی «٨٩»دا گـەڕا . کلیلەکـەن زۆر بـوون و هەرکامەیـان خاڵێکـی بچووکـی ڕەنگیـان پێیـەوە بـوو وەکـوو نیشـانە نیشـان کـرا بـوون. جرینگـە جرینگـی کلیلـەکان خەریـک بـوون هەمدیسـانەوە شـێتی بکـەن . لـە بـەر خۆیـەوە و کـپ ، کـپ دەیبۆڕانـد :» ئـەی جنـدە ...جنـدە کۆجایـی ئاخـە « واتـە جنـدە لـە کوێیـدا ئاخـر . ئیـتر مەبەسـتی لـە جنـدە کلیلەکـە بـوو یـان کەسـێکیتر ،کـەس نەیزانـی. مەعموورەکانـی بـە ترسـەوە سـەیریان دەکـرد و نەیاندەوێـرا لێـی نزیکـەوە بـن. لـە کۆتاییـدا کلیلەکـەی دۆزییـەوە. کلیلێـک بـوو بـە خاڵێکـی ڕەشـی ورشـەدارەوە . لەسـەر کلیلەکـە نـووسرا بـوو»٨٩« . ئەفســەر بــەو پــەڕی تووڕیــی و لــە هەمــان کاتــدا شــپرزییەوە داخوڕییــە مــل مەعموورەکانــدا :»خێــرا کەن..هــا دەی درەنگــە«« مەعموورەکانـی بـێ هیـچ پرسـیارێک دەسـتبەکاری کـۆ کردنـی لاشـە دافلیقاوەکـەی سـنە بـوون.

زۆری نەخایانـد بـوو کـە خرینگـە خرینگـی گیرفانـی براکانـی سـنە گەیشـتبووە تەشـق و لـە زەوق وشـەوقی کوڕەکانیـدا بـوو کـە پـوورە ميناش هاتبـووە سـەر زەوقـی ژیـان و دڵخـۆش هەڵگـەڕا بـوو. ئـەوان هـەر تێنەگەیشـتن و نەیانزانـی کـەی و لـە چ کاتێکـدا تێلیـان بـۆ کـرا کـە «وەرن لاشـەی کچەکەتـان وەربگـرن. «

بـە خێرایـی ڕۆیشـتن . بـەرەو کەڵانتەریەکـە ڕۆیشـتن. بـێ دەنـگ و زۆر جیــددی ڕۆیشــتن . دایکـی دوو دڵـۆپ ئەسرینـی داوەرانـد و براکانــی هیــچ.

ئەفســەرەکە بـە ڕێـز و حورمەتـەوە ڕووی لـە دایکـی سـنە کـرد و گوتـی :»» نازانیـن کـەی و چۆنـا و چـۆن و لـە لایـەن چ کەسێکەوە و لـە سـەر چـی کچەکەتـان ڕۆیشـتووەتە ئـەو شـووقەیەدا چوونکـە

شــووقەی ٨٩ هیــن کابرایەکــی بازرگانــی زۆر پــارەدارە کــە لــە هەندەرانــدا دەژیــت و جـار وبـار بـۆ کارە بازرگانییەکانـی دێتـەوە ئەمشـارە و بـۆ ماوەیەکـی کـورت لـە شـووقەکەیدا نیشـتە جـێ دەبێـت و پاشـان دەگەڕێتـەوە بـۆ هەنـدەران.»»

ئەفسـەرەکە بـە خەمـەوە ڕووی لـە براکانـی سـنە کـرد و گوتـی:››
بەداخـەوە بـۆ خۆشـکە باشـەکەتان، بەڕاسـت سەرەخۆشـیتان لـێ دەکەم...هیـودارم دواییـن خەمتـان بێت..خۆتـان خـۆش.››

سنه له شووقه‌ی ۸۹ دا

پیـاوە خوڵەمێشـییەکە هەرکـە دەگەیشـتە بـەر ئاوێنەکـە خێـرا دەسـتی بـۆ بۆینباخەکـەی دەبـرد و دەیڕوانییـە دەم وچـاوە پـڕ چـرچ و لۆچەکـەی و نیگایەکیشـی دەخشـاندە سـەر قـژە مـاش و برنجیەکانییـەوە و زمزمـەی دەکـرد: «ئـاااای لـە مـن. . کـە چەنـد پیاوێکـی خوڵەمێشـیم». بـەڕووی خۆیـدا بـزەی دەبـردەو و دوو پڵتۆکـی بـە ئارامـی دەوەشـاندە سـەر سـینکی کراسـەکەی و بـە ڕزامەندییـەوە دوو سـێ فیکـەی دەکـرد و لـە مـاڵ دەچـووە دەرێ. بەیانیـان کاتژمێـری دە لـە خـەو هەڵدەسـتا و باوێشـکێکی لێـدەدا و تـەواو جەسـتەی بـەو باوێشـکەوە دەپلّکانـدە خۆشـییەکی سـەیرەوە. کـە لـە قەرەوێڵەکـەی دادەبـەزی بـزەی دەبـردەوە و دوو سـێ مسـتی دەکوتایـە سـەر سـینکی و لـە چەشـنی تـارزان نـزم و کـپ دەیبۆڕانـد و دەچـووە بـەر ئاوێنەکـە و بـەرز دەیگـوت: «بەیانیـت بـاش ئـەی پیـاوی خوڵـە مێشـی.››

پاشـان دەچـووە حەمـام و بـە کەفێکـی هەندەرانـی و بۆنخـۆش خـۆی دەششـت و بیـری لـە خۆشەویسـتەکەی دەکـردەوە و تونـد دەسـتی بـە خۆیـدا دەهێنـا وخـۆی هەڵدەگووشـی و بـە دەم گۆرانییەکـی خۆشـی فارسـییەوە لـە حەمـام دەهاتـە دەرەوە: «مسـتم مسـتم سـاقیا دسـتم بگیـر» . . . بیـری دەخشـایە سـەر کافـکا و زمزمـەی دەکـردەوە: «نابـێ پیـاو قـژی بۆیـە بـکات، چ مانایەکـی هەیـە».

بـۆ خواردنــی نانــی بەیانــی دەچــووە قاتــی یەکــەم، خـۆی لــە قاتــی دوودا دەژیـا و ژنەکەشــی لــە قاتــی خــوارەوە. تەنیـا لــە کاتـی خـواردن و لـە بـۆ هەنـدێ ‹‹کارگەلیـتر›› دەڕۆیشـتە قاتـی یەکەمـەو، هەڵبـەت ئەویـش لـە ڕووی ناچارییـەوە ،ئەگینـا ئـەو کـە پیاوێکـی خوڵـە مێشـی بـوو کـوا بایەخـی بـە خـواردن و ئەوانیـتری دەدا. لەقاتـی یەکەمـدا هـەر کـە چـاوی بـە ژنەکـەی و دەسـتی لـە دەسـتی و دەمـی لـە دەمـی دەکـەت لـە بیـری دەچـووەوە کـە ئـەم پیاوێکـی خوڵـە مێشـییە و نابێـت بایـەخ بـە هەنـدێ هەسـتی شــەهوانی خــۆی بــدات. تێـرو پـڕی دەخـوارد و تێـر وپڕیـش ئیـش وکاری ژن و شــوویی و پاشــان هەمدیســان دەبــووەوە پیاوێکــی خوڵـە مێشـی کـە دەبـوا لـە هندسـتان و بـە لفـە دوانەیـی عارفـە هێندیەکـە لـە دایـک بواتایـێ ، واتـە ‹‹پۆشـۆ›› یـان ‹‹مۆشـۆ›› یـان›› شوشــو››یان کەسـێکی وا....

بەیانیـان بـە دەم بیـر کردنـەوە لـە نیچـە و عارفەکانـی هندسـتان دەگەیشـتە قاتـی یـەک بـۆ خورادنـی نانـی بەیانـی و پاشـان ڕۆیشـتن بـۆ دەوام.، هەڵبـەت زۆربـەی کاتـەکان ژنەکـەی لـەو عانـەدا کـە ئـەم بـۆ نانـی بەیانـی دەگەیشـیە قاتـی یەکـەم لـە ماڵـدا نەبـوو، لـە دووی کارو بـاری مـاڵ و پێداویسـتیەکانی ژیانـی خـۆی دەچـووە دەرەوە. کەوایـە ئـەو بەیانیانیـش چـاوی بـە ژنەکـەی نەدەکـەوت. ژنـە هەمـوو بەیانیـەک خوانێکـی خۆشـی بـۆی دەڕازانـدەوە و خـۆی لــە مــاڵ دەردەچــوو. خوڵەمێشــییەکە چاشــتانەکەی بــە تــام و چێژێکــی زۆرەوە دەخــوارد و دواتــر دەکەوتــە پەلــە پــەل و خێــرا فڵچـەی ددانـی دەدا وخـۆی بـە جلـو بەرگێکـی جـوان دەڕازانـدەوە و دووبــارە بــەر ئاوێنــە و بیــر کــردن لــە عارفــە هێندیــەکان و

مێدیتەیشــن و دڵدارەکــەی و سێکســی ژنــە ژاپۆنییــەکان و خوانــە خۆشـەکانی ژنەکەی و پیاسـەی هەینیان و موناقشـە فەلسـەفیەکان و هەمـوو پیـاوە خوڵەمێشـیەکانی دونیـا تەنانـەت هیدایەتـی فـارس زمانیـش. لـە ئوتومۆبیلەکـەی سـەردەکەوت، لەگـەڵ ئـەوەدا کـە هەسـتی دەکـرد پیاوێکـی خوڵـە مێشـییە، بـە خێرایـی لێـی دەخـوڕی . بـە دەم لێخوڕینـەوە جنێـوی بـەو دنیاییـە دەدا: « ئاخـو بارودۆخـی ئـەم کوردسـتانە کـەی چـاک دەبێـت»... «ئامـان لـەو خەڵکـە نەفامـە» ، ‹‹ئـەک لـە دایـک ....›› ، ‹‹سـەیر سـەیر ئەشـا ئـەو ژنـە گەمژەیـە چـۆن ڕێـی پێـدراوە سیاقەت بکـەت هـەی گـوو بـە ڕیشـی باوکـت بـۆ شـۆفێریت ‹› . جنێـوی دەدا بـە خەڵکـی تێنەگەیشـتوو لە یاسـاکانی شـۆفێری ، بـە پۆلیسـی چوارڕێیـان و بـە چـرای ترافیـک و بـە حکوومەتـی گێـل و گەمـژە و بـە ژنـە سـۆزانییە زۆر گرانەکانیـش چوونکـە ئـەو ژنانـە زۆر جـوان بـوون و دەسـتی خەڵکانێـک وەکـوو ئـەم نەدەکەوتـن و بـەم بۆنـەوە حکوومـەت و یاسـا و زل هێـز وسـواڵکەر و بانزینـی گـران و گۆشـت فـرۆش و خاوەنکارەکـەی و هەمـوو فەلسـەفەکان و بـە گشـتی تـەواو دونیـای بـە تاوانبـار دەزانـی و لـە هەمـان کاتیشـدا پێـی وابـوو لفـە دووانـەی عارفێکـی هێندیشـە. لـە دەوامـدا بـە تووڕەیـی دەردەکـەوت. هەمـوو کاتێـک بـە نـاو چـاو گرژییـەوە سـەیری خەڵکـی دەکـرد بـە تایبـەت ئافرەتـە جـوان و قەڵـەوەکان، دەنگـی لێیـان بـەرزەوە دەکـرد و بـە دزییـەوە بـێ ئـەوە خۆیشـی تێبگەهێنێـت بـۆ سـمت و کەمـەری ئـەو ژنانـە دەیڕوانـی و نـاکاو بیـری دەکەوتـەوە ئـەم خـۆی بـۆ خـۆی خوڵـە مێشـییەکی ئێگجـار تـەواوە و نـاکاو دەینەڕانـد : «کـورە بابـە مـن دەبـووا لـە هندسـتان لـە دایـک دەبـووم نـەک لـەم وڵاتـە. . بریـا

کەسێک منی دەکوشت. ..ئاااى کە خلاس دەبووم ئەوکات...بریا کەسێک منی ژاکاوی دەچنی....ئای کە من تووڕەم تووڕە.››
لە کاتی ئیش و کاردا، لە ژووره تایبەتییەکەی، جار و بار کە ژوورەکەی چۆڵ دەبوو هەوڵی دەدا خۆی بە مێدیتەیشنەوە خەریک بکات و ڕۆحی خۆی هیپنۆتیزم بکات و بینێرتە سەر دڵداره هەندەرانییەکەی. بەردەوام لە شک و گوماندا بوو، هەستی دەکرد دڵدارەکەی خەیانەتی لێ دەکات و هەموو ڕۆژێک لە گەڵ پیاوێکیتردا دەخەوێت. هەڵبەت بە دزی خۆیەوە وا بیری دەکردەوە، خۆی لە خۆی گێل دەکرد، واتە لەو خەیاڵانە خۆی گێل دەکرد ، چوونکە ئەم خۆی بە پیاوێکی خوڵە مێشی دەزانی و عاری لە ئێرەیی و مێرەیی دەهات و نەیدەوێرا خۆی غیره بکاتە سەر شتێک بە نێوی ژن. لە کاتی مێدیتەیشنەکانیدا هەرکە کەس دەهاتە ژوورەکەی و خەڵوەتی لێی تێک دەدا، بارانی جنێوی بە سەر کەسەکە دادەباراند و تووڕەییەکەی دووقات دەبووەوە. دونیای بە تاوانبار دەزانی و کەسەکەی وا لە ڕوو دەبرد کە کابرا پێی وابوو کە تاوانی لە دەرحەق پێغەمبەرێک کردووە.
ئێواران پاش دەیان موناقشەی زەرد و سوور لە سەر فەلسەفەی کۆن و ئێستا و عیرفان و ئایین لە گەڵ هاوکارەکانیدا، هیلا ک و ماندوو دەهاتەوە بۆ ماڵ، یەک دوو چرکە گوێی لە دەنگ و دوونگی ماڵ هەڵدەخست و دواتر دەچووە ژوورەکەی لە قاتی دوودا و دەرگای هۆڵەکەی قفڵ دەکرد و لە سەر سەندەڵییەکەی دادەنیشت و چاوەکانی دەنووقاند و دە جار قووڵ و لە ناخەوە هەناسەی هەڵدەکشا و پاشان بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە فیلەمی

سـووپەری دەخسـتە سـەر لەبتابەکـەی.
زۆرتـر حـەزی لـە هیەنـە ژاپۆنییـەکان بـوو، پاشـان بـە دەم ڕووتـەوە بووینـدا مەشرووبێکـی فێنکـی تـێ دەکـرد و قومێکـی هەڵدەقۆڕانـد و ڕەقەمــی دڵدارەکــەی دەگــرت و نزیکــەی ٤٠ دەققــە پێکــەوە دەدوان. هەڵبـەت گفتگۆیەکـی زۆر ڕۆشـنبیرانە و خوڵـە مێشـیانە لـە سـەر فەلسـەفە و ئەدەبیـات و بەتایبـەت کارکـردی یوونـگ لـە بـاری دەروونییـەوە لـە سـەر ئەدەبـی ئێرۆتیـزم و بۆچوونەکانـی فرۆیـد و لە هەمـان کاتیشـدا سـەیری فیلمەکـەی دەکـرد و هەرگیـز نەیدەهێشـت دڵدارەکـەی لـەو وەزعـەی تێبگەیێـت و بـەو پـەڕی ڕووناکبیرییـەوە گفتگـۆی دەکـرد . پاشـان کـە هەسـتی بـە ئارامـی دەکـرد و مورتـاح دەبـوو ، بـێ ئـەوە دڵدارەکـەی تێبگەیەنێـت ماڵئاوایـی لێـی دەکـرد و لــە ســەر قەرەویڵەکــەی خــەوی لێــی دەکــەوت، خەوێکــی زۆر قــووڵ و خــۆش. ئـەو پیـاوە خوڵـە مێشـییە هەڵبـەت هیچـکات بــۆی ڕوون نەبــووەوە کــە بۆچــی زۆربــەی شــەوەکان خــەو بــە ســیندرێلاوە دەبینێــت. زۆر حــەزی لــە ئەدەبــی فارســەکان بــوو و دەیزانـی فارسـەکان بـە سـیندرێلا دەڵێـن «دخـتر خاکسـتر نشـین» واتـە کچـی دانیشـتوو لەخوڵـە مێـش» . ئـەو شـەوانە کـە خـەوی بـە سـیندرێلاوە دەدەی بیـری «یوونـگ» دەکـەوت و زۆرتـر و زۆرتـر لـە هەمیشـە حـەزی لـە ژیـان دەکـرد. هەڵبـەت بـە دزییـەوە، بـە دزی خۆیـەوە، ئەگینـا بـڕوای بـە خـۆی هێنـا بـوو کـە ئـەم پیاوێکـی خوڵـە مێشـیە و بایـەخ بـە ژن و سـۆزانی و ژیـان نـادات و بـەردەوام لـە دووی کەشـفی ڕەهەندەکانیـتری ژیاندایـە و هـەر دەبـوا لـە هندسـتان بـە لفـە دووانەیـی عارفێکـی هنـدی لـە دایـک ببوایـێ. عارفێـک بـە نێـوی میشـۆ ، تیشـۆ ، فیشـۆ یـان شـتێکی وا.

سنە لە شووقەی ٨٩ دا

پێـم نەگوتبـوو دەمهەوێـت بچـم، بـەس ئـەو پێـی وابـوو کـە گوتوومــە دەڕۆم . هێڵــی ئینتەرنێتەکــەم بــە هێــز نەبــوو، لێکــدا ، لێکـدا دەپچـڕا، پێـی وابـوو کـە نووسـیوومە مـن دەچـم ، بـەس گرنـگ ئـەوە بـوو کـە ئـەو نەیگـوت مـەڕۆ، منیـش فەیسـبووکم لێـی داخسـت و لەخـەت دەرچـووم. بـۆ خـۆم ڕۆیشـتم. ڕۆیشـتم تاکـوو گەیشـتمە شـەقامێکی هـەزار ڕەنگـی پاییـزی.

هەمـوو شـتێك لـەوێ ڕەنگیـن بـوو. بـە دەم ڕۆیشـتنەوە هەسـتم بـە سـێبەری پەلەوەرێکـی مـەزن کـرد، لەئاسـمانی سـەر سـەرمدا دەسـووڕایەوە. پەلەوەرێکـی خۆڵەمێشـی بـوو لەچەشـنی هەڵۆیەکـی زۆۆر مــەزن. لەچاوتروکانێکــدا چنگــی پێمــدا کــرد و هەڵمیگــرت بــەرەو ئاســمانێکی خۆڵەمێشــی دای لــە بــاڵ .

پەلــەوەر وەکــوو گەردەلــوول راپێچمــی کــردو بــەرەو ســەرەوەی هــەورەکان بردمــی. بــۆ نێــوان هێلانەیەکــی خۆڵەمێشــی لەڕەنگــی چاوەکانــی خــۆی بردمــی.

پــاش ماوەیەکــی کــورت پەلــەوەر خواردنێکــی ســەیر و ســەمەرەی هێنـا و لەبەردەمـی منـدا داینـا. نەمدەزانـی چییـە و لـە چـی سـاز کرا بـوو ئـەو خواردنـە، بـەس مـن لێـم خـوارد تەنیـا لـە بـەر ئـەوە کـە لەبرسـاندا نەمـرم. تـا چەنـد ڕۆژێـک پەلەوەرلـەو خواردنـەی دەهێنـا. بەخواردنــی ئــەو خوراکــە نەتینــووم دەبــوو نــە برســی و تەنیــا کاری پەلەوەرکـەش سـەیری کردنـی مـن و بـەس .

بەچاوە خۆڵەمێشـیەکانییەوە قـووڵ و قووڵـتر، بەڕامانـەوە سـەیری منـی دەکـرد. پـاش چەنـد ڕۆژ پەلـەور ڕۆیشـت و ئیـدی نەگەڕایـەوە . منیـش برسـی و تینـو بـە تەنیـا لـەو هێلانەیـە مامـەوە .

پاییـز کوڵمـی لـە کوڵمـی زسـتان سـواند بـوو. هـەوا سـارد و سـارتر دەبــووەوە، منیــش برســی و تەنیــا لــەو هێلانــە ئاســمانییەدا لــەو بەسـەرهاتەم بیـرم دەکـردەوە .

ڕۆژێـك گەیشـت کـە لـە هەورەکانـی ژێـر هێلانەکـە بەفـر داوەرییـە خــوارێ. مــن لــەو هێلانەیــەوە ســەیری کلــوە بەفرەکانــم دەکــرد و گریــان گرتبوومــی. « ئایــا کــەی زســتان دەگەیشــتە ئامێــزی ئــەم هــەورە کــە هێلانــە خۆڵەمێشــییەکەی منــی لەســەر هەڵگرتبــوو.؟» پەلــەوەر ئیــدی نەگەڕایــەوە. مــن دوور دەمڕوانــی و ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ هەســتم دەکــرد کــە ئیــدی نەبرســیم دەبێــت و نــە تینــوو.

تەنیا هەسـتم دەکـرد کـە گۆڕانێـك لـەپ ێشـدایە. گۆڕانەکـە خەریک بـوو بـە سـەر منـدا بێـت چوونکـە منیـش خەریـك بـوو ڕەنگـم بگۆڕدرێــت بــۆ ڕەنگــی خۆڵەمێشــی ، خەریــك بــووم لەچەشــنی هێلانــە و هەورەکانــم لێدەهــات.

پـاش بەفـر، بـاران دەسـتی پێکـرد . لـەو سـەرەوە هەسـتم دەکـرد وەرزەکان لـە گۆڕینـدان. سـەرەتا بەفـر دابـاری و پاشـان بـاران . لـە حاڵێکـدا دەبـوا سـەرەتا بـاران بباریایـێ دواتـر بەفـر بـەڵام بـە پیچەوانـەی یـەک دادەباریـن بەفـر وبـاران.

خــوڕ ، خــوڕ بارانــی پاییــزی رووی لــە زســتان کــرد بــوو، ســاردی ســارد. پەلــەوەر نەهاتــەوە، منیــش بــەو پــەڕی خەمــەوە دەســتم کــردە گریــان.

وا دەگریــام بەخــوڕ، هــەر دەگریــام بێوســتان دەگریــام، بــەدەم

گریانــەوە  لەبەرێکــەوە خۆڵەمێشــیتر دەبوومــەوە. ڕێــك وەکــوو ڕەنگــی پەلەوەرەکــەم  لێهاتبــوو.
وا دەگریـام  کـە هێلانەکـە لێوانلێـو ببـوو لـە دڵۆپـە فرمێسـکەکانی مــن. ئاســمانی ژێــر هێلانەکــەش هــەروا لــە بارینــدا بــوو . مــن و ئاســمان بــە خــوڕ لــە بارینــدا بوویــن، ئــەو بەبــاران و منیــش بەفرمێســکەکانم. دونیامــان خوســاندبوو .
کـە سـەرم بـەرزەوە کـرد بینیـم کـە تەنیـا یـەك گەواڵـە هـەور لەنێوان چاوەکانــی ئاســماندا ماوەتــەوە  ئەویــش خەریــك  بــوو لەزووتریــن کاتــدا ببێتــە بــاران. ســارد بــوو، زۆر ســارد .
ئیـدی سـەبر کـردن بـێ سـوود بـوو بۆیـە خۆمیـش کوڵمـم لـە کوڵمـی ئـەو وەرزە سـواند و بڕیارمـدا ببمـە بـاران وەکـوو فرمێسـکەکانم . سـەرم داخسـتەوە. دیسـانەوە دەسـتم پـێ کـردەوە هـەر دەگریـام. دیـار بـوو بەفـر لـە ئارادایـە ، بەفرێکـی  سـارد. دەتگـوت دونیـا کەوتووەتـە بازنـەی بەفـر و بارنـدا .
پـاش ماوەیەکـی کـورت ئاسـەوارێك لەهـەورەکان نەمابـوو تەنانـەت هەورەکـەی ژێـر هێلانەکـەی منیـش  بـێ ئـەوە کـە  مـن هەسـتم کردبێــت ببــوو بەبــاران و داباریبــووە ســەر زەویــن . نیوەیــەك لەهێلانەکەیـش خەریکـی  داباریـن  بـوو، ئەویـش ببـوو بـە  باران.
تەنیـا مـن مابوومـەوە  لـەو ئاسـمانەدا.نە هـەور و نـە هێلانـە هیچیـان نەمـا بـوون و لێزمـە بـاران لـە بارینـدا بـوو کـە منیـش بڕیارمــدا کــە ببمــە بارانێکــی ســارد .
داخـۆم  چ  پێوەندییـەك  بـوو لـە نێـوان  ئاسـمان و مـن و هێلانـە و پەلەوەرێکـی مەزنـدا؟ هـەر تێنەگەیشـتم..
نیوەیـەك لەمـن ببـوو بەبـاران یـان فرمێسـك نازانـم تێکەڵـی یـەك

ببووین و سەیر لەوەدا بوو کە چاک تێگەیشتم کە تەنیا لە من هەردوو چاوم و زارم ما بووەوە .

زارم کە دیار نەبوو چ دەڵیت ، ئایا دەیگوت : ‹› ئاااە؟›› یان ‹› پەلەوەرەکە لەکوێیت؟›› یان ‹›چ ساردە؟››نازانم زارم چی دەگوت.

سەیریانم کرد . سەیری چاوەکانم و دەمم، کەی دەیانوێرا ئەوانیش کۆتایی بەخۆیان بهێنن... ‹›ئەی چاااو، ئەی دەم خێرا کەن درەنگە...››

خەریك بووم کۆتایی بهێنمە هەموو شتێک کە ناکاو لە دوورەوە لەن ێوان باران و ڕەهێڵەدا، پەلەوەرەکە بەرەو من دەرکەوت ، پەلەوەر باڵی لێدەدا و دەهات، ئیدی خەریك بووم یەکسەر ببمە باران وفرمێسك کە پەلەوەر هات و بە چنگەکانی هەڵمیگرتەوە بەرەو زەوین.

پەلەوەر دونیای لە بەر چاوماندەوە کردە تەم و مژ و لە چاوتروکانێکدا لەسەر زەوین دامی نا. وەکوو جاری جارانم لێهاتبووەوە. ژنێکی تەواو رێك و پێك. بەجووتێك چاو و دەم و دەست و قاچەوە، وەکوو پێشترم لێهاتبوو.

ڕامدەکرد لە شەقامێکی پاییزیدا و دەمهەویست بگەڕێمەوە سەر هێڵی خاوەی ئینتێرنێتەوە و نازانم ئەمجارە لە مەسینجرەوە بڵێم ‹›بیرت ناکەم››؟ یان لە فەیسبووکەوە بڵێم ‹›شەرت بێت ئیدی نەهێڵم بگەڕیتەوە»؟

ڕامدەکرد . سێبەری پەلەوەرێکی ئێگجار مەزن بە سەر سەرمەوە بوو، کە جوان سەیرم کرد پەلەوەرێك بوو زەردی زەرد دەقاودەقی من .

بڕیارمدا کە لەفەیسبووکەوە پێی بڵێم›: ‹ڕۆحەکەم.››

ڕامدەکرد لەشەقامێکی پاییزیدا . ئایا ئێستا بمگرێت یان تاوێکیتر، ڕامدەکرد و زمزمەم کرد «قەشەنگەکەم.»

رامدەکرد لەحاڵێکدا منیش زەردی زەرد هەڵگەڕا بووم لەچەشنی پەلەوەرەکە . لەدڵی خۆمدا گوتم»ئازیزەکەم بگەڕێیەوە.»

سنه له شووقه‌ی ٨٩ دا

سـی و چەنـد ڕۆژی ڕەبـەق لـە پێکهاتنـی ئـەم چـاڵاوە بـێ بنـە تێدەپەڕێـت و لـە هەمـان مێژویشـدا بـوو کـە لافـاوە ڕەشـەکە هـات و هـەزاران شـتی لـە گـەڵ خـۆدا بـرد.
هەڵبـەت پـاش ئاکامـی لافاوەکـە بـوو کـە ئـەم چـاڵاوە بـێ بنـە، بەرانبـەر بـە بینـای سـەرگوڵ دەرکـەوت و خەڵکـی بیناکـەی دڵپـەرۆش کـرد و لـە هەمـان کاتـدا خەڵکەکـە کەوتنـە بازنـەی چاوەڕوانیەکـی کوشـندەوە.
لافـاو پـاش بیسـت کاتژمێـر ئاکامـی پـێ هـات و چاڵاومـان لـێ وەدەرکـەوت. خەڵکـی بینـای سـەرگوڵ تەلیفۆنیـان بـۆ دایرەکانـی پۆلیـس وشـارەوانی و کارەبـا و ئـاو کـرد.
پـاش یـەك کاتژمێـر چەنـد بەرپـرس وکارمەنـدی ئـەو دایرەگەلـە خۆیانیـان گەیانـدە بـەر دەرگای بیناکـە و دەسـتیان کـردە قسـە و بـاس و ڕاوێـژ کـردن و هەڵسـەنگاندنی بارودۆخـی چاڵاوەکـە.
پـاش ماوەیـەك قسـەو باسـی بـێ سـەر وبـەر هەموویـان هاتنـە سـەر ئـەم ڕایـە کـە باشـترین ڕێـکار ئەویـە کـە جـارێ خەڵکـی بینـای سـەرگوڵ خۆیـان لـە چاڵاوەکـە بپارێـزن و لێـی نزیـك نەبنـەوە تاکـوو لـە کاتێکـی دابیـن کـراودا پسـپۆڕان بنێرنـە سـەری بەڵکـوو کێشـەی ئـەو چـاڵاوە چارەسـەربکرێت .
کەسـێکیش لـە تەنیشـتی چاڵاوەکـەدا، تابلۆیەکـی سـووری دانـا کـە لـە سـەری نـووسرا بـوو:» جێـی مەترسـیە«.

چاڵاوێکـی سەرسـووڕهێنەر بـوو. نـە ئـاوی تێـدا بـوو و نـە هیـچ شـتێکیتری پێیـەوە دیـار بـوو، تەنیـا بۆنێکـی کـۆن و زۆر نامـۆی لـێ بـڵاو دەبـووەوە.

هەڵبـەت وا نەبـوو کـە بۆنەکـە بـە بەربڵاوییـەوە بگاتـە ئەوپـەڕی شـەقامدا، نـا، وا نەبـوو، بەڵکـوو تەنیـا ئەگـەر زۆر لـە چاڵاوەکـە نزیـك ببواییتـەوە هـە ستت بـەو بۆنـە کـۆن و مێژوییـە دەکـرد. بۆنێـک کـە ئەگـەر هەسـتت پێـی بکردایـێ بێگومـان تـژی دەبوویـت لـە ناهومێـدی و خەمۆکـی و لـە پـڕ شـەوەزەنگی خـەم دەرونتـی دادەتەنـی وتووشـی نەهامەتـی و خەفـەت دەبوویـت .

بـەس پرسـیار ئـەوە بـوو کـە ئایـا ئـەو بۆنـە بۆنـی چ بـوو؟

لـەو کاتـەدا کـەس نەیدەزانـی ئـەوە چیـە و بـۆ ئـەو بۆنـە وا لـە خەڵـک دەکات و هەسـتیان بـەرەو ناهومێـدی و خەمـدا دەبـات . کـەس لێـی تێنەدەگەیشـت، خەڵـک هـەر ئەوەیـان لـێ دەهـات کـە بـە ڕاسـتی خۆیـان لـەو چـاڵاوە بپارێـزن. نـەك تەنیـا ئـەوان بەڵکـوو تەنانـەت پشـیلەیەکیش نەدەهاتـە قـەرەی چاڵاوەکـەدا. مـن خـۆم هـەر چەنـدە هەوڵـم دا کـە لـە وێنـەی بەرپـرس و کارمەنـدی دایرەکانـەوە خۆمـی لـێ نزیـك بکەمـەوە، پێـم نەکـرا. لـە ڕاسـتیدا مـن کەسـێکی زۆر ترسـەنۆکم بـە تایبـەت زۆر لـەو چـاڵاوە دەترسـام و نەمدەوێـرا لێـی نزیـك ببمـەوە.

مـن لـە قاتـی سـێی شـووقەی هەشـتی بینـای سـەرگوڵدا دەژیـم. هەمـوو شـەوێك لـە دەلاقـەی هۆڵەکەمانـەوە بـۆ چاڵاوەکـە دەڕوانـم .

ڕێـك لـە کاتژمێـری چارەکـێ بـۆ بیسـت و چـواری یەکەمیـن شـەوی کۆتایـی لافاوەکـەدا بـوو کـە چـاوم بـە سـێبەری «ئـەو»

‹کــەوت. هێــدی ،هێــدی لــە ناخــی تاریکیەکــە خزایــە دەرێ. بــە دزییــەوە خــۆی لــە بــن دیوارەکــە ، بــەرەو چاڵاوەکــە کشــا. پاشــان بــە تــەواوی ئــەوم بینیــەوە. بەرزیــن بــوو، کــوڕە چــاو ســەوز و جوانەکــەی شــوقەی بەرانبــەرم. واتــە شــوقەی نــۆ.

بەرزیــن، کــوڕە دەســاڵانەکەی شــەرمین خــان، لــەو کاتــەدا لــەوێ چــی دەکــرد؟ ئــەو مناڵــە دەبــووا لــەو کاتــەدا خەوتبایــێ. بــە پەلــە دەلاقــەم ئــاوەڵا کــرد و بــە نەرمــی بانگــم لێــی کــرد:» بەرزیــن... هــۆی بەرزیــن لــەوێ چ دەکەیــت؟» بــەڵام لــە پــڕ بەرزیــن نەمــا ، لــە بەرچاوانــم نووقــم هەڵگــەڕا. دەلاقــەم داخســتەوە و لــەم دیــوی شووشــەکەوە هەمدیســان بــۆ دەرەوە ڕوانیــم .

بەرزینــم لــێ دەرکەوتــەوە ، خێــرا دەلاقــەم کــردەوە ، نــاکاو بەرزیــن نەمایــەوە . خــۆف دای گرتــم و دەلاقــەم داخســتەوە. حەپەســام، چ مانایەکــی بــوو ئەمــە؟ کــە جــوان ســەیرم کــردەوە، بەرزینــم لــێ دیــار کەوتــەوە . جوڵــەم لــێ بــڕا.

هیچــم نەکــرد. وازم لــە دەلاقــە هێنــا و تەنیــا بومــە ســەیرکەری بەرزینــە تەماویەکــەی دراوســێمان . پــاش تاوێــک ، بەرزیــن، ســەری بــەرزوە کــرد و دەســتی بــەرە و مــن ڕاوەشــاند، دەتگــوت خەریکــە هەڕەشــەم لێــدەکات .

بەرزیــن لــەو کاتــەدا مۆبایلێکــی بــە دەســتەوە بــوو، مۆبایلێــك گەورەتــر لــە مۆبایلــی ئاســایی . دەنگــی خڕەخــڕی موبایلەکەیــم دەبیســت. ئــەو دەنگــە هــی چــی بــوو؟ پێمــوا بــوو بەرزیــن قســەیەکی پێیــە و دەیهەوێــت شــتێکم پــێ بڵێــت، نــەکا شــەرمین خــان لێــی داوە وئەمیــش تــۆراوە و لــە مــاڵ دەرچــووە؟ هــا؟ نازانــم بەڕاســت ،ناتوانــم هیــچ بڕیارێــک بــدەم چوونکــە شــەرمین هیچــکات

لـە کـوڕە جوانەکـەی تـووڕە نەدەبـوو چ بگاتـە ئـەوە کـە لێیـدات ، ئـەی کێشـە چ بـوو، گاڵتـە بـوو یان....دەبـوا تێبگـەم، دیسـان دەلاقـەم کـردەوە، بەرزیـن نەمـا و جەسـتەی مـن لـە تەوژمـی تـرس وخۆفـدا هـەژا و دەلاقەکـەم داخسـتەوە و بـۆ کاتژمێـرم ڕوانـی. کاتژمێـر ٢٤ بـوو.

بــەرە و دەرگای شــوقە رامکــرد، ویســتم شــەرمین خــان ئــاگادار بکەمــەوە . لــە مــاڵ چوومــە دەرێ. هەتــا شــوقەی ئــەوان چوارهەنــگاو بــوو.

ڕۆیشـتم.هەموو شـوێنێك تاریکـی تاریـک بـوو، نازانـم لەسـەر چـی گڵۆپـی هۆڵەکەیـان داخسـتبوو. دەتگـوت دانیشـتوانی بینـای سـەرگوڵ بـە گشـتی مردوونـە. دەنـگ نەبـوو. چەنـد سـاتێک بەرانبـە ر بـە دەرگای شـوقەی شـەرمین خـان ڕاوەسـتام ، ئـەو تاریکـی و بێدەنگیـە خسـتمیە گێـژاوی دوو دڵییـەوە« لەوانەیـە بـە هەڵـە بـم، لەوانەیـە خەیاڵـم کردبێت،خـۆف دایگرتووم...هـا؟» پەشـیمان بوومـەوە و بـە پەلـە گەڕامـەوە شـوقەکەی خـۆم و دەرگاکـەم لـەم دیـودا قفـڵ کـرد .

بەیانـی خێـرا هەسـتامە سـەر خـۆم و بـێ ئـەوە دەسـت ودەم و چـاوم بشـۆم، دەرگای شـوقەم کـردەوە، پێویسـتی نەدەکـرد لـە ماڵـی ئـەوان بچەمـە پێشـەوە، چوونکـە بـەو پـەڕی ڕووناکییـەوە، هەمـوو شـتێکم لـێ دیـار بـوو، بـە تایبـەت قفڵـە زیوینەکـەی سـەردەرگای شـوقەی مـاڵ شـەرمین خانیـش. لـە ماڵـدا نەبـوون.

تاکـوو ئێسـتاش کـە دەیـان ڕۆژی ڕەبـەق، لـە دەرکەوتنـی ئـەم چـاڵاوە بۆگەنـە تێدەپەڕێـت، ئـەوان هێشـتاکە نەگەڕاونەتـەوە بـۆ مـاڵ بـەڵام مـن هەمـوو شـەوێك بەرزیـن لـە هەمـان

کاتــی دیــاری کــراودا دەبینمــەوە و لــە گەڵیــدا دەکەومــە بازنــەی یارییەکــی ســحرییەوە.

ئەمشــەو، ســی و چەندمیــن شــەوە و ئیــدی مــن لــەم بارودۆخــە نائاسـاییە وەڕەز بوومـە. دەمەوێـت گرێـی ئـەم چیرۆکـە بکەمـەوە . چیرۆکـی خـۆم و بەرزیـن و ئـەم چـاڵاوە بـێ بنـە.

کاتژمێـر بیسـت وسـێیە. خێـرا مانتۆهـکـەم دەپۆشـم و سـەر پۆشـێك دەخەمــە ســەر پرچەکانــم و پرچــم دەشــارمەوە وســەرپاییەکانم لــە پێدەکــەم ودەچمــە چێشــتخانە و چەقــوە تیژهـکــە هەڵدگــرم و خێــرا نووکــی یەکــێ لــە قامکەکانــم دەبــڕم و خوێــی زۆری تێیــدا دەپژێنــم.

سـۆی وەختـە لـە دڵـم بـدات و لـە سـەر خـۆ بچـم، بـەڵام لـەم تێفکرینــە بــزە دەنیشــێتە ســەر لێوانمــدا، چوونکــە لــە چەشــنی ئەفســانە کۆنــەکان لــە گــەڵ چارەســەر کردنــی ئــەم کێشــەیە هەڵســووکەوتم کــردووە.

هەسـت بـە یارییەکـی زۆر گـەرم و گـوڕ و وروژێنـەر دەکـەم. ئایـا یـاری بـوو؟ نـا، بـۆ ئـەوە کـە خۆمـی لـە گەڵـدا ڕا بێنـم ئـەو ڕوداوە سـەیرەم خسـتبووە بازنـەی یاریـدا، بەڵکـوو ترسـە نۆسـتالۆژیکەکەم، لـە خـۆ ، دوور بخەمـەوە.

بــە کوتــە پەڕویــەك قامکــە برینداره‌کــەم دەبەســتم و لــە چاوەڕوانـی بەرزینـدا دەچمـە بـەر دەڵاقـەوە. ژانـی برینـی قامکـم ناهێڵێــت دیســان خــۆف بکــەم و لــە وێنــەی شــەوانی ڕابــردوو ئێختیـاری هەمـوو کارێکـم لـە دەسـت بـدەم . سـەیری کاتژمێـر دەکـەم . کاتیەتـی . چارەکـە سـەعاتێک مـاوە بـۆ هەمـان کاتژمێـر واتــە هەمــان کاتژمێــری بیســت و چوارەکــە.

یەکەمیــن ئاســەواری دەرکەوتنــی ســێبەری بەرزینــم لــێ دیــار دەبێــت. خێــرا بــەرەو دەرگای شــوقەکەم ڕادەکــەم .

لــە مــاڵ دەچمــە دەرێ. تاریکــی و بێدەنگــی بیناکــە هەمدیســان خەریکــە تێکــم دەدات و ترســەکەم تێــدا دەوروژێنێتــەوە، خەریکــم لــە چەشــنی شــەوانی پێشــم لــێ بێــت بــەڵام دەرفەتــی نادەمــێ و خێــرا تــرس لــە بیــری خــۆم دەبەمــەوە و لــە پلیکانــەکان بــەرە و خــوار دەبمــەوە و دەروازەی بینــای ســەرگوڵ بــە هێواشــی ئــاوەڵا دەکــەم.

بــا، خۆیەتــی ، بەرزینــە. بــە جــل و بەرگێکــی جیــاوازەوە، لــە لێــوی چاڵاوەکــەدا ڕاوەســتاوە. خــۆم دەخەمــە پەنــای دیوارێکــەوە. بەرزیــن ســەیری دەلاقــەی شــوقەکەی مــن دەکات. دەسەســڕێکی ســپی بەســتووەتە بــەر تەوێڵیــەوە و جلێکــی درێــژ و ڕەش و ســپی و ورشــەداری لــە بەردایــە، جلێکــی وا درێــژ کــە دەگاتــە ســەر پێڵاوە ڕەشــە بریکەدارەکانــی.

وە ی ی ی کــە ئــەم منداڵــە چەنــدە جوانــە و ئــەم جلــەی چەنــدە لێــی دێــت، بــەڵام ئێمــەی کــورد هیچــکات لــەم چەشــنە پۆشــتەگەلمانە نەبــووە و تاکــوو ئێســتاش مــن شــتی وام لــە بــەر خەڵکــی ئاســاییدا نەبینییــوە. گوێــم لــە دەنگــی خڕەخــڕی موبایلــە گەورەکەیەتــی. خــۆم لــە بەرزیــن دەردەخــەم .

چەندیــن جــار ویســتم چیرۆکــی خــۆم و بەرزیــن و چــاڵاوە بــێ بنەکــە بــۆ گــەورە پیــاوی بینــای ســەرگوڵ بگێڕمــەوە و داوای لــێ بکــەم یارمەتیــم بــدات تــا بــە جۆرێــك ئــەم کێشــەیە چارەســەر بکــەم ، بــەڵام هــەر کــە بەرانبــەر بــە ئــەو ڕادە وەســتام و ســەیری نێــو چاوانیــم دە کــرد و دەمەویســت ســەر قســە دابێنــم ، لــە ئــان وســاتێکدا پەشــیمان دەبوومــەوە و ڕام دەگــۆڕدرا، چوونکــە هەرکــە

سـەیری نـاو چاوانـی ئـەوم دەکـرد هەسـتم بـە پووچەڵیەکـی ڕەش دەکـرد و بۆنـی تەزوهێنـەر و ناحـەزی مـردن، دایدەگرتـم. دەتگـوت سـەیری چاڵاوێکـی بـێ بـن و خۆفناکـم دەکـرد. نیـگای مودیـری بینـای سـەرگوڵ وا سـارد بـوو کـە قـەت نەیدەهێشـت لێـی نزیکـەوە بـم و قسـەی لا بدرکێنـم .

لـە وانـەش بـوو کـە ئەگـەر باسـی شـەوانی ڕابـڕدووم بـۆ بگێڕایتـەوە لـە وێنـەی شـەیتان لـە قاقـای پێکەنینـی بدایـت و قسـەکەی لای دراوسـێکان دەدرکانـد و بـە شـێت یـان لانـی کـەم بـە گەمـژە نێومـی دەر دەکـرد.

خـۆم لـە بەرزیـن دەردەخـەم . پاییـز خەریکـە کۆتایـی پـێ بێـت. زسـتان لـە ئارادایـە. بـای پاییـزی ڕوو لـە مـن دەهاژێنێـت و تۆزێـك دەمهێنێتـە خۆمـدا.

دەبوایـێ باشـتر هەسـتم بـەو سـەرمایە بکردایـێ بـەڵام مـن لـەم کاتـەدا وەکـوو ئاگـر دەسـوتم و خەریکـم دەبمـە دڵۆپێـك ئارەقـەی داخ. لـە وانەیـە لـە پـڕ بتکێمـە سـەرلافاوە نادیارەکـەی سـی و چـە نـد ڕۆژی پێشـیش.

بـەرەو چـاڵاو هەنـگاو هەڵدێنـم و بـە هێواشـی بانگـی لێدەکـەم: «بەرزین...بەرزیـن گیـان.» بـەرەو مـن دەڕوانێـت. زۆر لـە سـەر خـۆ، دەڵێـی پێشـتر ئـاگادار کـراوە کـە بڕیـارە لـەو کاتـەدا مـن لـەوێ بـم.

چەنـدە نیـگای لـە نیـگای گـەورە پیـاوی بیناکەمـان دەکات. ئاخـر ئـەم منالـە کـەی وا بـوو ؟ ئەمـە کـەی ئـاوا گـۆڕدرا و مـن نەمزانـی؟ هەڵبـەت ئـەوەم بیسـتبووم کـە مامۆسـتای قوتابخانـەکان ، هـەر لـە سـەرەتاوە، لـە ڕووی یاسـایەکی دابیـن کـراودا هـەوڵ

ده‌ده‌ن مناڵـه‌کان لـه سـه‌ر ئوسلوپێکی دیاریکـراو ڕابێینـن و لـه گـه‌ڵ وانه‌کانیانـدا فێـری هه‌نـدێ سرووت وشـیعر و بیـرو بـڕوای نائاسـاییان ده‌کـه‌ن، بـه‌ڵام ...چ بڵێـم؟ هه‌سـت ده‌کـه‌م کـه ئه‌مه‌یـان شـتێکیتره و جیاوازتـره.

دیســانه‌وه ترســه نۆســتالۆژیکه‌که ده‌مته‌زێنێتــه‌وه . ســۆی قامکــم هێـدی، هێـدی خـه ریکـه لـه دڵـم ده‌رده‌چێت.نا...نا....مـن پێویسـتم بـه‌و ژان و ئێشـه‌یه‌تی...بۆ ئـه‌م کاتـه بـوو کـه برینـم لـه قامکـم خسـت و خوێـم تێـدا پژانـد...

بـه چه‌قـۆ برینـم تێخسـت به‌ڵکـوو سـۆی ئـه‌م ئێـش و ژانـه، لـه‌م کاتـه‌دا یارمه‌تـی ده‌رم بێـت، به‌ڵکـوو تـرس نه‌مبـات، به‌ڵکـوو سـه‌ر لـه کاری به‌رزیـن و خـۆم و چـاڵاوه بۆگه‌نـه مێژووییه‌کـه ده‌ربێنـم . بریـا بمزانیبایـێ چ شـتێ منـی لـه گـه‌ڵ ئـه‌م بارودۆخـه نائاسـایی و ته‌ماویـه موتوربـه کـردووه؟

به‌رزیــن تۆزێــك بــۆ مــن ده‌ڕوانێــت و پاشــان بــه‌ره و نێــوان تاریکیه‌کــه‌ی پشــت ســه‌ری ده‌ســووڕێته‌وه.

لـه ئـان و سـاتێکدا ده‌یـان سـێبه‌ر لـه نێـوان تاریکیه‌کـه، ده‌رده‌کـه‌ون و بــه‌ره‌و به‌رزیــن و مــن و چــاڵاو دێــن. هێــدی، هێــدی ڕواڵه‌تــی ئه‌وانـم لـێ ده‌رده‌که‌وێـت. پـۆشراو لـه جـل و بـه‌رگ گه‌لێـک لـه وێنـه‌ی جـل و به‌رگـی به‌رزیـن، بـه ده‌سه‌سـڕێکی سـپی یـان ڕه‌ش لـه ده‌ور سـه‌ریاندا و پێـڵاوی ڕه‌ش و سـپی و بریکـه‌دار لـه پێیانـدا. ده‌قاوده‌قــی به‌رزیــن.

کـه جـوان سـه‌یریان ده‌کـه‌م ، ده‌بینـم بـه گشـتی هه‌موویـان ده‌ناسـم ، دراوسـێیه‌کانمن. ژن و منـاڵ و پیاوه‌کانیـان پێکـه‌وه له‌وێـن و لـه چه‌شـنی یـه‌ك بـۆ مـن ده‌ڕوانـن.

وام بـۆ دەردەکەوێـت کـە بەڕاسـتی مـن گەمژەیێکـی تـەواوم. بەڵـێ وایـە گەمـژەم .چ شـتگەلێک لـە تەنیشـتمدا ڕویـان داوە و مـن ئـاگام لێیـان نەبـووە. سـەیر ...سـەیر .. بـەو خوایـە گێلێکـم بـۆ خـۆم... یـان لـە وانەیـە کـە هـەر لـە سـەرەتاوە تەورباسـی ئـەم ڕووداوە مـن بوومـە و خـۆم تێـی نەگەیشـتوومە، بـەڵام بـۆ؟

سەیری جل و بەرگی خۆم دەکە م .

مانتوەکـە م پەمەییـە ، پـارەی زۆرم بـۆ کڕینـی سـەرف کـردووە. زۆریـش حـەزم لـە ئـەم ڕەنگەیـە ،سەرپۆشـەکەم زەردە ، پێڵاوەکانیشـم سـوورن ، لـەم ڕۆژانـە چوومـە بـازاڕ و کڕیـم ، لـە نیگامـەوە زۆر جـوان بـوون ئـەو پێڵاوانـە .

کـە سـەیری جـل و بەرگـی ئـەوان دەکەمـەوە لـە پـڕ تـژی دەبـم لـە شـەرمەزاری بەرانبـەر بـە جـل و بەرگـی خـۆم و لـە هەمـوو شـتێکی خـۆم تەریـق دەبمـەوە. هەموویـان بـە ڕامانـەوە بـۆ مـن دەڕوانـن و لەوانەیـە مـن ببمـە دڵوپێـك ئارقـەی بـێ سـوود و بـێ بایـەخ .

تـەق و پـۆق و خـڕە خـڕی موبایلـە گەورەکانیـان وەختـە گوێـم کـەڕ بـکات. لـە نێـوان خۆیانـەوە جێـگام بـۆ دەکەنـەوە ، کـە واتـە تـۆش وەرە لامـان. ناچـار لێیـان دەچمـە پێشـەوە. لـۆی خـواروی مانتۆەکـەم دادەکشـێمە خـوارەوە بەڵکـوو یـەك تـۆز درێژتـر پیشـان بدرێـت، چوونکـە مانتۆەکـەی مـن کورتـە هەڵبـەت خـۆ قـاچ ڕووت نییـە و دەرپێـم لـە پێدایـە بـەڵام هـەر لەخۆمـەوە تەریـق دەبمـەوە سـەرم دادەخـەم و سـەیریان ناکـەم .

خـۆم لـە خۆمـەوە تـژی بوومـە لـە شـەرمەزاری ، هـەر نازانـم بـۆ، لـە گـەڵ ئەوانـدا هەسـت بـە جیاوازیەکـی ئێگجـار زۆر دەکـەم ،

لـە بـەر خۆمـەوە دەڵێـم» تکایـە ببـوورن ...تکایـە ...بـۆ ئـەم جـل و بەرگـە ڕەنگامەیـە ببورن..ئاخـر خەتـای خـۆم نیـە زۆرم حـەز لـەم ڕەنگانەیـە ...شـەرمەزارم بـە خـوا» .

لـە ئـەو شـوێنە کـە بـۆ منیـان چـۆڵ کـردووە ، نزیـك دەبمـەوە، ڕێـك لـە لێـواری چاڵاوەکەدایـە، دەسـتم دەکەمـە گیرفانـی مانتۆکـەم و مۆبایلـە شـینەکەم دەردێنـم کـە یانـێ هـا ئەمنیـش موبایلـم پێیـە بـەڵام موبایلەکـەی مـن تەقـەی نایێـت، خـڕەی نایێـت، بریـا لـەم کاتـەدا کەسـێك زەنگـی بـۆ مـن دەدا کەسـێک وەکـوو هاوڕێیەکـی هەندەرانـی زەنگـی بدایـێ و٤٠ دەققـەی ڕەبـەق لـە بـەر چـاوی ئـەم جەماعەتـە سـەیر و سـەمەرەیە

پێکــەوە قســەمان بکردبایــێ ، بەڵکــوو چەنــد زڕەش لــە ئــەم مۆبایلــە نەگبەتیــەی مــن بــەرز بواتاییێتــەوە.

لـە تەوژمـی هەسـتی شـەرمەزاریمدا، زۆرتـر لـە ئـەوان خـۆم بـەرەو نێـو دڵـی چـاڵاوە بـێ بنەکـە دادەنەوێنـم و بەڕامانێکـی قووڵـترەوە سـەیری ناخـی چـاڵاوە بۆگەنەکـە دەکـەم و لـە هەمـان کاتیشـدا هەسـت بـە دەیـان نـاو لەپـی گـەورە و بچـووك دەکـەم کـە پێکـەوە دەلکێنـە نـاو شـانمەوە و بـە نەرمـی دەهاوێژمـە نێـو دڵـی چاڵاوەکـە. نـاکاو دەقێژێنـم» ئـاااااااااااااای ی ی»......سـودێکی نیە،تـازە ئیـدی تـووڕ درام.

گوایــە ئــەم چــاڵاوە تــە نیــا بــۆ خواردنــی مــن زاری ئــاوەڵا کردبــووو؟ بۆنــی کۆنــی هەناســەکانی چــاڵاو دڵــم دێنێتــە یەکــدا. ســۆی برینــی قامکــم نامێنێــت، کــە دەکوترێمــە بــن چاڵاوەکــە ، هەســت بــە هیــچ ئێــش و ژانێــک ناکــەم. نــە قاچــم دەشــکێت ونــە ســەرم کەلێنــی تێدەکەوێــت ، تەنانــەت کەپۆشــم ناڕوشــێت.

موبایلەکـەم هیچـی لـێ نەهاتـووە ، سـەرەڕای ئـەوە کـە لـە کاتـی تـووڕ درانەکـەم لـە دەسـتم داکـەوت و پێـش لـە خـۆم داکوترایـە بنـی چاڵاوەکـە . موبایلەکـەم ئیـش دەکات، وەکـوو جـاری جـاران. خێـرا ڕەقەمـی مـاڵ دایکـم دەگـرم ، وڵامـی نیـە، ماڵـی خۆشـکم ، پـوورم، پورزاکانـم، هاورێیەکانـم ، نـاااا سـوودێکی نیـە، لـە جـەرس دەدەن بـەڵام وڵامیـان نیـە.

ئێسـتا دەمێکـە ئەمـن لـە بنـی ئـەم چاڵاوەدام. نـە برسـی دەبـم و نـە تینـوو، نازانـم ڕۆژ بوەتـەوە یـان نـا؟

سنه لە شووقەی ٨٩ دا

تـۆ لـە پەنـای داریکـی هـەرە کۆنـەوە دەردەکـەوی. لەچاوانتـەوە تیشـکێکی تەماویـی بـەرەو مـن ورشـەی دێـت. لێـم نزیـك دەبیتـەوە. بـە چپـەوە داوای مەرگیکـی کوشـەندەم لێدەکـەی

. وەڕەز بوویـت، وەڕەز، بـە ڕاشـکاوی دیـارە تـۆ ئیـدی لـەم کات و شـوێنەدا ناگونجیـت . سـەیرم دەکەیـت و لێوەکانـت بەزمـان تەڕدەکـەی، لێوەکانـت چەنـدە بەتامـەزرۆ دیـارن، داوای مەرگێکـی بـێ شـوێن و کاتـم لێدەکـەی.

کات هەمـان داری هەرەکۆنـە. میلـەکان دەمێکـە خێـرا لەسووڕاندان ، ئـاوڕ دەدەمـەوە و بـۆ دار دەڕوانـم. حەپەسـاو سـەیری دەکـەم . ئـەو میلـە ناسـکانە چەنـدە بـە تەمـەن دیـارن، بـۆ تاکـوو ئێسـتا هەسـتم پێنـە کـردووە؟ سـەیرم دەکـەی: ‹‹تکایە..خێـرا.. دەی.››

ئاخـر مـن چیبکـەم، ویسـتم لێبـڕاوە، مێشـکم وەختـە بتەقـێ . چیبکـەم، دەبـێ قـوڕی کامـە وڵاتـی ڕەش و دامـاو بەسـەرمدا بکـەم، دەپاڕێتـەوە: ‹‹دەی، دەی توخوا،خێراکـە.››

دەڕۆم، بـەرەو دارەکـۆن دەڕۆم، ئـای حەیاتـم، ئەمـە کـەی تـا ئـەم ڕادەیـە وەڕەز بـووی و مـن هەسـتم پـێ نەکردبـوو؟ هـاااا؟ کـەی وات لێهـات و مـن نەمزانیـوە؟ هـاااا؟

چاوانـت بڕییـە ناوچاوانـم و گوتـت: ‹‹گـۆڕدراوی هەناسـەکەم.››

گوتـم : ‹‹نـا.››

لەپـڕ زللەیەکـت لێـدام و قیڕانـدت:›› ئـەوە بزانـە دەتکـوژم بـەو

خوایــە تــۆ دەکــوژم و پاشــان خۆشــم دەکــوژم.›› هیچــم نەگــوت وەکــوو شــێتەکان لــەوێ هەڵاتــی و تاچەنــد ڕۆژ دیارنەمایــت.

‹‹دەی هەناسەکەم دەی خێراکە››....

ئیــدی هیــچ نایــژم. خێــرا بــەرەو دارە کــۆن هەڵدێــم، چاوەڕوانــی بێســوودە حەیاتــم، دەبــێ دەسبەکاربم. دەســتم درێــژ دەکەمــەوە، بێگومــان دەســتم ناگاتــە ئــەو میلانــە، میلەکانــی ئــەو کاتژمێــرە زۆر لــە منــەوە دوورن، بــەڵام دەســتی مــن کێشــی دێــت ، دەســتی مــن بــەرەو میلەکانــی زەمــەن کێشــی دێــت.

دەســتم دەڕوات ، حــەزت لێیــە بزانــی چــۆن چۆنــی دەســتم دەڕوات؟ حــەزت لێیــە؟ هــاااا؟ دە ســەیرم بکــە بزانــە مــن چــۆن وادەکــەم، نــا... بەداخــەوە کــە بێســوودە، تــۆ تەنانــەت حــەز ناکــەی بزانــی مــن چــۆن وا لــە دەســتم دەکــەم . ســیحرە یــان چییــە بەلاتــەوە گرینــگ نییــە. تەنانــەت سەیریشــم ناکەیــت، دڵــۆپ ، دڵــۆپ فرمێســك لەچاوانــم دەوەرێتــە خــوارێ.

دەســتم کێشــی دێــت و لــە داری کــۆن خــۆی هەڵدەکشــێت، دەزانــی چــۆن؟ دەزانــی؟

دە گــوێ بگــرە ســەگباب، گــوێ بگــرە، نــا نــا نــا، تکایــە ببــوورە حەیاتــم، ئــەو جنێــوە لــە زاری مــن نەهاتــە دەرێ، بــڕوا بکــە لــەزاری منــەوە دەرنەچــووە ، مــن ئــەوەم نەگــوت. مــن گوتــم:›› بــە قوربــان گــوێ بگــرە، دڵەکــەم گــوێ بگــرە، ســەیر، ســەیر بزانــە چــۆن دەســتم کێشــی دێــت.

تــۆ بــەردەوام حــەزت لــەم کارانــەی مــن بــووە، ئێســتاکە بــۆ ســەیرم ناکەیــت جــاران بەحەپەســاوییەوە ســەیرت دەکــرد. . ..دە ئێســتا بــۆ وایــت، ســەیرم ناکــەی، کــە وایــە مــن درێــژە بەکارەکــەم دەدەم ، بــا

، درێـژە بـە کارەکـەم دەدەم و ڕەحمیشـت پێناکـەم ، بەزەییـم پێتـا نایـەت . ئەتـۆ کـوا دەزانـی بەزەیـی یانـی چـی؟

تـۆ ئەگـەر بتزانیبایـە بەزەیـی چییـە داوای مەرگـت لـە مـن نەدەکرد. ئەویـش مەرگێکـی ئاوەها.

ئێسـتا دەسـتی مـن وەکـوو بنێشـتی ژێـر ددانەکانـی منداڵێکـی لێهاتـووە کـە بـە دوو قامکـی بـەردەوام دەیکێشـیت. دەسـتم کێشـی دێـت و دەڕوات و دەگاتـە میلـە کۆنەکانـی کات. لـە ئـان و سـاتێکدا میلـەکان هەڵدەکەنـم و دەیانهێنمـە خـوارێ .

سـەیرە حەیاتـم بـۆ تاکـوو ئێسـتا لەتەمەنـی ئـەم میلانـە بیـرم نەکردبـووەوە ؟ بـەرەو تـۆ ئـاوڕ دەدەمـەوە، ساردو بێگیانـی وەکـوو مـردووەکان، پێموایـە لـەو کاتەوەکـە بڕیـاری مردنـت بەخـۆت وخـۆم دا ڕە نگـی مـردووت لێنیشـت.

بـەرەو تـۆ ڕادەکـەم، بـا دەبـێ بەقسـەت بکـەم، ئەمجـارە بێگومـان بەقسـەت دەکـەم، دەسـتم ئاسـایی دەبێتـەوە، دەقـاو دەقـی ئـەو دەسـتەکەی تـرم، دێـم، بـەرەو تـۆ دێـم، ڕادەوەسـتم و بانگـت لێدەکـەم: وەرە ە ە......

بەئەسـپایی بـەرەوە مـن وەردەچەرخیتـەوە و دێیـت، دێیـت و لەبنـاری ئـەو چیـا سـپییە ڕادەکشـێی . تـۆ زیوینـی، لەڕەنـگ و وێنەی مانـگ دەکـەی، ئەوەنـدە زیویـن، کـە لـەو بنـارە سـپییە سـپیتر لـە بەفـر دەردەکەویـت .

ڕادەکشـیت و دوو لێـوە تەڕەکـەت لێکدەنێـی. زارت وەکـوو سـێوێکی تـەڕ و سـپی دەکەوێتـە پێـش چاوانـم . دەسـتەکانت دەخەیتـە سـەریەك و لەسـەر سـینگت دایاندەنـی و بێدەنـگ دەکەویتـە بازنـەی چاوەڕوانییەکـی ون و داخـراودا .

ئـای کـە چەنـدە بـە تامـەزرۆ دیـاری. لـەش ولاری زیوینـت تەنانـەت لـەو بنـارە سـپییەوە دیـارە و ورشـەکانت تـا ئـەو دیـوی چیـاکان دەڕۆن.

دایکـم گوتـی:›› وەڵاهـی پێموایـە تـۆ سـیحرکاری ،بـاس لـە چییـەوە دەکەیـت تـۆ ، ورشـە و پرشـەی چـی ئاخـر ، ئـەم بەسـتەزمانە ورشـە و مرشـەی لەکـوێ بـوو... ڕاسـتم پێبڵـێ کچـێ ئەتـۆ چیـت دەرخـواردی ئـەم هـەژارە داوە کـە ئـاوا تیشـکی لێبەربـووە ئاخـر کوێـر بیـت یاخـوا، بـۆ وات لـەم بەسـتەزمانە کـردووە؟»

کفـر کفـر، کفرەکانـی دایکـم کۆتاییـان پـێ نەدەهـات. مـن دەمگـوت:›› ئـەم کفرانـە لـە ئاکامـدا سـەرمان لێدەشـێوێننن.›› تـۆش پێدەکەنیـت و دەتگـوت: ‹›کچـێ کفـری چـی و قسـەی قـۆڕی چـی واز بێنـە حەیاتـم ژیـان ئەمەیـە کـە دەیبینـی، لەچـی دەگـەڕی دڵەکـەم، ژیـان ئەمەیـە و بـەس.››

میلەکانـی کاتژمێـر بـە چـەپ و ڕاسـت لەسـەر سـینگتدا دادەنێـم. بـڕوا بکـە ئەمـە ئیـدی یـاری نییـە . یارییەکانمـان ئاکامیـان پێهاتـووە حەیاتـم.

لەوانەیـە لـە قسـەو بیـرو بڕواکانـت پاشـگەز بوویتـەوە؟ هـاااا؟ لەوانەیـە ؟ نازانـم .ڕەنگـە هاتبیتـە سـەر ئـەم بڕوایـە کـە پـاش مردنـت، لـە دونیایەکیـتردا دەژیـت، یـان دیسـان زینـدوو دەبیتـەوە؟ هـاااا؟ هاتوویتـە سـەر ئـەم بڕیـارە؟ ئـەی چـۆن بـێ قسـە و بـاس داوای مەرگێکـی ئاوەهـام لێدەکـەی؟

بـڕوا بکـە ناتوانـم لەمێشـکی خۆمـدا ئـەم داخوازییـەت بگونجێنـم، پێـت گوتـم ئەمـە ئیـدی یـاری نییـە؟ هـا؟ بیرتە؟نەمگـوت ؟ بـا گوتم، بیرمـە گوتـم: ‹›ئەمـە ئیـدی یـاری نییـە حەیاتـم، مـن بڕیارمـداوە

بتکـوژم، مـن دەتکـوژم حەیاتـم، دەتکـوژم.››
بەجێـت دێڵـم، دیسـان بـەرەو داری هـەرە کـۆن دەگەڕێمـەوە.
بانـگ لـە دەنگـەکان دەکـەم . دەنـگ، دەنـگ ، هـەزاران دەنگـی سـەرگەردان و ون بـوو لـە ئـان و سـاتێکدا لێـت کـۆ دەبنـەوە. تەنانـەت ئـەو دەنگانـە کـە خاوەنەکانیـان نەمـاون لـەم دونیـا نەگریسـەدا .
بانگیـان لێدەکـەم. دێـن لـە دوورەوە دێـن و لاشـە زیوینەکـەی تـۆ گەمـارۆ دەدەن. حەدیـان نەبێ ئـەو دەنگانـە ورشـە زیوینەکانـی لاشـەی تـۆ داپۆشـێنن بـەڵام لـە چاوتروکانێکـدا هەموویـان دەلکێنـە تـۆوە .
دەنگـی تـووڕە، دەنگـی نـەرم، دەنگـی خـۆش، گـەرم، تـاڵ و سـارد، جـوان و ناحـەز، لەهەمـوو جـۆرە دەنگێـک دەلکێنـە تـۆدا ، هەموویـان بـە هـەزاران قاقـا و پێکەنیـن و چپـە و سرتـەوە هاتـوون و تـۆ لەیـەك ئـان و سـاتدا لـە ژێـر تارماییـە سـاماناکەی دەنگەکانـدا نوقـم دەبـی.
بیرمـە کـە تەنیـا لەکاتـی خۆشـتندا دەمتوانـی جـێ پەنجەکانـت بەسـەر لەشـمەوە بسـڕمەوە، جەسـتەم نوقمـی ڕووناکـی دەبـوو هەمـوو کاتـێ کـە لـە ئامێـزی تـۆ دەبوومـەوە، تەنیـا ئـاو ئـەو تیشـکانەی لـە مـن دەسـڕییەوە. دایکـم دەیگـوت:›› سـەیر خـۆ تـۆش وەکـوو ئـەوت لێهاتـووە کچـێ تیشـکەکانی ئـەو تۆشـیان نوورانـی کردووەتـەوە.
‹›ئـاای لـەو دایکـەی مـن هـەر تاوێکـو بـە جـۆرێ قسـەی دەکـرد ، تاوێـک ئینـکار و تاوێکیـش بەڕاسـت بـوو.
تەنیـا ئـاو جـێ پەنجەکانـی تـۆی دەسـڕییەوە، لەقاقـای پێکەنینـت

دەدا و دەتگـوت:›› تەنیـا شـتە نادیـارەکان دەتوانـن ئاسـەوارەکانی مـن لـە تـۆ بسـڕنەوە، تـۆ هیچـکات ناتوانـی مـن لەخـۆت بسـڕیتەوە ‹‹.

تـۆ کـە دەتگـوت دونیـا هـەر ئەمەیـە و بـەس کـە چـی ئێسـتاکە خـۆت بـاس لـە شـتە نادیـارەکان دەکەیـت و لـەم کاتیشـەدا هاتوویـت و لەبـەر دەسـتمدا ڕاکشـاویت و داوای ئـەوەم لێدەکـەی کـە بتکـوژم.

دیسـان بـەرەو دار هەڵدێمـەوە، دارە کۆنـی بنـارە سـپیەکەی چیـا نادیـارەکان.

تەنانـەت ئـەم شوێنیشـە خـۆت هەڵتبـژارد بـۆ مـردن . باشـە ، ئیـتر بەرانبـەر بـە داخوازەکـەت مـل دادەنەوێنـم و کڕنوشـت بـۆ دەبـەم. دە باشـە مـن وادەکـەم ، بەقسـەی تـۆ دەکـەم حەیاتـم، بڵـێ، بڵـێ، گوێـم لێتـە.....

لـە سـەر داخـوازی خـۆت ئێسـتاکە نـۆرەی ڕەنگەکانـە، ڕەنگـە نادیارەکانـی ژیـان، دەنـگ هەڵدینـم و بانگیـان لێدەکـەم. لـە پێنـاوی کەلێنەکانـی زەویـن و زەریـاکان و ئاسـمانەوە هـەزاران هـەزار ڕەنگـی چـاوەڕوان و نامـۆ بـەرەو تـۆ هـوروژم دێنـن، ئـای ی ی ی ...چ بڵێـم، بەرانبـەر بـەم بنـارە پـڕ لەڕەنگـە .

دەبمـە هیـچ، دەبمـە تـۆز، دەبمـە خـاك، دەبمـە مێروولـە، ئـای حەیاتـم چـەن بێدەسـەڵاتم بەرانبـەر بـەم کاکێشـانە ڕەنگاڕەنگـە کـە باوەش ، بـاوەش دەڕژێنـە سـەر جەسـتەی تـۆدا و تێکـەڵاوی ئـەو هەمـوو دەنگـە دەبـن کـە لکاونەتـە هـەزاران دەنگیشـە.

سـەیرە، جیهانێـك پـڕ لـە مووسـیقا و دەنـگ و ڕەنـگ بەسـەر لاشـە زیوینەکـەی تـۆدا دابارپـوە و قـەت ئاسـەواریك لـە تـۆ بەرچـاو

ناکەوێت بەڵام هێشتا ورشە زیوینەکانی تۆ ئەو هەموو دەنگ و ڕەنگانەی بەزاندووە . هێشتاکە دیاری ، من بە هەڵەم ، بەو ئاسانیشە نییە ، تۆ ئاسان لە من دوور ناکەویتەوە ، تۆ دیاری هێشتاکە .

من هەست دەکەم ئەگەر لەو گردە بێمە پێش ، تۆ لە پڕ هەڵدەستیت و ئامێزت بۆ من ئاوەڵا دەکەیت و بە چپەوە دەڵێی ‹‹تۆ ناتوانی من لەژیانی خۆت بسڕیتەوە، قەت ناتوانی دڵەکەم››.

بەرانبەر بەدایکم دانیشتی و گوتت: ‹‹من ئەم کچەی تۆم دەویت.››

دایکم بە لالووتەوە گوتی:›› نا.. نابێت... نا.. ناکرێت.››

گوتت: ‹‹بۆ ؟ئاخر بۆ؟››

دایکم ناوچەوانی گرژ کرد و گوتی: ‹‹تۆ زۆر ساکاری، میهرەبانییەکەت لە ڕادەبەدەرە، ناتوانیت ژیانی ئەم کچەی من بەڕێگەوە ببەیت ،ئەم کچەی من سیحرکارە سیحر کار.››

پێکەوە هەڵاتین، بەقاقا و پێکەنینەوە هەڵاتین و بەرە لێواری گۆمە دوورەکە دەرچووین و خۆمان لەگێژاوی ئەو قوڕ و لمانەدا گەوزاند، تلمان دەخوارد و پێدەکەنین، ئای... تۆ چەندە لەو کاتیشە ورشەداربوویت.

بەدەنگێکی خۆشەوە گوتت:›› واز بێنە حەیاتم، واز بێنە، وەرە یاریەکیتر دەست پێبکەین، گوێ مەدەرێ گیانەکەم ، گوێ مەدەرێ.››

ئێستاکە پێتوایە لەم بنارە سپییە، دەستمان کردووەتە یاریەکیتر بەڵام بڕوا بکە ئەمە ئیدی یاری نییە، دەتکەمە خوڵەمیش،

ڕزگارت ده‌کـــه‌م.

تـۆ پێتوایـه کـه بڕیـاره مـن لـه تـۆ ڕزگار بـم بـه‌ڵام ئاخـر چـۆن تێنه‌گه‌یشــتی کــه بــه بۆنــه‌ی عه‌شــقی منــه لــه دڵتــدا کــه تــۆ بــه‌رده‌وام ورشــه‌ت دێ و تـا دێـت ورشـه‌دارتر ده‌بیتـه‌وه کـه مـن بتکـوژم وعه‌شـقی خـۆم لـه دڵتـدا بسـڕمه‌وه ئیـدی ورشـه‌کانی تـۆ کۆتاییـان پـێ دێـت. ئـه‌و خه‌ڵکـه ئیـدی شـێته ، شـێته دوات ناکـه‌ون ئـه‌و خه‌ڵکـه وازت لـێ دێنـن ....ئیـدی تـه‌واو .

بـا هه‌ڵـده‌كات، به‌رانبـه بـه ڕووبـاره ته‌ماوییه‌کـه ڕاوه‌سـتاوم. بـا به‌هێــزه ده‌یهه‌وێــت تــووڕم بداتــه ســووچێکه‌وه.

بـا هــه‌وڵ ده‌دات پرچه‌کانـم بڕفێنێـت، ده‌قیژێنـم و ده‌سـتی چه‌پـم درێــژ ده‌که‌مــه‌وه، هه‌مـان ده‌سـتی سـیحراوی. هه‌مدیسـان ده‌سـتم درێــژ ده‌کــه‌وه بــه‌ره و ناخــی ڕووباره‌کــه . قامکه‌کانـم بێویسـتانه بـه‌ره‌و ناخـی ڕووبـار ڕۆده‌چـن ولـه شـتێک ده‌گه‌ڕێـن، ده‌سـتم لـه گه‌ڕاندایــه و ماســییه بچووکــه زیوینه‌کــه ده‌دۆزمــه‌وه.

پێموایــه ماســییه‌که خــۆی دێتــه نێــو له‌پــم، ده‌ســتم ده‌هێنمــه ده‌رێ، هه‌مـان ماسـییه، ماسـییه بچووکـه زیوینه‌کـه‌ی خۆمـه، هه‌مـان ماسـییه سـیحرییه‌که .

ئه‌گـه‌ر بیـرت بـێ جارێـکان چیرۆکـی ئه‌و ماسییه‌م بـۆت گێـڕا بووه‌وه کـه ئـه‌م ماسـییه بـه دوو لادا خـۆی ده‌جووڵێنێتـه‌وه. ئه‌گـه‌ر بـه‌ره‌و لای ڕاسـتیدا وه‌رچه‌رخێـت شـه‌پۆل شـه‌پۆل شـه‌راب ده‌خوڵقێنێـت و بـه باریکـتردا بـاوه‌ش بـاوه‌ش، ماچـی مه‌سـتی لێده‌بێتـه‌وه .

لـه نێـوان ئـه‌و هه‌مـوو ماچه مه‌سـته ، هه‌مـان ماچی سه‌رگه‌ردانیشـی تێدایــه، ئــه‌م ماچــه، ماچێکــی سه‌رســووڕهێنه‌ره، ســه‌رده‌مانێك زۆر گــه‌ڕام کــه لێوه‌کانــی ئــه‌م ماچــه ســه‌رگه‌ردانه بدۆزمــه‌وه بــه‌ڵام

بــۆم  نەدۆزرایــەوە ، تاکــوو لــەو ڕۆژە ســیحراوییە تــۆم بــە چــاو بینــی .  ئــەو ماچــە مەســتە، هیــن لێــوە  تەڕەکانــی تــۆ بــوو، لێــوە کانــت ســەرگەردان بــوون و نەیاندەزانــی لەســەر کامــە زاردا دەبــێ بنیشــنەوە.

گوتــت:›› دڵەکــەم لەکاتــی عەشــقدا، دەمهەوێــت یــەك کاتژمێــری تــەواو، لێوەکانــت بمــژم.

لێوەکانــت شــوێنگەی لێــوە ســەرگەردانەکانی منــن، نازانــم بــۆ قــەت تێریــان لــێ ناخــۆم، تەنیــا ئــەوە دەزانــم لــە ئامێــزی تــۆدا تامــی ســەهۆڵ و ماچــم لێــك کردووەتــەوە.›› پــاش ئــەو قســانەی تــۆ تێگەیشــتم ئیــدی پێویســتم بــەو ماســییە نەمــاوە دەبــێ بیخەمــە ڕووبارەکــەوە . ماســییەکەم تــووڕ دایــەوە بــن ڕووبارەکــەوە .

یەکــەم جــار کــە تــۆم بینــی و تــۆ لێــم نزیکــەوە بوویــت ئیــدی پێویســتم بــەو ماســییە نەمــا و  تووڕمدایــە ڕووبــارە مەســتەکەوە.

خەڵــك  دەیانگــوت ‹›ئەمــە ئــاو نییــە ئەمــە شــەرابە کــە  لــە جیاتــی ئــاو لــەم  ڕووبــارەدا  لــە  ڕوویندایــە.

‹› ئەوەندەیــان گــوت و گوتیــان تــا لــە کۆتاییــدا حکومەتییــەکان هاتــن و ئــاوی ڕووبارەکەیــان  تاقیکــردەوە.

تەنانــەت کارخانەشــیان لــەوێ دروســتکرد بــەڵام پــاش تاقیکردنــەوەی زۆر، تێگەیشــتن  ڕووبارەکــە  تەنیــا ئــاوی  پێیــە  نــەک شــەراب. حکومەتییــەکان  جەزایەکــی  قورســیان  بــۆ  خەڵکانــی  ســیخوڕی هەواڵنێــری  شــەراو و ئــاو دابیــن کــرد و پــاش بۆڵــە بــۆڵ و دەمــە قڕگەلێکــی دوور و درێــژ  کــەل و پەلیــان کــۆ کردەوە و لەوێ ڕۆیشــتن. پــاش ڕۆیشــتنی ئــەوان دیســان ڕووبارەکــە  مەســتی کــردەوە و بــاوەش بــاوەش ماچــی ســەرگەردانی  بەمــلا و ئــەولا دەنــارد.

بـە قامکـە سـیحریەکانم ماسـییەکە هەمدیسـان لـە ئاوەکـە دەردێنمـەوە و تـووڕی دەدەمـە سـەر لاشـەکەت. ماسـی ئەهـوەن و نـەرم دەسـتی پێـدەکات و شـەراب و ماچـە وا ئاراسـتەی تـۆ دەکات. ئێسـتاکە حەیاتـم لەوانەیـە ئیـدی لـە مـاچ و شـەراب تێـر بخـۆی بەپێچەوانـەی پێشـووت.

دەزانـم ئـەم ماسـییە چکۆلەیـە چـاری دەردی تـۆ دەکات، تەنیـا ئەمەیـە کـە دەتوانیـت ئـەو تیشـکانەی لەشـی تـۆ دابپۆشـێت.

پێشـتر هـەر کـە نێـوی ماسـییە چکۆلـەم بەلاتـەوە دەبـرد، زڵـە زڵ دەکەوتـە چاوانتـەوە و خێـرا و بـە تونـدی تیشـکەکانی لەشـت دادەبەزیـن و جـار وباریـش دەتگـوت شـەوەزەنگ گەمارۆتـی داوە ، خێـرا شـپرز دەبوویـت .

تـۆ تێگەیشـتبووی ئـەو ماسـییە ئاکامـی تۆیـە ، بۆیـە لێـی دەترسـای، بـەڵام ئەمجـارە هیچـت نەگـوت، کـە نـاوم بـرد چاوەکانـت لێـم داخسـت و بـێ قسـە و بـاس بێدەنـگ بوویـت.

ئـاااای حەیاتـم. تـۆ کـەی تـا ئـەم ڕادەیـە لـەم ژیانـە مانـدوو هەڵگەڕایـت کـە مـن نەمزانـی بـوو، کـەی وات بەسـەردا هاتبـوو، چـۆن مـن تێنەگەیشـتبووم؟

ماسـی هەمـوو شـتێك لـە ژێـر شـەپۆلە نەرمەکانیـدا، نوقـم دەکات، تـۆ نوقـم دەبـی، ئـارام و بێدەنـگ، میلەکانـی کاتژمێـری سـەردەمی تـۆ هێـدی، هێـدی نوقـم دەبـن، ئەهـوەن و نـەرم ، ئـەو دەنـگ و ڕەنـگ و مووسـیقا نادیارانـە لەژێـر ئـەو شـەپۆلە سـووتێنەرانە نوقـم دەبـن، دەڵێـی هیچـکات نەبوویتـە حەیاتـم، کات و شـوێن لەگـەڵ تـۆدا نوقـم دەبـن، دەڵێـی هیچـکات ژیـان خاوەنـی ئـەو کات و شـوێنە نەبـووە کـە تـۆ تێیـدا دەژیـای.

ئیـتر  هیـچ ئاسـەواریك لـە ورشـە جوانەکانـی لەشـی ئـەو نەمـاوە. مـردووە ئیـدی .

دەڵێـی هیچـکات هەبوونـی نەبـووە.  ئێسـتا ئیـدی ویجدانـم زۆر ئارامـە.  چاکـم کـرد کـە  لـە گـۆڕم  نـا. ئیـدی خەریـک بـوو دابڕزێـت لـە دڵمـدا ، ئەسـپەردەی خاکـم کـرد و ڕزگار بـووم ...ڕزگاااار.

سنه له شووقه‌ی ۸۹ دا

لـەو رۆژەوە کـە «سـەید ئەحسـەن» نیـان هێنایـەوە بـێ ئێختیـار هەنـدێ هەڵسـووکەوتی سـەیر و سـەمەرەم لـێ دەوەشـێتەوە. سـەرەتا کـە سـەید ئەحسـەنیان بـرد شـێت نەبـوو بـەڵام بـە شـێتی گەڕاندیانـەوە و ئەمنیـش پێـش لـە گەڕانـەوەی ئـەو زۆر ئاسـایی هەڵسـووکەوتم دەکـرد بـەڵام ماوەیەکـە خۆمیـش سـەرم لـەو هەڵسـووکەوتانەم سـوور دەمێنیـت . بـۆ نموونـە دوێنـێ بەرانبـەر بـە ئاوێنەکـەم ڕاوەسـتام و بـە ئارامـی قامکـم خسـتە سـەر مـەودای دوو بـرۆم لـە ئاوێنەکـەدا و بـە نەرمـی کونێکـم تێـدا درووسـت کـرد. پاشـان چـاوی راسـتم خسـتە سـەر کونەکـە و لەوێیـەوە سـەیری ژووری سـەرهەنگم کـرد لـە مێشـکمدا....نا نـا هیـچ سـیحرێک لـە کاردا نییـە . مـن هـەر کاتێـک بمهەوێـت لـە ڕاسـتییەکان تێبگـەم کونێـک لـە سـەر تەوێڵـم هەڵبـەت بەرانبـەر بـە ئاوێنەکـە ولـە ڕێـی ئاوێنەکـەوە ، لـە مـەودای دوو ئەبروومـدا درووسـت دەکـەم و چـاوی ڕاسـتم دەخەمـە سـەری و لەوێیـەوە سـەیری ڕاسـتییەکان دەکـەم . ئەمجـارەش وامکـرد کـە کـردم.....

سـەرهەنگ روو لـە سـەربازە قۆزەکـە گوتـی: «دەزانـم خـۆت داوە لـە کـەڕی هەتیوە».....زللەیەکـی دا بـە نێـو دەمیـدا و خوێنـی لـە زاری داپژانـدە دەرەوە. چەناگـەی سـەربازە بەسـتزمانەکە خوێنیـن هەڵگـەڕا و سـیمای جوانـی برینـی تێکـەوت. گوروبانەکـەش لەوێـدا ڕاوەسـتا بـوو، ڕێـک لـە لای شـانی کـوڕە سـەربازەکەوە . ئەویـش روو

لـه سـه‌ربازه قۆزه‌كـه هه‌ڵگه‌ڕایـه‌وه و گوتـی :›› گـه‌وره‌م ئه‌گـه‌ر ئـه‌م گه‌مـژه گوێـمان بـۆ شـل بـكات و تـۆزه میكیاجێكـمان بـۆ بـكات بـڕوا بكـه‌ن بـه قازانجییه‌تی...ته‌نیـا یـه‌ك تـۆز سـووراو ‹‹.... و قاقـای كێشـا. سـه‌رهه‌نگ ده‌سـتی هێنایـه پێـش ده‌مـه خوێنینه‌كـه‌ی سـه‌ربازه‌كه و پلێكـی بـۆ ته‌قانـد وگوتـی :›› ئه‌للـه كـه جوانـی خـۆ››...دای لـه قاقـای پێكه‌نیـن.

بـه تووڕه‌ییـه‌وه چـاوم لـه سر ئـه‌و كونـه كـه لـه ئاوێنه‌كـه‌دا كردبوومـه‌وه ، لابـرد. ئـاااى سـه‌رهه‌نگ ....چه‌نـده ناپیـاو بـووی تۆ....بـڕوام نه‌ده‌كـرد ئـه‌و كابرایـه ئـاوا بـێ ئه‌خـلاق بێـت ،ئاوێنه‌كـه‌م درۆزن نییـه هیچـكات ..هیچـكات درۆم له‌گه‌ڵـدا نـاكات.....

ناچـار بـووم هه‌مدیسـان بگه‌ڕێمـه‌وه بـۆ به‌رانبـه‌ر ئاوێنه‌كـه‌م و قامـك بخه‌مـه‌وه سـه‌ر مـه‌ودای دوو ئه‌بـرۆم لـه ئاوێنه‌كـه‌دا و كونێكـی دیكـه‌ی تێـدا بكه‌مـه‌وه:

بـه قسـه‌كه‌ی گوربانه‌كـه و پـل ته‌قاندنه‌كـه‌ی جه‌نابـی سـه‌رهه‌نگ ، سـه‌ربازه جـوان و بـاڵا به‌رزه‌كـه سـوور هه‌ڵگـه‌ڕا و بـه تووڕه‌یـه‌وه بـۆ گوروبـان و پاشـان سـه‌رهه‌نگ و هه‌مدیسـان گوروبـان و بـۆ سـه‌رهه‌نگ ڕوانـی. سـه‌رهه‌نگ پلـی ته‌قانـده‌وه: ‹‹جوانـی ،جـوان... ته‌نیـا یـه‌ك تـۆز سـووراو بابـه››.... گوروبانه‌كه قاقای كێشـا و ده‌سـتی بـۆ خـۆی بـرد. سـه‌ربازه جوانه‌كـه بـه ڕقـه‌وه سـه‌یری سـه‌رهه‌نگ و پاشـان گوروبانه‌كـه‌ی كـرده‌وه لـه ئـه‌م بـۆ ئـه‌و لـه ئـه‌و بـۆ ئه‌میـان ده‌یڕوانـی. گوروبـان گوتـی:›› ئـااا چییـه ، ده‌ی وه‌ره بمخـۆ ده‌ی وه‌ره ده‌ی وه‌ره››...سـه‌رهه‌نگ به‌رزتـر قاقـای ده‌كێشـا و بـه شـه‌هوه‌ته‌وه دای بـه سـه‌ر رانـی خۆیـدا. سـه‌ربازه‌كه لـه ژێـر لێویـه‌وه چپانـدی: ‹‹مه‌گـه‌ر مـن زبـڵ خـۆرم سـه‌گ بـاب.››

هەرکـە سـەربازەکە   ئـەوەی گـوت  خێـرا سـەرهەنگ  دای بـە نێـو دەمیـدا  و ئامـاژەی لـە گوروبانەکـەش کـرد. پێکـەوە لێـی بـەر بـوون ئەوەندەیـان لـێ دا کـە سـەربازە قۆزەکـە خـۆی پـێ ڕانەگیـردرا و ئەویـش لـەوان بـەر بـوو بـەڵام  لـە ئـان و سـاتێکدا سـەرهەنگ خـۆی گەیانـدە  تەنیشـتی  دەرگاکـە و بـە تونـدی لـە دەرگای کوتـا و خێـرا دوو گوروبانـی زەبـەلاح خۆیـان کـردە  ژوورەوە  و بێدەنـگ لـە سـەربازە جوانکیلەکـە بـەر بـوون و دەسـتیان کـردە لێدانـی . نـاکاو سـەربازەکە داکوترایـە سـەر مووزاییکـەکان و تەققـە لـە ژێـر سـەریەوە بـەرزەو بـوو. سـەربازەکە بوورایـەوە وخوێـن لـە ژێـر سـەری بەربـووەوە سـەر موزاییکـەکان .  لـەو حاڵەشـدا  سـەرهەنگ وازی نەدەهێنـا و بـە تووکـە شـەق لێـی دەدا و کفـری دەکـرد.

کـەس ئ اگای لـێ نەبـوو مـن لـەو کونـەوە کـە لـە مـەودای دوو ئەبـرووم، لـە نێـوان  ئاوێنـە قەدییەکەمـدا درووسـتم کـرد بـوو سـەیریان دەکـەم، سـەیری سـەرهەنگم دەکـرد کـە چۆناوچـۆن لـەو سـەربازە  جوانـەی دەکوتـا و خوڵپانـی خوێنـی کردبـوو.

ماوەیەکـە  هەسـتم  کـردووە  کـە سـەرهەنگ تـەواو خوێنڕێـژ و ناپاکـە و بەڕاسـت نییـە  لەگەڵمـدا ، بـەس تاکـوو  بـە هـەر دوو چاوی خـۆم  نەمبینـی بـڕوام پـێ نەکـرد بـوو . ئێسـتا ئیـدی تێگەیشـتووم ...جـوان تێگەیشـتووم......

سـەید ئەحسـەن وا نەبـوو بـەڵام بـە شـێتی گەڕایـەوە نێـوان گـەڕەک . دەمێکـە هەڵسـووکەوتەکانم  گۆڕدراون..هەسـت دەکـەم سـەرهەنگ ئیـدی خوێنڕێـژ دەرچـووە بەلامـەوە ....ئیـدی تەواو...ئیـدی سـەید ئەحسـەن ئیـدی ....هـەی بـە ڵەحنـەت بیـت سـەرهەنگ.

سنە لە شووقەی ۸۹ دا

# ١

یەکەمین بەش.

لەتەنیشـتی دەلاقەیەکـی چکۆلانـەوە ڕاوەسـتاوم . دەمێکـە وا هەسـتدەکەم ئیـدی پێویسـتم بـەم دەلاقەیـە نەمـاوە. تەنانـەت ناتوانـم لەچوارچێوەکەیـەوە سـەیری ئاسـمانیش بکـەم. لـە کامێـرای نیگامـەوە هیـچ لـە دەلاقەکانیـتر نـاکات.
دەمهەوێـت دایبخـەم ئـەم دەلاقەیـە . ئەگـەر دایبخـەم وابزانـم باشـترە .
دەلاقەکـەم پێشـتر وانەبـوو. مـت و بیدەنـگ بـوو. بـەردەوام وام هەسـت دەکـرد خـاوەن دەلاقەیەکـی بچـووك و جوانـم و سـەبارەت بـە ئـەو هیـچ ترسـێکم لـە دڵـدا نەبـوو.
لێـی نەدەکەوتمـە شـک وگومانـەوە و ئازادانـە لـە ژوورەکەمـدا هـات وچـۆم دەکـرد. لـە ڕاسـتیدا کـێ بیـر لـەوە دەکاتـەوە کـە کـەل و پەلەکانـی خانووەکـەی گیانـدار بـن؟ نـا، هیچـکات وام بیـر نەدەکـردەوە، بـەڵام دواتـر تێگەیشـتم کـە ئـەم دەلاقەیـە هەنـدێ جـار لـە قاقـای پێکەنیـن دەدات.
یەکەمجـار کـە لـە ئـەو ڕاسـتیە تێگەیشـتم، زۆر دڵـم خـۆش بـوو و سـەرخۆش و بەختـەوەر دەلاقەکـەم نوقمـی دەیـان مـاچ کـرد. شـانازیم پێیـەوە دەکـرد. کـوا، کوانـێ لـە کام شـوێندا دەلاقـەی واتـان بینیـوە کـە لـە قاقـای پێکەنیـن بـدات؟

دڵنیام که هه‌رگیز كه‌س تاکوو ئێستا ده‌لاقه‌ی وای نه‌بینییوه .

تـا چه‌نـد ڕۆژێـک له‌بازنـه‌ی ئـه‌و پیکه‌نیـن و قاقـا لێدانـه و مـاچ و مووچانــه ســوورم ده‌خــوارده‌وه و لــه‌وه کــه بوومه‌تــه خــاوه‌ن ده‌لاقه‌یه‌کـی سـیحری لـه خۆمـدا نه‌ده‌گونجـام .

تاکــوو مۆبایله‌کــه‌م لــه جه‌ره‌ســی دا، هاوڕێیه‌کــه‌م بــوو، لــه هه‌نده‌رانـه‌وه تێلـی ده‌کـرد. زۆرم پیخـۆش بـوو کـه زه‌نگـی بـۆ دام و مـاوه‌ی ٤٠ خولـه‌ک پێکـه‌وه دوایـن، پـاش داخسـتنی مۆبایـل، له‌پـڕ نرکــه له‌ده‌لاقه‌کــه بــه‌رزه‌وه بــوو.

لــه‌و ڕۆژه‌وه ده‌لاقــه بچکۆلانه‌کــه‌ی ژووره‌کــه‌م جــار و بــار پێده‌که‌نێــت ، هه‌نــدێ جاریــش تــووڕه ده‌بێــت، وا تــووڕه کــه خۆمیــش لێــێ ده‌ترســم ، بــڕوا ناکــه‌ی؟ بــا... وایــه.... زۆرتــری کاته‌کانیــش به‌خه‌مــه‌وه ده‌گــری و پرمــه پرمــی گریانه‌کانــی له‌وانه‌یــه دڵــم بتۆقێنێــت.

بـڕوا بکـه بـه بۆنـه‌ی ئـه‌م باردۆخه‌مـه کـه بـه‌رده‌وام دڵپـه‌رۆش ونیگه‌رانــم. تــرس و دڵه‌ڕاوکــێ خه‌ریکــه ژیانــم بــه تــه‌واوی تــاڵ ده‌کات .

کـه ده‌سـت ده‌بـه‌م ده‌لاقه‌کـه دابخـه‌م هـاوار و پاڕانـه‌وه‌ی گوێـی ئاسـمان کـه‌ڕ ده‌کات و دڵـم دێتـه هـه‌ژان و لـه پاڕانه‌وه‌کانـی خـه‌م دام ده‌گرێـت. کـه دڵیشـم بـۆی ده‌سـوتێت و له‌داخسـتنی په‌شـیمان ده‌بمـه‌وه هه‌مدیسـان بـه بچووکتریـن بیانـوو بـه جنێـو و تـف لێـم بـه‌ر ده‌بیـت ئـه‌م ده‌لاقه‌یـه، ئـاخ خ خ ...نازانـم چیـی لێبکـه‌م.

کـه نـان ده‌خـۆم برسـیه‌تی هـاری ده‌کات به‌جۆریـك کـه ده‌بـێ نـان لـه ده‌مـی خـۆم ده‌ربێنـم و لـه زاری ئـه‌وی بنێـم. ئـه‌ی نه‌مگـوت زاری هه‌یــه ئــه‌م ده‌لاقه‌یــه؟

بــااا دەمێکــە زاری لێــم کەوتووەتــە دەرێ، لــەو ڕۆژەوە  کــە لــە قاقـای پێکەنینـی دا، هێـدی، هێـدی، هێـدی نەخشـی زارێکـی بچکۆلانـە لـە ڕووی ئـەم دەلاقەیـە دەرکـەوت. پاشـان  کەپـۆ، دواتریـش دەسـت و قاچـی  لێیـەوە دەرهـات.

کــە هەنــدێ جــار بیرلــە قســەکانی دەکەمــەوە بــەو دەرەنجامــە دەگــەم کــە دەبــێ مێشکیشــی هەبێــت ئــەم  دەلاقەیــە. ئەگینــا چــۆن تــا دەم ڕادەیــە ژیانــی منــی ئاڵــۆز کــردوە و ســەری لێــم شـێواندووە؟ کـە دەمهەوێـت لـە حەمامـدا  خـۆم  بشـۆم هـاواری لــێ بــەرزەوە دەبێــت چوونکــە هــەر دەبێــت ئەویــش ببێتــە ســەیرکەری   خۆشــتنەکەم.

دەبـێ دەرگای حەمامـی لـێ ئـاوەڵا بکـەم. نابـێ لـە کاتـی ڕووتـەوە بوونـدا  خۆمـی لێبشـارمەوە، دەبـێ بـە ڕامانـەوە  بـۆ ئەندامەکانـم بڕوانێت..بەڵــێ وایە...چاویشــی هەیــە  ئــەم  دەلاقەیــە.

بەهــۆی چاوەکانیــەوە بــوو کەتێگەیشــتم هەســتە  شــەهوانیەکەی چەنــد بەهێــزە ، لێــرەدا بــوو کــە تێگەیشــتم کــە ئــەم دەلاقەیــە دەمێکـە وەکـوو مرۆڤەکانـی لێهاتـووە و بـۆ خـۆی بووەتـە پیاوێـك. لـە کاتـی نووسـتندا ... ....  لاوە بـا هـەر باسـی لێیـەوە نەکـەم کـە ئـەم دەلاقەیـە تـا چەنـد سـەیر و سـەمەرەیە .بـا هـەر باسـی لێیـەوە نەکـەم ئیـدی.

ئـای چەنـدە سـامناکە کـە ژنێـك ناچـار بێـت لـە گـەڵ دەلاقەیەکـەدا بژیت  .

زۆرتـری  کاتـەکان   یـان دەخەوێـت یـان دەگریـت ئـەم دەلاقەیـە. ئیـدی ناتوانـم،  نـا، ناتوانـم و نازانـم چـی لێبکـەم.

خەریکـە  لێـم دەبێتـە گردێکـی مەترسـیدار. ئەگـەر ئـاوا بـەردەوام

بێـت، لەوانەیـە ئـەو گۆڕانـە بـە سـەر منیشـدا بێـت ومنیـش ببمـە دەلاقەیـەک و هەردووکـمان دەبینـە دەلاقـە. دەلاقـەی نێـر و مـێ، بەڕاسـت کـە سـامناکە ؛ بـەڵام فەترەیەکـە دەمهەوێـت دایبخـەم ئـەم دەلاقەیـە چوونکـە لەوانەیـە لـە ئاکامـدا بمکوژێـت یـان خـۆی دیـق بـکات و لـە نـاو بچێـت.

نازانـم کـەی و چـۆن ببـوو بـە پیـاو ئـەم دەلاقەیـە. نازانـم کـەی و چـۆن عاشـقم بـوو، کـەس بـڕوای پـێ نیـە کـە ئـەم دەلاقەیـە بـۆ خـۆی بوەتـە پیاوێـک. لـە وانەیـە خۆمیـش بڕیـار بـدەم کـە ببمـە دەلاقەیـەك، دەقاودەقـی ئـەو ، هـەر ئیـدی خەریکـە دونیـام لێـی ئاڵـۆز دەبێـت بـە بۆنـەی ئـەم دەلاقـە نەگریسـە .

چەنـد ڕۆژە کـە دەلاقـە بچکۆلانـە ئەوەنـدە گریـاوە و خـۆی لـە چـوار چێـوەی شـوراکە کوتـاوە کـە ئیـدی هێـزی هـاوار و پاڕانەوەشـی پـێ نەمـاوە چوونکـە دەمێکـە لـە کۆڵانـەوە کابرایـەک بەرانبـەر بەدەلاقەکـە تێدەپەڕێـت و بـۆ ماوەیـەک لـە مـن ڕادەمێنێـت. هەمـوو ڕۆژێـک لـە کاتێکـی دابینکـراودا ئـەو دێـت و لـە کـۆڵان ڕادەوەسـتێت و بـۆ مـن دەڕوانێـت.

ئـەو کـوا دەزانێـت کـە ئەمـە دەلاقەیەکـی عاشـیقە نـەک دەلاقەیەکـی ئاسـایی..... ئـارام وئەهـوەن گوێـمان بـۆ هەڵدەخـات و لەمـن و دەلاقـە ڕادەمێنێـت و پێـی وایـە مـن شـێت بوومـە ولـە خۆمـەوە دەقیژێنـم و قسـە دەکـەم و تـووڕە دەبـم.

یەکەمجـار هـەر کـە چـاوی بـە کابراکـە کـەوت وەختـە بـوو شـێت و هـار ببێـت.

تـووڕە هەڵگـەڕا و دەسـتی کـردە نەڕانـدن، ڕێـک لـە چەشـنی پیاوێکـی دڵپیـس بـەڵام سـەیریش لەوەدایـە کـە مـن هەمـوو

ڕۆژێک لە کاتی هاتنی کابراکە و تێپەڕینی لە کۆڵاندا ناکاو داخ هەڵدەگەڕێم و دڵم دێتە لێدان و بێ ئێختیار بۆی دەڕوانم . پێموایە کابرا و دەلاقەش لە حاڵەتی سەیر کردنمدا تێگەیشتوونە و بەو نهێنیەی دڵم زانیویانە.

کە دەلاقە تێگەیشت کابرا سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکشاوە ناکاو دای لە پرمەی گریان .

لەو ڕۆژەوە ئیدی دەلاقە لێکدا ، لێکدا دەگریت و فرمێسک دادەبارێنێت و هەر دەگریت.

دەلاقە پێشتر هەوڵی دەدا لێم بدا بەس نەیدەتوانی چوونکە شووراکە نەیدەهێشت و ئەوی لە خۆدا یەخسیر کردبوو، بەڵام تا دەیتوانی دەینەڕاند و جنێوی دەدا و تفی لێم دەکرد بەڵام من گوێم نەدەدا و دەستبەرداری کابراکە نەبووم.

ئێستا چەند رۆژە کە دەلاقە نە ئاو دەخواتەوە و نە نان لە قوڕگی دەچێتە خوارێ ، کاری بوەتە گریان و خەمخواردن. شەوانە بەخەمەوە سەیرم دەکات کە چۆناوچۆن لە سەر قەرەوێڵەکەم ڕادەکشێم و ئەگەر بڵێم بەسە ئیدی بۆم مەڕوانە یان ئەگەر بڵێم حەزم لێت نیە، تکایە وازم لێ بێنا هەمدیسان قێڕە قێڕ و قسە تاڵەکانی دەست پێ دەکەنەوە .

ئەمڕۆ کابراکە دیاری نیە . پێموایە درەنگ کەوتووە ، بەڵام هەست دەکەم هەر دێت.

بە ئەسپایی بۆ کۆڵان دەڕۆم و لەو شوینە کە ڕۆژانی پێشتر کابراکە دەهات و ڕادەوەستا و بۆ منی دەڕوانی، ڕادەوەستم و دەستبەکار دەبم و بازنەیەک دەکشم، بە تەباشیری سوور بازنەیەکی هەتا هەتایی دەکشم.... با...هەتا هەتایی،

بەرانبــەر بــە دەلاقەیەکــی ســەیر و ســەمەرە جەغزێــک دەکشــم. دەلاقەکــەش هەســتی پێــدەکات و دەکەوێتــە نــووزە نــووز، ســەیر دەکات، نــا، بێســوودە ، مــن ئیــدی تــۆم ناوێــت ئــەی دەلاقــە، نــا، نــا، تــۆم ناوێــت......

کـە مـن بازنەکـە دەکشـم و دەڕۆم نـاکاو کابراکـە دێـت و دەکەوێتـە نێـوان بازنەکـەوە .

ئەویــش هەســت بــە بازنەکــە دەکات و لــە پــڕ هەراســان دەبێــت ، وەکــوو ئــەو مشــکانەی لێهاتــووە کــە دەکەونــە داوی بازنەکانــەوە و تاهەتــا هەتایــە لەنێوانیانــدا دەســووڕێنەوە و هــەوڵ دەدەن بــە ڕاکــە ، ڕاکــە خۆیــان ڕزگار بکــەن و هــەر ڕزگاریشــان بــۆ نابێــت.

نا،نا...ڕزگاریـت بـۆ نیـە ئـەی پیـاوی لـە داو کەوتـووی بازنەیـی ...تـازە ئیـدی کەوتیتـە داو....نـا، نـا، ناتوانـی خـۆت ڕزگار بکەیـت.

نازانــم کــێ فێــری ئــەم فێڵەمــی کــردوە ؟ چ بیــر دەکەمــەوە بــۆم ناچێتــە ســەر یــەک کــێ فێرمــی کــرد کــە بازنــەی ســێحری لــە ســەر زەویــن بکێشــم و لــە هەمــوو نەفرەتێــک خــۆم ڕزگار بکــەم بیــرم نایــێ ......نازانــم دەی.

دەگەڕێمــەوە ژوورەکــەم و لەتەنیشــتی دەلاقەکــەوە ڕادەوەســتم و هەســت بــە ئــازادی دەکــەم و دەبمــە ســەیرکەری گۆڕەپانــی پێــش نیــگای دەلاقەیەکــەوە.

# ٢

دووهەمین بەش.

لـەو ڕۆژەوە کـە کابـرا کەوتـە بازنـە هەتـا هەتاییـەوە ، دەلاقـەی بچکۆلانـە ئاکامـی پێهـات.
تـۆ نازانـی ئاکامـی دەلاقـە واتـە چـی؟ هـاااا؟ نازانـی؟ باشـە مـن بۆتـی دەگێڕمـەوە کـە چۆناوچـۆن دەلاقـەی بەسـتزمان ئاکامـی پێهـات.
جـوان گوێـم بـۆ شـل بکـە : ئەوەتـا کابراکـە لـەو بازنـەدا بـێ ئێختیـار لەسـووڕاندایە ، منیـش بەرانبـەر بـە ئـەو لـە چـوار چێـوەی دە لاقەکـەوە بوومەتـە سـەیرکەری بـێ ئـەوە تێبگـەم کـە دەلاقەکـە هێـدی، هێـدی خەریکـە لـە شـووراکەی دەبێتەوە...بـێ ئـەوە ئـاگام لـێ بێـت کـە دەلاقەکـە خەریکـە دەبێتـە مـرۆڤ . بەڵـێ ،بەڵـێ مـرۆڤ. دەلاقـە دەبێتـە مـرۆڤ ئەگـەر لـە چـوار چێوەیەکـەوە بـۆ کابرایـەک بڕوانیـت .
مرۆڤێکـی پیـاو، پیاوێـک لـە وێنـەی کابـرای نێـوان بازنەکـە، دەقـاو دەقـی خـۆی.
لەپـڕ مۆبایلەکـەم لـە جـەرەس دەدات، هاوڕێیەکەمـە، لـە هەندەرانـەوە تێلـم بـۆ دەکات، ڕێـک ٤٠ خولەکـی ڕەبـەق پێکـەوە دەدویـن، مـن لەقاقـای پێکەنیـن دەدەم و ئەویـش لـەو دیـوی هێڵەکانـی تەلیفۆنـەوە قاقـام بـۆ دەکێشـێت، واتـە گفتگۆیەکـی تـژی

لـه به‌ختـه‌وه‌ری.

ده‌ی چ کێشـه‌یه، موشـکله چییـه حه‌یاتـم کـه مـن جـار وبـار له‌گـه‌ڵ هاوڕێیه‌کـی هه‌نده‌رانیـدا بـه‌و په‌ڕی خۆشه‌ویسـتییه‌وه بدوێـم؟

چ عه‌یبێکـی هه‌یـه ئاخـر، هــه‌ر تێناگــه‌م حه‌یاتــم گرفتــی ئــه‌و دواندنــه چییــه؟ هــاااا؟ پێکه‌نینــی مــن چ عه‌یبێکــی هه‌یــه ئاخر؟نــاااااا، قــه‌ت به‌عه‌یبــی نازانــم ئافره‌تێــك وه‌کــوو مــن له‌قاقـای پێکه‌نیــن بــدات، بــۆ به‌عه‌یبــی ده‌زانــی تــۆ ؟

ڕۆژێـکان ئـه‌م هاوڕێیـه‌م پێـش لـه ڕۆیشـتنی بـۆ هه‌نـده‌ران هاتـه ماڵــمان و بــه کامیراکــه‌ی ده‌یــان ڕه‌ســمی لێــم گــرت چوونکــه لــه‌و ده‌مــه‌دا مۆبایله‌کانمــان زۆر ســاکار بــوون و هێشــتاکه ئــه‌و مۆبایلـه نوێیانـه کـه ده‌توانیـن هه‌مـوو ئیشـێک جـێ به‌جـێ بکـه‌ن نه‌هاتوونـه بـازاڕه‌وه بۆیـه هاوڕێیه‌کـه‌م ناچـار بـوو لـه گـه‌ڵ خۆیـدا کامێـرا بێنێتـه ماڵـه‌وه .

دایکیشـم لـه‌و ڕۆژه‌دا لـه ماڵـدا بـوو و چه‌نـد وێنه‌یه‌کی دایکیشـمی گـرت و گوتـی ئه‌مانـه‌م بـۆ گۆڤاره‌که‌مـان ده‌وێ و وێنـه‌ی دایکـت و خـۆت لـه ته‌نیشـتی یه‌کـتره‌وه بـۆ خوێنـه‌ران سه‌ره‌نجڕاکێشـتره . هاوڕێیه‌کــه‌م ده‌یــان ڕه‌ســمی هونــه‌ری لێــم گــرت و دیــاره لــه‌و کاتیشــه‌دا ده‌لاقــه‌ی به‌ســتزمان کــه ئێســتا خه‌ریکــه تووشــی گۆڕانێکـی مـه‌زن دێـت چـاوی پێمانـه‌وه بـووه .

هه‌ڵبــه‌ت هــه‌ر مــن بــووم کــه تێده‌گه‌یشــتم کــه چۆناوچــۆن ده‌لاقــه‌ی چێویـن مـۆڕم لـێ ده‌کاتـه‌وه و قـه‌ت ، قـه‌ت دایکـم و هاوڕێیه‌کــه‌م بــه‌و نهێنیــه نه‌یانده‌زانــی .

کــه‌س ئــاگای لــێ نه‌بــوو کــه ماوه‌یه‌کــه ده‌لاقه‌کــه خه‌ریکــه ده‌گۆڕدرێـت و خه‌ریکـه شـێوه و شـێوازی خـۆی لـه ده‌سـت ده‌دات

و گۆڕانکارییەکـی مـەزن دێتـە سـەریدا.
وا دیـارە لـە ئێسـتادا ئیـدی ئـەو ئاڵوگـۆڕە ڕووی داوە و ئیـدی مـن خاوەنـی دەلاقەیەکـی بچـووك نیـم و تەنیـا ئیشـم ئەوەیـە کـە سـەیر بکـەم و هیـچ نەڵێـم .
تێگەیشـتوومە بێدەنگـی باشـترین ئـاکارە لـەم کاتـەدا . هـەر ئـەوە نەبێـت کـە لـە جێـی خۆمـدا ڕاوەسـتم و سـەیری کابرایـەک بکـەم لـە بازنەیەکـدا کـە وەکـوو مشـکێکی بچکۆلانـە کەوتووەتـە داو..... سـوڕانێکی هەتـا هەتایـی.... مـن... ئێسـتا... ئەگەر...بـڕوا بکـە.... واتـە ئێسـتا...هەر ئێسـتاکە ئەگـەر لـەو دیمەنـە ئاوڕێـش بدەمـەوە و بـۆ ژوورەکـەم بڕوانـم هەمدیسـان چـاوم دەکەوێتـە کابراکـەی نێـوان بازنەکـە ..
ئەگـەر سـەرم وەرچەرخێنمـە سـەر دەرگای ژوورەکەمیـش هەمدیسـان کابراکـە لـە سووڕاندا دێتـە پێـش نیـگام .... یـان ئەگـەر بچمـە سـەر سـەلاجەکە یـان کانتۆڕەکـە یـان دەس بـە ئاوەکـەش کابراکـە دەبینمـەوە کـە لـە سـووڕاندایە لـە بازنەیەکـی سـەیر وسـەمەرەدا ...... هـەی هـوووو... ئەمـە چ وەزعێکە؟...ئـەم ئاڵۆزیـە واتـە چی؟...ئاخـر مـن چووزانـم چـۆن شـتی وا دەکرێـت؟ واتـە مـن خاوەنـی پیاوێکـم لـە چەنـد شـوێندا ؟ هـاااا؟
لـە یـەك کات و چەنـد شـوین و یـەك کابـرا ؟ شـتی وا چـۆن دەبێت؟ بـەڵام ئاوایـە ئیـدی بڵێـم چـی، واتـە کابراکـە هـەم لـە کۆڵاندایـە و لـە بازانەکـەدا لـە سـووڕاندایە و هـەم لـە هەمـان کاتـدا لـە ژوورەکـەی مندایـە و لـە نێـو سـەلاجەکەدایە و لـە نێـو کانتۆڕەکەدایە و لـە دەیـان شـوێنێکیتری ئـەم ماڵـە دایـە و بەردەوامیـش هـەر بـۆ مـن دەڕوانێت....بەڵـێ ئاوایـە بـەس نازانـم شـتی وا چـۆن ڕوویـداوە

حەیاتـم ؟

هاوڕێیەکـەم گوتـی: دێمـە ماڵتـان و چەنـد ڕەسـمی دیکـەت لـی دەکێشـم. گوتـم :

ئۆکـەی ...باشـە بـەڵام بـێ سـەر پـۆش . هاوڕێیەکـەم بزەیەکـی بـردەوە وگوتـی:

دەی باشـە، بـە سـەر چـاو بـەڵام لـە گۆڤارەکانـدا نابێـت بـێ سـەرپۆش دەرکەویـت ،ناکرێـت، هـەر دەبـێ چەنـد ڕەسمیشـت لـێ بگـرم بـە سەرپۆشـەوە ،وا باشـترە .

مـن دەمێکـە خاوەنـی ئـەم هاوڕێیـەم، ئـەو هاوڕێیەکـی باشـە، بـەڵام ئـەم دەلاقەیـە، ئـااااای لـە ئـەم دەلاقەیـە......

داوای لێبوردنتـان لـێ دەکـەم حەیاتـم، لـە ڕاسـتیدا مـن ئیـدی خـاوەن دەلاقەیـەک نیـم.

لەپـڕ لـە بیـرم چـوو کـە دەلاقـەی پێشـوو ئێسـتاکە ئیـدی بووەتـە پیاوەکـەی نێـوان بازنەکـە و لـە هەمـان کاتیشـدا لـە ژوورەکەمدایـە و بەردەوامیـش عاشـقی منـە و یـان پێدەکەنێـت و یـان مـۆڕم لـێ دەکاتـەوە ، یـان لـە ژوورەکەدایـە و یـان لـە کۆڵاندایـە و لـە بازنەکەیشـدا دەسـووڕێتەوە...هەی هووووووو.....ئاخـر چـۆن شـتی وا روویـداوە؟ نازانـم دەبـێ پرسـیارەکانم لـە هاوڕێیەکـەم بپرسـم . لەوانەیـە ئـەو وڵامـی ئـەم پرسـیارە سـەیرانەم بزانێـت.

دەمێکـە تێـل بـۆ هاوڕێیـە هەندەرانییەکـەم دەکـەم بـەڵام وڵامێکـی نییـە، لـە جـەرەس دەدات بـەڵام پێوەندییەکـە حاسـڵ نابێـت . بەڕاسـت ئیـدی خەریکـم دەترسـم کـە نـەکات شـتێکی خراپـی لـێ هاتووەتـە پیـش .

بـڕوا بکـە دەمێکـە لـە تـۆش دەترسـم ئـەی دەلاقـەی سـەیر

وســـەمەرە .

لەوانەیــە بــڕۆم و لــە بــازاڕ تەوەرێــک بکــڕم و بێمــەوە بــۆ مــاڵ و تــۆ ورد وخــاش بکــەم ئــەی دەلاقــەی گێــل و گەمــژە. ئاخــر نازانــم کــێ بــە تــۆی گوتــووە کــە مــرۆڤ بــوون باشــترە لەویــە کــە تــا هەتــا هەتایــە وەکــوو خــۆت بمێنیتــەوە ئــەی دەلاقــەی تەفــرە دراو.

# ٣

سێهەمین بەش.

سـەیری خـۆم دەکـەم لـەم ئاوێنـەدا بـەس لـە جیاتـی خـۆم تـۆ دەبینـم کـە چەنـد دەم بـە پیکەنیـن دیاریـت . بـەس نازانـم ئـەو هەمـوو پێکەنینـە بـۆ چییـە ، تـۆ کـە پێشـتر وا نەبوویت....حـەز دەکـەم منیـش وەکـوو تـۆم لـێ بێـت و هـەر پێبکەنم....نازانـم چیـم بەسـەردا هاتـووە. تـۆ بـەردەوام لـە گاڵتـە وگـەپ و قسـەی خۆشـدایت و مـن سـەرم سـوورِ ماوەتـەوە کـە ئایـا ئـەم هاوڕێیـە هەندەرانییـەی تـۆ ئیـش و کاری نیـە؟ هـاااا؟ ئـەو هەمـوو قسـە کردنـە چییـە ئاخـر ...مەبەسـتم تۆیـە ، تـۆ، بەڵـێ ڕووی قسـەم لـە تۆیـە، جەنابـت کـە بێـکارو بێعـار بـەردەوام لـەم ژوورەدا دەسـووڕیتەوە و تێـل بـۆ ئـەم و تێـل بـۆ ئـەو و هـەر وڕ وڕ وڕ لـە قسـە کردندایـت ؛ بـەڵام ئـەی ئـەو هاوڕێیـە خوێڕیـەت چـی هـااا؟ ئـەو وێڵـە بـۆ وازت لـێ ناهێنێـت؟ هـااا؟ بەڵـێ ئـەو دەڵێـم کـە بـەردەوام تێلـت بـۆ دەکات و هەمـوو جارێـک ٤٠ خولەکـی تـەواو قسـە دەکـەن پێکـەوە؟ هـااا؟ پێموایـە دەیهەوێـت تویـش بکاتـە خوێڕیەکـی هاوچەشـنی خـۆی، دەی بڵـێ وا نیـە دەی، بڵـێ مـن بـە هەڵـەم دەی. ..دەی بیڵـێ، تکایـە بیڵێیـەوە کـە مـن بـە هەڵـەم و ئەوانـە هەموویـان خەیاڵـن و تـۆ وا نیـت ،تـۆ ...

دەمهەوێـت بڕۆمـە دوکتـۆر، دەمهەوێـت ئـەم شـوورا لەحنەتییـە

تێـک شـکێنم و خـۆم ڕزگار بکـەم و بڕۆمـە دوکتـۆر. لەوانەیـە مـن تەنیـا لەبـەر ئـەوە کـە بتوانـم بڕۆمـە دوکتـور بوومەتـە مـرۆڤ ، بـە مـرۆڤ بوونـم هەڵبـژاردووە تەنیـا لـە بـەر ئـەوە کـە بتوانـم بڕۆمـە دوکتـۆر و چارەیـەک بدۆزمـەوە بـۆ ئـەم نەخۆشـیمە . ئـەو بـە هەڵەیـە کـە هەسـت دەکات مـن بـە مـرۆڤ بوونـم ئیختیـار کـردووە لـە بـەر عاشـق بوونـی ، نـا نـا ، وا نییـە ،مـن تەنیـا دەمهەوێـت بڕۆمـە دوکتـۆر چوونکـە هەمـوو گیانـم ژان دەکات، قـاچ و قـۆڵ و تەنانـەت قوڕگیشـم ژان دەکات، مێشـکم وەختـە بتەقێـت ، لەوانەیـە شـەکرەم هەبێـت... ئـای ی نـااا، خـوا نـەکات، دەڵێـن زۆر بـۆ مـرۆڤ مـە ترسـیدارە نەخۆشـی شـەکرە ، نـا ، دڵنیـام کـە وانیـە و ئەمـن شـەکرەم نییـە ،بـەس پێموایـە چوونکـە دەمێکـە هەسـتم بـەرەو پیاسـەی ئێـواران نـاڕوات وام بـە سـەردا هاتـووە... جەمامـم جەمـام... هـەی هووو..ئـای کـە لـە دەسـتی خۆمـەوە وەڕەز بوومـە ...

چەنـد پیـس و نەگبەتـی تـۆ، دەی ئەمـە چ بەزمێکـە بـۆ منـت ناوەتـەوە هاااا؟سـەیر سـەیر مۆبایلەکـەت لەوانیـە بتەقێتـەوە دەی بابـە کـەم قسـەی پـێ بکـە دەی ،داخـی داخـە ئـەو مۆبایلـە هـەژارەت ...کـورە شـەرم بکـە دەی ڕەنگـی پێیـەوە نەمـاوە ئـەو مۆبایلـە دامـاوەت چوونکـە بـەردەوام لـە نێـو لەپتدایـە و دەیلکێنیتـە گوێتـدا و هـەر هەناسـە لێدانەکـەت بـە ڕووی ئـەو مۆبایلـە و قسـە کـردن و قسـە کـردن وااای کـە تـۆ زۆۆر بێشـەرمی ...واااای لـەو مۆبایلـە هـەژارەت.... ئـەو مۆبایلـەت ئەگـەر گیانـدار بواتایـێ، ئێسـتاکە لـە نێـوان دەسـت و پەنجەکانـی تـۆدا هەڵپـڕووکا بـوو ،باشـتر کـە گیانـدار نییـە ئـەو مۆبایلـەت ...

دەی بەقەبــری بابیــەوە ئــەم هاوڕێیــە هەندارنیــەت...دەی ئــەم ســەگبابە بــۆ واز لەتــۆ ناهێنێــت ؟ مەگــەر ناڵیــن ئەگــەر کــەس لــە هەندارانــەوە بــۆ ئێــرە تێــل بــکات هــەر دەبــێ پــارەی زۆر ســەرف بــکات دەی، ئەگــەر وایــە ئــەم ســەگە بــۆ ئەوەنــدە تێلــت بــۆ دەکات؟ چــۆن بیــر لــەو هەمــوو پارەیــە ناکاتــەوە کــە بــە فێــڕۆی دەدات؟ هــااااا؟ ئــەم حیــز بابــە بــۆ واز ناهێنێــت ؟ ئــەوە ٤٠ خولەکــە کــە پێکــەوە دەتریقێنــەوە ....

بـۆ دەرەوە دەڕوانـم، تـۆ دوێنـێ بـە تەباشـیری سـوور لـەو کۆڵانـە بــن بەســتە بازنەیەکــی مەزنــت کێشــا. بازنەیــەک بــۆ کــوڕ و کیژووڵەکانــی گــەڕەک بەڵکــوو لــە گــەڵ یەکــتر دا شــەڕ نەکــەن و بنــە هــاوڕێ و پێکــەوە یــاری بکــەن لــە کۆلانــدا، ئەوەتــا ئێســتاش کیژووڵەیەکــی جــوان لــەو بازنەیــە تۆپــان دەکات. ...

وابزانــم مــن دوێنــێ شــەو خەوێکــی ســەیرم بــەم بازنــەوە بینــی ...جـوان بیـرم نایـەت بـەس پێموایـە لـە جیاتـی ئـەو کیژووڵەیـە و ئـەو تەباشـیرە سـوورە...کێ بـوو نازانـم وەڵا بیـلا بیـرم نایـەت کـێ لـەو بازنەیـەدا بـوو لـە خەوەکەمـدا ....

ئــااااى چەنــد ملــم ژان دەکات، ئــااااخ کــە هەمــوو گیانــم ژان دەکات. لەوانەیــە تووشــی نەخۆشــی شــەکرە هاتبێتــم ، هەســت دەکــەم کەســێك لێمــی داوە....

ســەیر ، ســەیر چــۆن پێدەکەنێــت ئــەو دەم حیــزە، دەی بەســە ئیــدی بەســە ، دەی بیبــڕەوە ئــەم پێکەنیــن و گاڵتــە و گەپتــە لــە گــەڵ ئــەو هاوڕێیــە هەندارنیــەت.... بەســی کــە دەی بەسـیە، ئیــدی بەســە، تــۆ بــەدەم قســە کردنــەوە هــەر پێدەکەنیــت، لــە قاقــای پێکەنیــن دەدەیــت، چەنــد جــار ئاخــر ئــەم مۆبایلــەت جــێ بــە جــێ

دەکەیـت لـە نێـوان دەسـتەکانتدا، لـەم دەسـت بـۆ ئـەو دەسـت، باشـە دەی بیبـڕەوە دەی مەگـەر هێشـتاکە تێنەگەیشـتوویتە مـن ڕقـم لێیــە کـە بـەو شـێوەیە پێدەکەنیـت، عەیبـە بابـە بەسـە ئیـدی ... پێکەنیـن و گاڵتـە وگـەپ و خەریکیشـی بـەرەو مـن دیـت و هـەر قسـە دەکەیـت و لـە منیـش نزیکـەوە دەبیـت ... خەریکـی بـەرەو منیـش هەنـگاو هەڵدەگریـت لـە کاتێکـدا دەزانیـت مـن تـووڕەم... لێـم نزیکـەوە دەبیت، بـەرەو مـن دیت...ڕەنگـە دەتهەوێـت ئاشـتی بکەینـەوە ،هـاا، بۆیـە بـەرەو مـن دیـت و لێـم نزیکـەوە دەبیـت تاکــوو تووڕەییەکــەم دابەزێنیــت و ئاشــتم بەیتــەوە ،وایــە؟ خــۆ بەهەڵـە نیـم ؟

ڕاسـتی هـەر لەبیرتـە لـە کەیـەوە پێکـەوە نەنووسـتوین؟؟ هـا؟ بیرتـە؟ کـورە ئـەم هاوڕێیـەت مەگـەر دەتهێڵێـت تـۆ بیـر لـە مـن بکەیتـە . دەزانـی لـە کەیـەوە چـاوم بـەو لـەش و لارە جوانـەت نەکەوتـووە؟ هـەی ، هـەی، داد وبێـداد لـەو بێڕەحمیـەی تـۆ.... بیرمـە دوایـن جـار کـە لـە جـل گۆڕینـدا بوویـت وا جـوان هاتیتـە پیــش نیگامــەوە کــە ویســتم لــە ئــان و ســاتێکدا ئــەو شــوورایە تێکشـکێنم و لێـت نزیکـەوە بـم و لـە گوێتـدا بچپێنـم کـە کچـێ تـۆ چەنـد جوانیـت و تـا چەنـد لـە جوانویەکـی زیویـن و ناسـک دەکەیـت حەیاتـم. ئـارزووم بـوو لێـت نزیکـەوە بـم و لـە ئامێـزت گـرم و دەیـان جـار ماچـت بکەمـەوە.. ...

ئـەرێ ئـەوە خەریکـی چیـت تـۆ ، ئـەوە وا لێـم نزیکـەوە بوویـت تاکـوو دامبخەیـت ؟هـاااا نەکەیـت ،وا نەکەیـت ....

نازانــم بــۆ خەوەکــەی دوێنــێ شــەوم بیــر ناکەوێتــەوە، نازانــم بـۆ. لەوانەیـە هیـن شـەکرە بێـت چوونکـە بیسـتوومە کـە ڕادەی

شـەکره لـە خوێنـدا بـەرز بێتـەوە  مێشـك لـە کار دەکەوێـت و هێـدی ،هێـدی هیـچ لـە زەمیرتـدا نامێنێتـەوە و چەنـد هـەوڵ بدەیـت هیچـت وە بیـر ناکەوێتـەوە  ڕێـک وەکـوو خەونەکـەی مـن چوونکـە بیـرم نایـەت و  نازانـم تەباشـیرەکە سـپی بـوو یـان سـوور ، کیژووڵەیـەک لـە بازنەکـەدا بـوو یـان پیاوێـک لـە چەشـنی خـۆم، نازانــم بەداخــەوە  کــە بیــرم ناکەوێتەوە.....تەنانـەت بیرەوەرییـە جوانەکانیـش بـە بۆنـەی شـەکرەی خوێـن لـە بیـرت دەچنـەوە هـاا ،خەیـاڵ نەکەیـت شـەکرە مۆهیـم نییە،مۆهیمـە شـەکرە هـاااا....

ئەی...ئـەوە خەریکـی چ دەکەیـت حەیاتم؟هاااا؟ئەی...ئـەوە بـۆ تـووڕه دیاریـت حەیاتـم؟ هاوڕێیـە هەندەرانیەکـەت چـی پێـت گـوت کـە تـووڕە بوویـت ؟ دەی خەتـای مـن چییـە کـە بـەو پـەڕی تووڕەییـەوە بـەرەو مـن هەنـگاو هەڵدەگریـت ؟مـن چ گوناحێکـم کـردووە کـە هاتوویتـە سـەرم تاکـوو دامبخەیـت؟ کـێ لـەم گەرمـای هاوینـە دەلاقەکـەی دادەخـات هـاااا؟ کـێ  گەمـژە؟ مەکـە ،بابـە مەکـە .... مەگـەر مـن شـتێکی نەگونجـاوم گـوت؟ مەگـەر تـۆ هـەر دەنگـی مـن  دەبیسـی کـە لێـم تـووڕە بوویتـە  هاااا؟نـا، نـا ،تکایـە وا مەبە...نا،نـا تکایـە، نـا وامەکـە حەیاتـم ئاخـر بـۆ دونیـام لـێ تاریـک دەکەیـت تـۆ؟ ئـەوە بـۆ وا دەکەیـت......

نازانـم لـە کـوێ بـوو خوێنـدم کـە فەیلەسـۆفێک گوتوویـە کـە سـێکس جوانتریـن و شـیرینترین بەشـی ژیانـی مرۆڤـە . یاخـوا بـە قوربانـی ئـەو فەیلەسـۆفە  بـم  کـە ئـەو ڕەسـتە جوانـەی لـە زار دەرکـردووە ، بەڕاسـت  کـە وایـە، بـە سـەری تـۆ ئـەو فەیلەسـۆفە بەڕاسـت بـووە، وایـە، بـەڵام مـن و تـۆ دەمێکـە کـە لـە یـەك دووریـن و خەریکیـن خەمکینانـەش دەژیـن. ژیانـی وا هـەر بەکەڵـک نایـەت،

لەوانەیە هەردووکمان بڕیار بدەین کە ئەم پێوەندییە ببڕینەوە ئەو ژیانە سارد و سڕە ......

ئەی ی گووی سەگ بە ڕۆحی باوکی هاوڕێیە هەندەرانیەکەت باش؟ دەی ئەوە دیسان خەریکە دەتنێرێت بە شوێن شتێکدا بۆ دەرەوە .....تۆ مەگەر خزمەتکاری ئەویت کە لەو سەری دونیاوە خەریکە دەتنێرێتە شوێن ئیش وکاری خۆیدا ؟ دەی ئەگەر حەزی لە هەندەران نییە بۆچی خۆی ناگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی و بەدووی ئیش وکاری خۆیدا ؟هااا مەگەر تۆ نەوکەری ئەویت ؟

هۆۆۆۆ ئەوە چ دەکەیت تۆ؟ نا نا، تکایە داممەخە حەیاتم، نا، من حەز ناکەم ،تکایە داممەخە دەی...ئاخر تۆ کەی بڕوام پێ دەکەیت کە منیش بۆ خۆم مرۆڤێکم، بوومەتە پیاوێک تۆ کەی بڕوا دەکەی من خۆم بۆ خۆم پیاوێکم دەی؟ هااا؟ کورە داممەخە دەی، کورە تکایە ...ئامان نەکەیت ...ئەو دەستەت بشکێت ئەگەر دامبخەیت دەی .....

سنه له شووقه‌ی ۸۹ دا

## قه‌تاره فیشه‌ک بوو یان قه‌تاره ئه‌سپ؟

قەتـارە ئەسـپ لـە دوورەوە وەکـوو قەتـارە فیشـەک دەهاتـە چاوانـدا . دەتگـوت ئەگەریـش فیشـەک نەبـن بـێ شـک قەتـارە مێروولـەن ، بـەڵام هەموویـان ئەسـپ بـوون ، ئەسـپ و مایینی سـپی. کوڕەکـە دەسـتی کـردە گیرفانـی و دەمانچەیەکـی دەرهێنـا و زۆر لـە سـەرخۆ و ئەهـوەن گوتـی: ‹‹دڵنیـا بـە نایکـوژم، تەنیـا مەبەسـتم ترسـاندنییەتی، مەترسـێ دایـە گیـان کوشـتن وبڕیـن لـە کاردا نییـە.›› دایکـی پەنجـەی خسـتە سـەر کوڵمـی وڕوومەتـی داڕنـی و پاڕایـەوە: «مەکـە رۆڵـە مەکـە، تەنانـەت ترساندنیشـی مەترسـی هێنـەرە واز بێنـا.»
کوڕەکـە بزەیەکـی بـردەوە و بـە ڕامانـەوە سـەیری دووری کـرد . بـە دووردا دەیڕوانـی کـە چـاوی کەوتـە دیمەنـی تـەپ وتـۆز و خـاک وخۆڵێکـی هەڵکـراو. کـوڕ کۆڵەکـەی دابـە سەرشـاندا و وەڕێ کـەوت. دێهاتییـەکان شـینیان دەگێـڕا . شـینی پێـش لـە هاتنـەوەی تـەرم. بڕیـار بـوو لاوێکیـان لـە سـێدارە بدرێـت.
دایکـی کوڕەکـە بـارە شـەکر وچـای بـە کۆڵـەوە بـوو ، خەریـک بـوو ڕوو لـە لادێ بـەر بێتـەوە. هـەرا و زنـا ی خەڵکەکـە تـا دەهـات زۆری دەکـرد ، دێهاتییـەکان چەممەرییـان دەگێـڕا.
کوڕەکــە خــۆی لــە بنــاردا داگــرت ، لــە پەنــای تاشــەبەردێکی زەبەلاحــدا خــۆی ماتــدا بــوو. تاوێکــی نەخایانــد کــە کابــرا لــە نووکـەوە دەرکـەوت. کابـرا ئێـواران دەچـووە پازگاکـەی لووتکـەوە.

هەمـوو ئێوارەیـەک. کوڕەکـە دەمانچەکـەی دەرهێنـا هەرکـە کابـرا نزیکـەوە بـوو دەنگـی شـیوەن و هـەرا هەراکـەی لادێ بەرزتـرەوە بـوو . نـاکاو کـوڕە ڕاچەڵەکـی و سـەری بـەرەو لادێ وەرچەرخانـد. بـەرەو دیمەنێکـی زۆر دوور مـات بـوو . بـۆی نەدەچـووە سـەر یـەک کـە ئایـا ئـەوە دیمەنـی قەتـارە ئەسـپە یـان قەتـارە فیشـەکە یـان خـود قەتـارە مێرووڵەیـە. لـەو وەرچەرخانـەدا بـۆ چەنـد چرکـە ئـاگای لـە دەوروبـەری خـۆی نەمـا کـە لـە پـڕ چـززززە لـە سینکییەوە هەسـتا و دەمانچـە ساردەکەی دەسـتی داکەوتـە سـەر گژ و گیـاکان. دەمانچـە داخەکـەی هێشـتا بەدەسـتەوە بـوو کابراکـە وا لـە پازگاکـەوە بـەرەو ئـەم هاتبـووە خـوارێ و گەیشـتبووە سـەر سـەری.

دێهاتییـەکان شـینیان دەگێـڕا. شـینی پێـش یـان پاشـی تـەرم . دایکـی کـوڕە پەنجـەی کڕانـد بـووە سـەر هـەردوو کوڵمـی ، خوێـن سـەر و چـاوی بـە خۆیـەوە پلکاندبـوو. کوڕەکـە دەسـتی خسـتە سـەر سـینکی و داکەوتـە سـەر گـژ و گیـاکان و نـاو لەپیشـی بەسـەر دەمانچەکەدا.....کابـرا لـە کوڕەکـە هاتـە پێشـترەوە . پێیـوا بـوو کـە کوشـتوویەتی و ئیـدی کار تـەواوە بـەڵام کوڕەکـە بـە دواییـن هێزییـەوە لێـی تەقانـد.

قەتـارە فیشـەک بـوو یـان قەتـارە ئەسـپ و ماینـەکان یـان خـود قەتـارە مێرووڵـە نێـر وماکان ڕێـک وەکـوو خۆیـان لـە دواییـن نیـگای کوڕەکـەدا لـە جووڵانـدا بـوون بـێ ئـەوە نیگاشـی لـە چەممـەری دێهاتییـەکان وەر بگرێـت بـێ ئـەوە گوێـی لـە هـەرا هـەرای دێهاتییـەکان دابخـات بـێ ئـەوە دایکـی لـە بیر بـکات بـە دوو کوڵمـی ڕووشـاوی خوێنینـەوە و لەهەمـان حاڵـدا دوایین دڵۆپـە

ئەسرینەکانــی داتکانــە  ســەر گــژ وگیــاکان....

‹‹هەموو ئێوارەیەك تۆ بەختەوەر دەکەم ‹‹

چ بەفــرو چ بــاران... جیــاواز نیــن تــۆ لەهەمــوو حاڵێکــدا، ئێــواران لــە مــاڵ دێیتــە دەرێ و خــۆت دەگەینیتــە  خانــووە داڕماوەکــە. ئــەو خانوویــە  کــە ســاڵگارێکە  جگــە  لــە  تــۆ  کــەس  ســەری پێــدا نەکــردووە. بــە دڵــە کوتــەوە کلیلەکــە لــە قفڵــی دەرگا دەســووڕێنیت و دەرگا چێوینــە کۆنەکــە بەجیــڕە جیــڕەوە ئــاوەڵا دەکەیــت و  بــە ئارامــی  خــۆت دەکەیــت بــەو داڵانــە تەســك وتاریــك ونماوییــەدا. چ هەســتێکە ؟ خۆتیــش تێناگەیــت.  هــەر لــەو ســەردەمەوە کــە منــاڵ بوویــت تاکــوو ئێســتاش، هــەرکات ویســتوتە بــەو داڵانــەدا تێپەڕیــت مووچــڕك بــە لەشــتدا هەڵگــەڕاوە و هەســتت کــردووە کــە نــاو شــانت لــە نــاکاو هەڵڕچــاوە. هەستت کــردووە کــە کەسێك لــە گوێتــدا دەچپێنێــت ‹‹ئــااااە نــازە گیــان ئــااااە.»

تێــل  دەکەیــت. هەمــوو ئێوارەیــەك  تێــل  دەکەیــت و مــن وڵام دەدەمــەوە بــەس تــۆ یــەك وشــەش ناڵیــت ، مــت و بێدەنــگ ، مــن دەڵێــم: ‹‹ئەلــۆ.. ئەلــۆ...›› بــەس هیــچ دەنگــت نییــە

تــۆ پێشــتر دەتگــوت: ‹‹ گیانــە کــەم مەترســێ، ئێمــە لــە یــەك  دوور نیــن تەنیــا یــەك بســت، یــەك بســت نێوانمانــە تەنیــا یــەك بســت.‹‹ مووچڕکەکــە بەنــاو شــانتدا دەســووڕێتەوە. تــۆ دەترسیــت، دەنگێــك لەبــن گوێتــدا دەناڵێنێــت و  ئــاخ  هەڵدەکێشــێت ‹‹نــازە گیــان ئــااە نــازە گیــان››

مــن لــەم  دیــوی  مۆبایلەکەمــەوە  دەمگــوت: ‹‹فشــەیە، هەمــووی فشــەیە، یــەك بســت ؟ هههــم هەمــووی خەیاڵــە خەیــاڵ››

کـەس نازانێـت بـۆ لـەو دالانـە سـارد و تاریکـە دەترسـیت. زۆر سـەیرە گوایـە تـۆ هێشـتا گـەورە نەبوویتـە؟ هـاااا؟ هێشـتاکە منداڵیـت؟ ئـەی چۆنـە کـە تـۆ هیچـکات ناتوانیـت خـۆت لـەو ترسـە سـارد و تەماوییـە دەربـاز بکەیـت؟ هـەوڵ دەدەیـت.. بەڵـێ دەزانـم... مـن دەزانـم هـەوڵ دەدەیـت تاکـوو خـۆت بگەینیتـە ئـەو حەوشـە خەمکیـن و وشـکهەڵگەڕاوە کـە سـاڵگارێکە کـەس ئـاوی باخچەکانـی نـەداوە، سـاڵگارێکە کـە کـەس لەتەنیشـتی شـورا گڵەکانیـدا تێنەپەڕیـوە. سـاڵگارێکە ئیـدی ئەهـوەن و ئـارام کـەس لـە تەنیشـت دار چنارەکانییـەوە زووخـاوی هـەڵ نەهێناوەتـەوە، لەکاتـی جـل شـۆردندا کـەس فرمێسـکەکانی تێکـەڵ بـە ئـاوی تەشـتی جـل شـۆردنەکە نەکـردووە.

تـۆ پێتـوا بـوو باوکـت ئێوارانـی هەمـوو ڕۆژێـك لـەو دالانـە تەسـك وتاریکـە چیـی دەکـرد؟ جارێکیـان خـۆت بەگوێـی خـۆت بیسـتت کـە باوکـت ڕووی لـە وەسـتاکە کـرد و گوتـی:›› کاکـە تـۆ پێویسـت نـاکات خـەم بەماڵـی منـەوە بخۆیـت، مـن خـۆم هـەر حـەزم لـەم بۆنـە نماویەدایـە ، پێویسـت نـاکات هیـچ بکەیـت، کارەبایشـی ناوێـت ئـەم دالانـەی ئێمـە بـا هـەروا بـە تاریکـی بمێنێتـەوە حـەزم لـەم کـەش و هەوایەدایـە ، واز بێنـە بـا بـە دەردی خۆمـەوە بتلێمـەوە، تـۆ ئیشـی خـۆت بکـە و بـەس مەپرسـە ئیـتر.»

هـەوڵ دەدەیـت خـۆت بگەیێنیتـە حەوشـەکەوە. چونکـە لـەوێ تیشـکی هەتـاو دونیـای ئـەو خانـووە گەورەیـە ڕوونـاك دەکاتـەوە. تـۆ دڵـت گـەرم و خـۆش دەبێـت لـەو حەوشـە و هـەوڵ دەدەیـت زووتـر خـۆت لـەو دالانـە تاریـك و شـێدارە دەربـاز بکەیـت. بـە ڕاکـە ، ڕاکـە بـەرەو حەوشـە دەبیتـەوە و لـە هەمـان کاتیشـدا کەسـێک لـە

گوێتـدا دەچپێنێـت ‹‹ئـااه نـازە گیـان ئـااه››
کـێ دەزانێـت، لەوانەیـە خـودی باوکیشـت لـەو داڵانـە تاریکـە هەمـان هەسـتی تـۆی هەبـووە ؟ ئـەی بـۆ هەمـوو ئێوارانێـك دەچـووە ژوورە بچووکەکـە و دەرگای بـە ڕووی خۆیـدا قفـڵ دەکرد؟ هەمـان ژووری بچـووك کـە باوکـت نێـوی لێنـا بـوو خەڵووزخانـە. هەمووتـان دەتانزانـی ئـەو ژوورە نـەك هیـچ خەڵووزێکـی تێـدا نیە، بەڵکـو ژوورێکـی جـوان و رێـك و پێکیشـە و تژییـە لـە کەلوپەلـی جـوان و ئەنتیکـەش. دەرگای خەڵۆزخانەکـە بـەرەو داڵانەکـەدا دەکرایـەوە . بـەس پەنجەرەیەکـی روو لـە حەوشـە چۆڵەکـەی خانووەکەتـان دەکرایـەوە. چەندجـار هەوڵـت دا لـەم دیـوی پەنجەرەکـەوە سـەیری باوکـت بکەیـت، دەیـان جـار، چەندیـن سـەعات لـەو دیـوی پەنجەرەکـەوە ئیشـکی باوکـت دەکشـا، بـەس تەنیـا ئـەوەت دەدەی کـە باوکـت لـە سـەر سـەندەڵییە کۆنەکەیـدا دادەنیشـتووە و بـۆ تابڵـۆی سـەر دیوارەکـەی دەڕوانـی بـێ ئـەوە ئـاگای لەتـۆ بێـت.
ئـەی دایکـت چـی؟ دایکـت بـەو سـەرە زسـتانە کـە لـە حەوشـە چۆڵەکـە لـە خۆیـدا هەڵدەڕچـا و زووخـاوی هەڵدەهێنایـەوە؟ دایکـت بـە بیانـووی باخچەکانـەوە دەهاتـە حەوشـە و سـۆندەی ئـاوی بـەر دەدایـە باخچەکانـەوە و گوێـی لـە قسـەکانی باوکـت و ئـەو ژنـەدا دەگـرت و بێدەنـگ وئ ارام لـە خۆیـدا هەڵدەقرچـا و هیچـی نەدەگـوت و چـاوەڕێ دەمایـەوە.
تـۆش ئـاگات لـە دایکـت نەدەمـا و لەگـەڵ باوکتـدا نوقمـی جوانییەکانـی ئـەو تابڵـۆه دەبوویـت. تـۆ لـەم دیـوی شووشـەکەوە دەتگـوت سـیحرت لێکـراوە، سـەیری ئـەو تابڵۆیـەت دەکـرد. ژنێکـی

کـوردی پۆشـی جـوان و پـڕ ورشـه، بـه قژێکـی درێـژ و خـاو ، لـه ناخـی تابڵۆکـه‌دا، له‌نێـوان ئـه‌و به‌له‌مـه‌دا له‌سـه‌ر زه‌ریایه‌کـی بـێ هاوتـا دانیشـتبوو و پێده‌که‌نـی و بـه چـاوه درشـت و پـڕ تیشـکه‌کانی سـه‌یری هه‌مـوو که‌سـێکی ئـه‌م دونیایـه‌ی ده‌کـرد. هه‌مـوو ئێواره‌یـه‌ک تێلـت ده‌کـرد و ده‌تگـوت:›› مـن له‌نزیکـی تـۆدام، ته‌نیـا یـه‌ك بسـت نێوانمانـه، ئه‌هـاا هـاااا، سـه‌یر بکـه، بڕوابکـه کـه مـن له‌وێـم، لـه ژووره‌که‌تـم، بـۆ وڵام ناده‌یتـه‌وه ..تکایـه وڵام ..وڵام‹‹› منیـش بـه چپـه‌وه ده‌مگـوت :››مـن ئیـدی ناڵێـم ئه‌لـۆ، ئیـدی تـه‌واو، ناڵێـم ئه‌لـۆ، تـه‌واوه تـه‌واو‹‹

هه‌مـوو کاتێـك هـه‌وڵ ده‌ده‌یـت خێـرا خـۆت بگه‌یێنیتـه حه‌وشـه‌که‌وه ،بـه‌ڵام ناکرێـت . لـه جیاتـی حـه‌وش ده‌چیتـه ژووری تابڵۆکـه‌ی باوکـت هه‌مـان ژوور کـه باوکـت لـه ئه‌نقه‌سـت نێـوی لێنـا بـوو خه‌ڵۆزخانـه . لـه‌و داڵانـه ده‌ترسـیت، بێـز ده‌که‌یتـه‌وه لـه بۆنـی ئـه‌و نـم و شـێیه، ده‌بـێ هـه‌ر خـۆت ده‌ربکه‌یـت لـه‌و داڵانـه تاریکـه.... پاشـان.... پاشـان خـۆت ده‌که‌یتـه هه‌مـان ژووره ته‌ماوییه‌کـه‌ی باوکتـدا.

به‌فـر داده‌بارێـت و کـزه‌ی دێـت . لـه هه‌مـان کاتیـدا هه‌سـت ده‌که‌یـت که‌سـێک خه‌ریکـه ئـاو ده‌داتـه باخچـه هه‌ڵڕچاوه‌کـه . ڕێک لـه چه‌شـنی باوکـت کـه لـه‌و ژووره‌دا بـه‌رده‌وام گوێـی لـه حه‌وشـه‌وه بـوو و هه‌میشـه هه‌سـتی بـه ده‌نگـی ئـاوی سـونده‌که ده‌کـرد . له‌سـه‌ر سـه‌نده‌ڵییه چێوینه‌کـه داده‌نیشـت لـه وێنـه‌ی باوکـت و بـه ڕاشـکاوی ده‌نگـی خـوڕه خـوڕی ئاوه‌کـه‌ش ده‌بیسـیت ، که‌سـێك زووخـاو هه‌ڵدێنێتـه‌وه که‌سـێك کـه سـاڵگارێکه ده‌سـتت لـه ده‌سـتی نه‌که‌وتـووه، که‌سـێك کـه سـاڵگارێکه ده‌مـت لـه ده‌مـی

دابڕیـوە. ئەگـەر حـەزت لـێ نەبـوو بـۆ هێنـات؟ کـێ دەیزانـی لـە کاتـی هاوسـەرگیریدا تـۆ لـە بیـری ژنێکـی ئێگجـار جوانـی تەماویـدا بوویـت کـە لـە بەلەمێکـی جـوان لـە سـەر زەریایەکـی شـەو ئالـوودا بـەرەو تـۆ پێدەکەنێـت؟ بەڵـێ وایـە ، کـەس لـە دڵـی کـەس ئـاگادار نییـە.

لەسـەر سـەندەڵیە چێوینەکـە دانیشـتوویت. بـە خێرایـی نیـگات دەخشـێنیتە سـەر ژوورەکـە ، بـۆ ئـەو هەمـوو ئەنتیکەیـە دەڕوانیـت. پاشـان نیـگات دەلکێنیتـە سـەر هەمـان تابڵـۆی تەماویـدا، ژنـە کوردێکـی جوانـی سـپی پـۆش لەناخـی تابڵۆەکـەدا دەدرۆشـێتەوە و پـڕ بـە دەم پێدەکەنێـت. پرچەکانـی وەکـوو لاولاو ئاڵاونەتـە قـەد مـل و سـینگییدا.

کەسـێك خەریکـە ئـاوی باخچـەکان دەدات، بـێ ئـەوە خـۆت بـە خـۆت بزانیـت گوێـت لەخـوڕە خـوڕی ئاوەکـە هەڵخسـتووە. نیـگات لکاوەتـە تابڵۆکـە... چەنـد دڵۆپـە ئەسریـن دەتکێتـە نێـو ئـاوی تەشـتەکە و ژنـەی نێـوان تابڵۆەکـە بـەرز پێدەکەنێـت.

لـە ناخـی ئـەو تابڵۆیـەدا ، لەنێـوان بەلەمێـك، لەسـەر زەریایەکـی شـین و بـێ هاوتـا و شـەوئالوود دانیشـتوومە و پرچـە درێژەکانـم شـانە دەکـەم. پـڕ بـە دەم پێدەکەنـم و سـەیری هەمـوو دونیـا دەکـەم، بەچـاوە درشـتە پـڕ ورشـەکانمەوە بەتایبـەت سـەیری تـۆ دەکـەم کـە بـەردەوام بـە گوێمـدا دەچپێنیـت›› ئـااه نـازە گیـان، ئـااه... ئەوەتـا منیـش لێـرەم، لـە نێـوان بەلەمەکـەدام، سـەیرم بکـە دەی بـۆم بڕوانـە... ئـااه نـازە گیـان ئـااااه››

سنه له شووقه‌ی ۸۹ دا

پیاوێـک لـە ژێـر ئـاوی زەریایەکـدا بـە خەمێکـی قوولـەوە لـە گـەڵ پەرییەکـی پاکیـزەدا جـووت دەبێـت و پاشـان هـەوڵ دەدات خـۆی لـەو زەریاییـە ڕزگار بـکات.

پیـاو هەمـوو ڕۆژ و شـەوێک لـە گەڕاندایـە بەڵکـوو خـۆی بگەیێنێتـە سـەر زەویـن وهاوکاتیـش لـە خەیانـەت و بـێ وەفاییەکانـی خۆشەویسـتە هەڵاتووەکەییـەوە دەدوێـت و خـۆی بـە خـۆی نازانێـت کـە ماسـییەکان دەتوانـن دەنگـی ئـەم ببیسـن ولـە قسـەکانی تێبگـەن....

پیاوەکـە جاروبـار خـۆی دەخزێنێتـە مەغارێکـی زەریاییـەوە و لـە هەمـان کاتـدا خـەون بـە دڵـدارە خاینەکەیـەوە دەبینیـت و پرمـە پرمـی گریانەکانـی ئـاوی زەریاکـە لێـڵ دەکـەن و ماسـییەکان لـە خـۆ تـووڕە دەکات . ئـەو پێـی وایـە هەنـدێ کات خۆشەویسـتە هەڵاتووەکـەی لـەو زەریایـەدا مەلـە دەکات ، هەڵبـەت نـە بـە تەنیـا بەڵکـوو لەگـەڵ ماشـقە فریوکارەکەیـدا دێنـە ئوقیانووسـەکە و پێکـەوە مەلـە دەکـەن ، بۆیـە هەسـت دەکات هەنـدێ کات دەنگیـان دەبیسـت ، دەنگـی قاقـا و پێکەنینیـان و ئەمیـش بـە تووڕەیەکـی ئێگجـار زۆرەوە هەوڵـدەدات ئـەو دوو خاینـە بدۆزێتـەوە.

زۆربـەی کات وێنـە خەمکینەکـەی پیاوەکـە دەکەوێتـە تاقی ئاسـمانی پەرییەکـی پاکیـزەوە و پەلـەوەرە عاشـقەکانی زەریـای لـێ رادەمێنـن. پەریـە پاکیزەکـە هـەر تێنـاگات کـەی و لـە سـەر چـی عاشـقی پیـاوە

سـەرگەردانەکەی ئـەو زەریایـە بـووە.

پیاوەکـە جـار و بـار لـە ئەشـکەوتێکی ئـەو زەریایـە ، لـە دڵـی تاریکاییـدا لـە گـەڵ پەریـە پاکیزەکـەدا جـووت دەبێـت و دیسانەوە لـە سـەر خـۆ، ئـارام وئەهـوەن دەگریـت و نیـگای دەلکێنێتـە سـەر دەمانچـە کۆنەکـەی کـە لـە سـەر تاشـەبەردێکی زەریاییـەوە سـاڵگارێکە وەکـوو خـۆی ماوەتـەوە . هەمـوو کاتێـک کـە نیـگای پیاوەکـە دەچێتـە سـەر دەمانچەکـە نـاکاو تـووڕە دەبێـت و سـەیری وێنەکـەی خـۆی دەکات لـە سـەر ئاسـمانی پەرییەکـی پاکیـزە و هـەوڵ دەدات وێنەکـەی دابەزێنێـت و هەپـرروون هەپرروونـی بـکات و ماسییەکانیش ئـاااه کـە ماسـییەکان شـایەتەحاڵی هەمـوو شـتێکن لـەو زەریاییـەدا.

پیاوەکـە جـار وبـار دەبێتـە ‹‹نپتـۆن›› و بـە پرمـە پرمـی گریانەکانـی زەوینـی سـەر هـەر دوو شـانی دەلەرێنێتـەوە:›› تکایـە دڵـدارە هەڵاتووەکـەم وەرەوە ....تکایـە وەرەوە ...ئێسـتاکە مـن بوومەتـە خوداییـەک هـەر دەبـێ بگەڕیتـەوە لام ...تـۆ بگەڕێیەوە ئـەی دڵداری خاینـی مـن»....و دڵۆپـە ئەسرینەکانـی دادەوەرێنێتـە سـەر پرچـە زیوینەکانـی پەرییەکـی پاکیـزەوە کـە لـە مەغارێکـی نیوەتاریکـی زەریاییـدا دیـل کـراوە و شـەوان پیاوەکـە لـە گەڵیـدا جـووت دەبێـت و لەهەمـان کاتیشـدا بـێ تاقەتـی دڵـدارە خایینەکـەی دەبێـت کـە لـە سـەر زەوینـدا یـان لـە گۆشـەی ئاسـماندا یـان لـە نێـوان ئاگـردا یـان لـە زەریـا وئوقیانووسـدا لەگـەڵ ماشـقەکەی خەریکـی مەلـە کردنـە.

هەنـدێ جاریـش پیاوەکـە دەبێتـە ‹‹ترمێـس›› و لـە جیاتـی ئـەوە کـە گەردەلـووڵ هەڵبـکات زەریاکـە لـە سـەر شـانەکانی ڕادەگرێـت و تاوێکیـش گریـان و تاوێکیـش نیـگای لـە سـەر دەمانچـە کۆنەکـە

و تاوێکیش....ماسـییەکان دەقیژێنـن، بـە گشـتی دەقیژێنـن و ئـاوی زەریاکـە لێـڵ دەبێـت  و زەریـای سەرشـانەکانی پیاوەکـە دەلەرێتـەوە و گەردەلـووڵ هەڵـدەکات و دەمانچەکـە و زەویـن و ماسـییەکان و پیاوێـک کـە بـەردەوام دەگریـت.....

سنه له شووقه‌ی ۸۹ دا

بریـا دانەیـەک لـە قاچەکانـم دەبڕییـەوە و لـەوێ دامدەخسـت تاکـوو دوایـی چیرۆکەکـەم بـۆ بگێڕێتەوە.

قاچـی لا راسـتم گوتـی: ‹›چاکـت کـرد منـت نەبڕییەوە،ئەگینـا چـۆن شـەلە شـەل خـۆت دەگەیانـدە ئێـرە .››

 قاچـی لا چەپـم گوتـی: ‹›یـان مـن ، ئەگـەر منـت بڕیبایـێ هیچـکات نەدەگەیشـتیتە ماڵـەوە، ئینجـا گێـڕە گێـر و لارە لار.››

چـاوی چەپـم گوتـی: ‹›تـۆ تەنیـا غـەدرت لـە مـن کـرد تەنیـا لـە مـن ..ئـەی کـوا ، کوانـێ درێـژەی چیرۆکەکـە هـاا چـۆن نەتتوانـی لـەو نهێنییـە تێبگەییـت ..هـەی بـە لەحنـەت بیـت هـەی....››

هیچـکات نەمتوانـی لـەو نهێنییـە تێبگـەم ، هەڵـە بـووم کـە پێـش لـەوە دەربکرێـم چـاوی ڕاسـتم دەرهێنا و خسـتمە ژێر سـەندەڵییەکە تاکـوو دواتـر هەمـوو شـتێکم بـۆ بگێڕێتـەوە. پارچـە قوماشـێکم خسـتە سـەر برینەکـە و کاسـە چـاوە خوێنینەکـەم داپۆشـی و لـە پلیکانـەکان هاتمـە خـوارێ.

گوتـت:» ئـەوە چـاوت چـی لـێ هاتـووە؟ چ ڕوویـداوە، بێرانـی بزانـم.»

گوتم :»هیچ نییە ،تۆزێک خوێنی تێزاوە ئەم چاوەم»

گوتت:››کەوایە ئیشێکی چاکت کردوە››

ڕۆیشـتم، بـەس چـاوم لـە ژێـر سـەندەڵییەکە بـە جـێ هێشـتبوو. پاش حەوتەیـەک کـە مەترسـیم لـە سـەردا نەمـا گەڕامـەوە و خێـڕا چوومـە

سـەر سـەندەڵییەکەی دیوەخـان، خـۆم دانەوانـد تاکـوو سـەیری بکـەم و بزانـم چاوەکـەم چیـم بـۆ دەگێڕێتـەوە، بـەس چاوەکـە نەمـا بـوو. لـەوێ نەبوو.نەمااااااابووووو.

ڕووم لێـت کـرد و گوتم:»کـە مـن نەبـووم کـێ ئێرەیـە خاوێـن کردووەتــەوە؟»

گوتت:»خۆم....جوان خاوێن بووەتەوە هاااا...»

چـاوی چەپـم زریکانـدی... زریکاندی....بـە پەلـە دەسـتم خسـتە سـەری و بـە چپـەوە گوتم:››وسـت بـە وسسسسـت››

ئێسـتاکە لـەو ڕۆژەوە لـە دووی چـاوی ڕاسـتمدا دەگەڕێـم و کـون و کونبنـی ئـەم خانوومـە هەڵداوەتـەوە بەڵکـوو خلێـر بـوو بێتـە شـوێنێکەوە...کۆڵانیش، تەنانـەت هەمـوو زبڵدانەکانـی شـاریش گـەڕاوم، بـەس سـوودێکی نییـە، چاوەکـەم هـەر نەمـاوە.

بەینێکـە بیسـتوومە زبڵـەکان دەڕژێننـە ئوقیانووسـەکانەوە. فەتریەکە داویـە لـە سـەرم بـڕۆم و ئوقیانووسـیش بگەڕێـم ، بەڵکـوو چـاوی ڕاسـتم بدۆزمـەوە ، لـە هـەر کـوێ بێـت دەیدۆزمـەوە و درێـژەی چیرۆکەکـەی لـێ دەپرسـمەوە و لـەو نهێنیـە تێدەگـەم.

دەمهەوێـت بزانـم رێـک لـەو ڕۆژەدا چـۆن ئەوانـە یەکییـان گـرت و لەسـەرچی پێکهاتـن و چییـان گـوت و چییـان بیسـت کـە تاکوو ئێسـتا هـەر بەردەوامـن و هەبوونیـان هەیـە . مـن دەچمـە ئوقیانـووس و چـاوی ڕاسـتم دەدۆزمـەوە و درێـژەی چیرۆکەکـەی لـێ پرسـیار دەکـەم. لەوانەیـە چـاوم چووەتـە قوڕگـی ماسـییەکی زلـەوە، وەکـوو وێنسـی پیـرۆز کـە ماسـییە زلەکـە خـواردی بـەس بـە زیندوویـی لـە زگـی ماسـییەکەدا ڕزگار بـوو. ئەگـەر وابێـت چـاوی ڕاسـتم وەکـوو

وێنسـی پیـرۆز  چیرۆکـی زۆری پێیـە. حـەزم لـە چیرۆکـە ،بەتایبـەت چیرۆکـی ئەوانـە کـە نزیکـن لـە ڕاسـتییەکان، ئـەو چیرۆکانـە کـە لـە دونیـای واقیعـدا ڕوو دەدەن. چیرۆکـی مرۆڤـەکان. ئـەو مرۆڤانـە کـە لـە شـەڕەکاندا دەکوژرێـن بـەڵام کـۆڵ نـادەن شـەیتانەکان. ڕێـک لـە چەشـنی وێنسـی پیـرۆز  چـاوی ڕاسـتم چیرۆکـی زۆری پێیـە.......

سنه له شووقه‌ی ٨٩ دا

ســەرەتا تێنەگەیشــتم...ڕووو لــە ئاوێنــە قەدیەکــەی ژوورەکــەم ڕاوەســتام و دەســتم کــردە خەملانــدی دەم وچــاوم. هێــدی، هێــدی دیمەنێکــی لێــڵ لــە ناخــی ئاوێنەکــەوە دەرکــەوت. جەماوەرێــک بــوون، شــتێکیان پەلکێــش دەکــرد ، بــەس بــە بێدەنگــی. دیمەنێکــی خوێنــاوی بــوو چرکــە لــە دوای چرکــە لێــم دیارتــر دەبــوون بێدەنــگ و ســەر ســوورِ هێنــەر ســەیرم دەکــرد. جەماوەرێــک ژنێکیــان کردبــووە کێــش، بــە لەقــە و نووکــە چەقــۆ خوڵپانــی خوێنیــان کردبــوو.

«پــەرێ» یــان بەســتبووە کۆڵەکــە دارینەکــەی ژێرخانــی قوتابخانــەدا. لێیــان دەدا. ئەشــکەنجەیان دەکــرد و لێیــان دەدا. کــەس نەیزانــی بــە چــی لێیــان دا بــوو کــە پــاش ٣ ڕۆژ پــەرێ مرد.کاتــێ کــە بردیانــەوە بــۆ ماڵــی باوکــی خوڵپانــی خوێــن کــرا بــوو . لــە ماڵــی باوکیــدا پــاش ئــەو ســێ ڕۆژە ڕەشــە مــرد. بێدەنــگ و ئــارام ســەری نایــەوە و مــرد. لــەو ڕۆژەدا کــە پەرێیــان بــە ناحــەق تاوانبــار کــرد ، مــن لــە ســەری هاتمــە جــواب، بــەس مدیرەکەمــان دوو زللــەی دا بــە نــاو دەممــدا ومامۆســتای وەرزشەکەشــمان مەچکمــی وا گووشــی کــە وەختــە بــوو دڵــم بتۆقــێ.

بەرانبــەر بــەو ئاوێنــە ڕاوەســتا بــووم کــە بــە دیتنــی ئــەو دیمەنــە دڵم کەوتــە لێــدان و ســووراوەکە لــە دەســتم داکــەوت. لــە ژهنەکەیــان دەدا، ژنــە دەمــی بــاز و بەســتە دەکــردەوە. بــەردەوام لێیــان دەدا،

دەنـگ نەبـوو. خـۆم بـەرەو دیمەنەکـە دانەوانـد و بـە ڕامـان و دڵـە کوتـەوە بـۆ ناخـی ئاوێنەکـە ڕوانیمـەوە. دەم و چـاوی ژنـە خوڵپانـی خوێـن کـرا بـوون، دیسـان سـەیرم کردەوە،بـە رامانێکـی زۆرتـرەوە.. ‹›ئـەی هـااااوار ....ئـەوە یانـێ چـی ئاخر..سـەیر سـەیر ئـەو ژنـە بەسـتزمانە کراسـە رەشـەکەی منـی لـە بەردایـە ، شـتی وا چـۆن دەبێـت ئاخـر ....››

ناکاو زریکە لە پەراسوی ڕاستمەوە بەرزەوە بوو. گوتم:»ئااااخ››

مـن و هاوپۆلـەکان گوێـمان لـە قیـژە ، قیـژی «پـەرێ» یـەوە بـوو کـە هـاواری دەکـرد و دەپاڕایـەوە . پەراسـوی « پەرێ»یـان شـکاندبوو، تەنیـا لـە سـەر دوو قوپچـەی کراسـەکەی کـە بـەرەو مامۆسـتای وەرزشـەکەمان کـرا بـووەوە بـێ ئـەوە خـۆی ئـاگای لـێ بووبێـت. پـەرێ لـە ئەنقەسـت سـینک و مەمکـی خـۆی نەخسـتبوە دەرەوە و لـە کاتـی وەرزشـدا وای لێهاتبـوو . مامۆسـتا چـاوی کەتبـووە لیمـوە کاڵەکانـی پەرێیـەوە و ئێختیـاری پـێ نەمـا و لـە بـەر چـاوی هەمووانـەوە پەلامـاری دا و دەمـی خسـتە نێـو دەم پەرێیـەوە . مودیـر و ڕێکخـەری قوتابخانەکەمـان تەنیـا لـە بـەر ئـەوە کـە حەیـای خۆیـان و مامۆسـتای وەرزش و قوتابخانەکەمـان نـەڕوات بـە هەموویانـەوە پەرێیـان کـردە تاوانبـار و خسـتیانە ژێرخانـی قوتابخانەکـە و پێکـەوە لێـی بـەر بـوون. وایـان لێـدا کـە ئیـدی هەرگیـز نەیتوانـی ئـەو بەسـەرهاتەی بـۆ کـەس بگێڕێتـەوە . پـەرێ پـاش سـێ ڕۆژ مـرد وسـەری نایـەوە.

لـە ناخـی ئاوێنەکـەوە هەمدیسـان ئـەو ژنـەم بەرچـاوم کەوتـەوە؛ دەمـی بـاز وبەسـتە دەکـردەوە ، دەتگـوت دەیهەوێـت شـتێکم پـێ

بڵێـت... بـەڵام منیـش بەڕاسـت دەمـم بـە ئـاوەڵا مابـووەوە چوونکـە ئــەو ژنــە زۆۆر لــە مــن دەچــوو ....ئـاااخ ...زریکـە لـە تەوقـی سـەرمەوە بـەرزەوە بـوو ، ئاوێنەکـەم شـەپۆلێکی نادیـاری پێیـەوە دەرکـەوت.

پـەرێ دەیقیژانـد و جنێـوی دەدا و هەڕەشـەی دەکـرد و مامۆسـتا ومدیرەکەمـان لێیـان دەدا. ڕێکخەریـش لـە بـەر دەرگای ژێرخانەکـەدا ئیشـکی دەکیسـا کـە نـەکات کەسـمان بڕواتـە هانـای پەرێیـەوە.

ژنێکیـان لـە ئاوێنەکـەی منـدا خوڵپانـی خوێـن کردبـوو کـە زۆر لـە منـی دەکـرد، قـەد وبـاڵا ودەم وچـاوی ، دەتگـوت لفـە دوانەیـن.

مۆبایلەکــەم زەنگــی لێــدا ، ئاوێنــەم بــە جــێ هێشــت و ڕامکــرد و گووشــیەکەم لــە ســەر قەرەوێڵەکــەم هەڵگــرت و ویســتم وڵام بدەمـەوە بـەس تەنیـا بـێ ئێختیـار دەمـم بـاز و بەسـتە دەکـرد و دەنگــم نەدەڕۆیشــت. هەســتم دەکــرد چیــدی دەنگــم لێیــەوە دەرنایـەت ئیـدی چاوێکـم لـە ئاوێنەکـەی ئـەو پـەڕی ژوورەکـەم و چاوێکـم لـە مۆبایلەکـەم و چاوێکـم لـە سـەر دیمەنـی خـۆم یـان ئـەو ژنـە ڕەش پۆشـە کـە لـە ئاوێنەکەمـدا خوڵپانـی خوێـن کـرا بـوو و چاوێکـم لـە مامۆسـتای وەرزشـەکەمان و چاوێکـم لـە لیمـووە کاڵەکانـی پـەرێ و چاوێکـم لـە چـوار قوپچـەی ئـاوەڵا و چاوێکـم لـە جەماوەرێـک کـە خەریـک بـوون ژنـە ڕەشپۆشـێکیان پەلکێـش دەکـرد ، بـوو و چیـم هـەوڵ دەدا تاکـوو بڵێـم ‹‹پەرێیـان بـە ناحـەق کوشـت›› نەدەکـرا و نەمدەتوانـی چوونکـە پـاش سـێ ڕۆژ پـەرێ لـە ماڵـی باوکیـدا مـرد و منیـش

دەستم بە ڕوومدا هێنا ، ڕوومەتم خوڵپانی خوێن کرا بوو.

سنه له شووقه‌ی ۸۹ دا

کـەس نەیزانـی کـێ بـوو و لـە چ ڕێگایەکـەوە هەڵوەکـەی خسـتە داوی ئـەو ئـاورە. هەمـان ئـاور کـە لـە جەنگـەڵ هەڵکـرا و کەسـیش هـەر نەیزانـی جەنگەڵەکـە چۆناوچـۆن و لـە چ ڕێگایەکـەوە کەوتـە داوی ئاورەکـەوە. ئایـا ئاورەکـە لـە ئەنقەسـت و بـە دەسـتی مـرۆڤ هەڵکـرا یـان خـود دارەکانـی دارسـتان کـۆ بوونـەوە و پێکـەوە پەیکێـک شـەراویان هەڵقوڕانـد بـوو و پاشـان جگەرەیەکیـان داگیرسـاند بـوو و دوایـی پێکـەوە دەستیان کـرد بـووە گاڵتـە و گەپـەوە؟

لەوانەیـە دارەکان مەسـتیان کـرد بێـت و نـاکاو بـە دەم جگـەرە کێشـانەوە قسـەیان لـە یەکـتر گیـری کـردووە و لەوانەیـە نـاکاو جگەرەکەیـان تـووڕ دابێتـە سـووچێکەوە و چەقۆیـان کێشـا بێـت لـە یەکـتر و بـە نـەڕە نـەڕ لەیـەک بـەر بوونـە و لەوانەیـە هـەر بـە خۆیـان نەیانزانیبێـت کـە چۆناوچـۆن ئاوریـان لـە جەنگـەڵ بـەرداوە و ئـەو هەڵـوە بـەرزە فڕەیـان بـەو شـێوەیە خستووەتە داوی ئـاوری جگەرەکانیانـەوە. لەوانەیـە کـە دارە مەسـتەکان کاتێـک لـە کارەسـاتەکە تێگەیشـتبێتن کـە ئـاور لـە جەسـتەی خۆیانیـش بـەر بـوو بێت...ئـاای کـە هەڵوەکـە خـراپ کەوتبـووە داوی ئاورەکـەوە. یـان ئایـا ئەگـەر لـە ئەنقەسـت مرۆڤێـک ئاورەکـەی بەردابێتـە داوێنی دارسـتانەکەوە چی...هااا...ئـەوە چۆن هەڵدەسـەنگێنیت هاا؟

هـەر ئـەوە نەبێـت کـە دارەکان خەریـک بـوون لـە قرچـەی ئـاوردا

ببنـە خوڵەمێـش و هەڵـوە بەرزەفڕەکەیـش دەربـاز بوونـی لا خەیـاڵ بـوو ، ئیـدی کەوتبـووە داوی ئاورەکـەوە....
بەداخـەوە کـە ئاورەکـە هەڵیکردبـوو بـە قـەد بـاڵای جگەرەیەکـی مەسـتی داگیرسـاو و دارسـتانێک و هەمـوو دڵـە سـووتاوەکانی مرۆڤـە دڵسـۆزەکان.

ئەو هەموو شاخە

دەستی ڕاستی ڕێبوارەکە گوتی:›› من پێشتر هەوساری ماینێکی سپیم پێ بوو غارم دەدا لە دەشت و شاخدا.››
جادەکە گوتی:›› ئەی ئێستا چی؟ ئێستات گرینگە، داشتەم ، داشتەم حسێبی بۆ ناکرێت ، دیرم ، دیرم حسێبە.››
دەستی ڕاست گوتییەوە:›› لە ئێستادا تەنیا چەترێکم پێیە بۆ پاڕاستنی خۆم لە بارانی بەهاری.››
هەر دووقاچەکەی ڕێبوارەکە پێکەوە گوتیان: ‹›ڕێگامان لە بەرە، ڕێگا دەپێوین، پێشتر بە ماینە سپیەکە و ئێستاش خۆمان ناچارین غاری لێبدەین لەبەر بارانە بەهارییەکەوە تاکوو پێڵاوەکانمان تەڕ نەبن.»
دەستی چەپ گوتی: ‹›فرت وفێڵن ئێوە...نەکا مەبەستتان لە ماینی سپی، هێسترە لەڕەکەی ئاغایە، زاوتەکان کرد بوویانە دەرەوە بەڵکوو گورگ بیخوات بەڵام بەرێکەوت دەستی ئێمە کەوت و سوواری بووین.››
جادەکە دەنگی نێرەوە کرد وگوتی: ‹›تۆ خۆ ئێستا هیچت بە دەستەوە نییە جگە لە جانتایەکی هەزار کارە و هەزار ڕەنگە، ئەرێ چی تێدایە ئەو جانتایە؟ بۆ کوێی دەبەیت و مەبەستت لەو جانتایە چییە؟ هەڵە نەبم خڕینگەیەکم لێیەوە بیست.››
دەستی چەپ گوتییەوە: ‹›هێشتاکە تەقەی کڵاشینکۆفەکەم دێتە گوێی هەمووواندا هێشتاکە ... سەیر ،سەیر چ تەقەیەکە سەیرە .»

هـەردوو قاچەکـە بـە دەم گۆرانـی گوتنـەوە  رێگاکەیـان دەپێـوا:››
هـۆی خاڵـۆ ڕێبوار...ئامـان خاڵـۆ رێبـوار.»
دارەکان بە دەم قاقاوە لە چەپڵەیان دا.

## ناوی کتێبە چاپکراوەکانیماڵی کتێب:

١ـ کتێبی ئەلف ـ دەقی ٣٢ شاعیر
٢ـ ١٠٠ شنەی ئەوین ـ شیعر ـ هێمن زەندی
٣ـ کە پیاو عاشق دەبێ، لە ڕاوچییەوە دەبێتە نێچیر ـ ئەفۆریزم ـ زانا خەلیل
٤ـ بەدەم ئازارەوە سەما ـ شیعر ـ سەروین دەروێش
٥ـ ئاژاوەی با ـ شیعر ـ سمکۆ محەمەد
٦ـ چۆڵ نییە دڵم، پڕ پڕە لە تۆ ـ شیعر ـ ئازا حەسیب
٧ـ چەترێک بۆ سێبەرەکەم دەکڕم ـ شیعر ـ هێرش یاسین
٨ـ کلب فی دمی ـ شیعر ـ زانا خەلیل ـ و.نیهاد نەجاڕ
٩ـ خزامە باوەشی و پێکەنیم ـ شیعر ـ ئاریانا ئیبراهیم
١٠ـ وەک سێبەر لە تاریکیدا بزر دەبم ـ شیعر ـ بێکەس حەمە قادر
١١ـ ئەستێرەی ژەنیار ـ ڕۆمان ـ دڵزار حەسەن
١٢ـ دەقی تەمەن ـ شیعر ـ ناڵە حەسەن
١٣ـ التناص و الایحاء فی الروایه العراقیه ـ ڕەخنە ـ سەباح هورمز
١٤ـ ژن ژیان دەنووسێتەوە ـ شیعر ـ دەقی ٨١ ژنی کوردستان
١٥ـ داستانی سەفەر ـ ڕۆمان ـ باهۆز مستەفا
١٦ـ وەرزی بێ نیشان ـ شیعر ـ گوڵستان وەلییە
١٧ـ النهوض ـ شیعر ـ سامی شۆڕش ـ و. نیهاد نەجاڕ
١٨ـ نۆبەرەی مەرگم دیت ـ چیرۆک ـ دلشاد کاوانی
١٩ـ خۆڵم بەسەر خەوندا کرد ـ شیعر ـ هاوژین حەسەن
٢٠ـ وێستگەی میترۆ ٢٢ساڵ چاوەڕوانی ـ چیرۆک ـ باهۆز مستەفا
٢١ـ کۆڕۆنا ـ یادەوەری و وتار ـ شۆڕش غەفووری
٢٢ـ سترانی کۆچ ـ شیعر ـ سافی مەلازادە
٢٣ـ بە ڕووتی گۆرانی دەڵێم ـ شیعر ـ سامان گەردی
٢٤ ـ لەیلا دەچێتە بەهەشت ـ نۆڤلێت ـ سکاڵا سەردار
٢٥ ـ لۆژیکی ڕەخنەگرتن ـ ڕەخنەی ئەدەبی ـ غەمگین خدر
٢٦ ـ ئەودیو بێدەنگی ـ ڕۆمان ـ هیوا پشتیوان
٢٧ ـ کەپری با ـ شیعر ـ ئەحمەد مستەفا
٢٨ ـ دوعاکانی بەر باران ـ شیعر ـ بڵیند باجەلان
٢٩ ـ هاوڕێی پێنووس ـ شیعری منداڵان ـ ڕۆستەم خامۆش
٣٠ ـ سەرم بازاڕی ئەنتیکەخانەیە ـ شیعر ـ ڕۆستەم عەزیز
٣١ ـ سنە لە شووقەی ٨٩ دا ـ کۆمەڵە چیرۆک ـ زەینەب یووسفی
٣٢ ـ ئەفسانەی مانگ ـ کۆمەڵە چیرۆک ـ عادل قەرەداغی
٣٣ ـ پانزە چرکە ـ شانۆنامە ـ فرانسوا ئاغشەمبوو ـ بۆ کوردی: عەبدواڵ سلێمان
٣٤ ـ ئەی ئومێدی نائومێدییەکانی من ـ شیعری فەریدون موشیری ـ ئازاد وەڵەدبەگی
٣٥ ـ ئەو پەنجەرا نە شکەستی ـ شیعر ـ ئەلەند بەنگین